# جیهانی منالاًن

## گۆڤارێكی فەلسەفی، ئەدەبی و هونەریە دەربارەی منالاًن

## ژمـاره 12



ئەفسانەی یاساو رِیَسای ئەوساو ئیَستای زریَوار و مەریوان و قەبری دەرویش و
بەرهەمی خۆشەویستی خوشك و برایەك لەژیَر دەستەلاًتی حكوومەتی عەدلی ئیللاهی دا ؟!

www.jihanimindalan.just.nu

# تێـــبیـــنی

لەبەر ئەوەی میزانی ئەرکی مەعنەوی و مادی گشت ئەندامان و پشتیوانان و یارمەتیدەرانی یانەی سارا و گۆڤاری جیهانی منداڵان بە ڕوون و ئاشکرایی دیار و بەرچاو بێت، بە پێویستمان زانی یارمەتی دەر و یارمەتی وەرگری یانەکانمان چ لە سنە و چ لە سەقز ئاوەها بە ڕێك و پێکی بە یەکتری بناسێنم، تا یارمەتیدەرە بزانێ یارمەتییەکەی بەکێ دراوە. هەر وەهایش یارمەتیوەرگر بزانێ ئەو یارمەتییەی بۆ ئەو تەرخان کراوە چەندەیە، و کێ بۆی تەرخان کردوە.

| | |
|---|---|
| جەعفەر کەریمی | سەباح عەرەب لەنگ |

| | |
|---|---|
| <br>ئازاد عەزیز |  <br>هۆزان و سۆزان |
| هیوا عەزیز |  <br>شنۆ و پرشنگ عەلی مورادی |
|  ملکی |  ئانیتا |
|  تاها خوسرەوی |  شەمسی |
| <br>عەلی کیتابی |  مەریەم |
|  سیسیلیا Sicilia |  شیوا |



**Föreningssparbanken/Göteborg**

**Bankgiro 5469-4922**

Tel: +46 (0) 31-3302030
+46 73 7141055

# جیهانی منداڵان

## گۆڤارێکی فەلسەفی، ئەدەبی و هونەریە



سەرنووسەر

**عەلی کیتابی**

مۆنتاژکارو بەرپرسی ئابوری

**شەهاب مەنمی**

**جیهانی منداڵان**

گۆڤارێکی وەرزیەولە سوێد دەرئەکرێ و

لە کوردستان دووبارە چاپدەکرێتەوە

به زۆری لەسەر CD و ماڵپەڕی جیهانی منداڵان ... بڵاو دەکرێتەوە

**به تایبەتیش بۆ پشتیوانان و یارمەتی دەران چاپ دەکرێت**

**لیستەی پشتیوانان و هاوكاران و خوێنەرانی گۆڤاری جیهانی منداڵان و یانەی سارای سەیار لەشاری سەقزو بۆكان لەرۆژهەڵاتیكوردستان،بۆژمارەی12ی ئەم گۆڤارە لە وەرزی زستانی، ساڵی 2005میلادی 1383 هەتاوی ا.**

## واتە دەخڵ و خەرجی 3 مانگە

++++++++++++++++++++++++++++++++

1- ئازاد عەزیز ............................ **600**

2- هیوا عەزیز و دایكی ئامانج..........600

3- كاوە ئەڵماسی ......................420

4- م- جەعفەر كەریمی.................400

5- لالۆ بیارەیی...........................150

6- بیهجەت سەلیمی....................390

7- .خوشكە هاینە......................150

8- .. دادە ئامینە ......................150

9- حەمەی ئەسڵانی.....................100,

10- خوشكە سیسیلیا..................300

11- هۆشیار تاجری.....................150

12- عەلی خدری.........................200

13- خوشكە هاینە.....................150

14 = دیلان مەنمی.......................150

================================

## نـــــــاوەرۆك


**لاپەڕ بابەت نووسەر**

5-ئەفسانەب گۆلی زرێبارو قەبریدەرویش ع.ك

6= دیاردەی**Incest**..........شەهاب مەنمی

8-بەسەرهاتی كچێكی كورد. كلسوم نەقشبندی

11- بۆ میدیاكان...............فەرزین هەورامی

13- چاوشاركێ.................سەردار عەبوڵا

15- شیعری ئەوین......... ئەنوەر ڕەشی عەوڵا

16- چمكێك لە ڕۆمانی سارا..... عەلی كیتابی

32- چیرۆكە شیعری مانگ گیران مەلاڕەحمان

33= شیعری یەهودا ...؟............ نەكەرۆز

34- سەفەرو باوكم و كچەكەم.... بەكر ئەحمەد

36- تاڵترین شەكراو.................. نەكەرۆز

38- موعجیزە سەرچاوە كتێبی قصص الانبیا

40- تۆڕی ئەهریمەن............ باوكی خاوەر

41- پاسەوانی مەرگ................ ع كیتابی

42- دیمانە و وتوویژ = ش مەنمی و ع كتابی

43- نامەیەكی بچكۆلە.......... ئاسۆ بیارەیی

44= وتاری چارلی چاپلین لە فیلمی دیكتاتۆر

45= جەدوەلی دەخڵ و خەرجی یانەی سارای منداڵان لە شاری سنە ............دایكی هەژار


## مـــــەرج

و بەردی بناغەی یانەی ساراو ئۆرگانەكەی كە ئەم گۆڤارەیە تەنیا ئەم چەند خاڵانەی خوارەوەیە: نووسەران و دەستەی نووسەران و پشتیوانانی، ئەو نووسین و بەرهەمانەی كە بۆ ئەم گۆڤارەی دەنووسن و دەنێرن، نابێ هیچ جۆرە بۆن و بەرامەیەكی سیاسی، حیزبی مەزهەبی و ڕەگەز پەرستی پێوە بێ. بەڵام ئەمە بەو مانایە نیەو مرۆڤە سیاسی و حیزبی و نەتەوەیێیە سادق و سالم و ساكارەكان لەم كارە پیرۆزە بێبەشكەین.. مەبەستی سەرەكی ئێمە ئەوەیە بە وریایی‌و بە دەربەس پاسەوانی درگای ماڵی خۆمان بین و نەیەڵین جاسووسانی چاوچنۆكی سیاسی و حیزبی و مەزهەبی خۆیان بخزێننە ناومان یان بەقازانجی سیاسەتەكانیان بەكارمان بێنن، وەیان بە هەڵە و لارێماندا بەرن. هەڵماندێرن. لەماوەی تەمەنی ئەم نیهادەوە تاك و تووك هاتوونەتە ناومان بەڵام بە ناكامی‌وناچاری پاشە كشێیان كردووە. **گ.ج.م**

**دەخڵ و خەرجمان جێگای سەرنجە!**

دەخڵ 3760 و خەرج 9300 كرۆن

## خوێنەرانـــــــــی هێژا

من كە بەرپرسیاری ئابووری گۆڤارەكەم، پێم خۆشە كە لەسەرەتای دەرچونی هەر ژمارەیەكدا، لێكۆڵینەوەیەكی ئابوری بكەم بۆ ڕوونكردنەوەی دەخل و خەرجی وەرزەكە. تا بۆ خوێنەرو یارمەتیدەرانی گۆڤارەكە ڕوون بێت كە دەخل و خەرجی گۆڤارەكەو یانەی سارا تێكرا لە سەقز و سنەدا چەنێكە. لەم سێمانگەدا3760كرۆن یارمەتی و پارەی فرۆشی گۆڤارەكە و باقی بەرهەمەكانی كاك عەلی بووە، 733 كرۆن خەرجی جەوهەر وكاغەز و **CD** لەم وەرزەدا واتە 3 مانگەی پایز 2004بووە، و خەرجی یانەی سارا 9300 كرۆن بووە، ئەمە جگە لە پارەی تەلەفۆن و فاكس بۆگشت خۆشەویستانی گۆڤارەكەو هتد.

تێ بی نی: خەرجی تەلەفۆن دەرسەدی ئەرك و كۆمەكی دارایی یانەی سارا (وێرای هەموو زەحمەتەكان) تەنیا لەلایەن مامۆستا (عەلی كیتابی) وە بووە.

**شەهاب مەنمی**

20 9 2004

================================

ئازیـــــــزان

بۆ سەلماندن و دڵنیایی دڵسۆزان و یارمەتی دەران و پشتیوانان و خوێنەرانی گۆڤارەكەو یانەی سارای سەییار لەسەقز و سنە و هەر وەها گۆڤارەكەیش لە كیشوەری سوێد ئێمە لە سەرەتاو كۆتایی هەمو ژمارەیەكدا گشت دەخڵ و خەرجمان بە وردی چاپ و بڵاو دەكەینەوە، بۆ ئەوەی ئەم (زەرفە) وەك ئاوێنەیەكی بێگەرد،هەست ودڵسۆزی گشت ئێوەی تێدا دیار بێت و نەیارانمان نەتوانن خۆیتێخزێنن، لەم بوارەدا بە كەیفی خۆیان ئاو لێڵ كەن و ماسی بۆخۆیان بگرن.

ئەوەی تا ئێستا باسی لێوە نەكراوە زەحمەتی بێسنوور و هەزینەی بەنزین و ئیستهلاك و فەرسودە بوونی سەیارەكەی كاك شەهاب بووە كە ناگونجێ لەگەڵ پارە بەراوردی‌كەین.

**گ.ج.م**

## ئەفسانەی یاساو ڕێسای ئەوساو ئێستای زریوار و مەریوان و قەبری دەرویش و بەرهەمی خۆشەویستی خوشك و برایەك لەژێر دەستەڵاتی حکومەتی عەدلی ئیلاهی دا ؟!



شەو درەنگانێك دەرویش بە پەشم و ریش و کەشکۆڵ و شمشێر و زەرگ و دەف ... کەرو هاوسەری هەردوو ئاوسیەوە، ڕێی دەکەوێتە بەردەرکی قەڵای شاری پێتەختی فەیلەقووس.

بۆ بەدبەختی دەکەوێتە ناو بۆسەی پاسەوانانی خاص وتایبەتی! تەخت و بەختی شا و شارەوانی.

بۆ لێکۆڵینەوەی ڕامیاری و ئەمنیەتی، دەرویش و ژن و کەرو کورتانەکەی لێك هەڵداوێرن. پاش چەند ڕۆژ دەرویشی چەرمەسەرێ دراو، و ژن و کەری بەراویتەکراو! پێکەوە لە ناوەڕاستی شاردا بەرەڵادەکەن.

دەرویشی ڕەنج بەخەسار و هەناسەسارد، بۆ سکاڵا پەنا دەباتە بارەگای دادگای گشتی شاری شاهەنشا نشین و لە ڕیزی شکات کەراندا ناونووسی دەکرێن. پاش چەن ڕۆژ نۆرەی دێ و دادگایی دەکرێ. پاش حەوتویێك شۆڕ و مەشوەرەتی کۆمیتەی دادوەران، حوکمی یاسا و عەداڵەت، بە ئیمزای دادوەران و مۆری تایبەتی دادگاوە تەحویلی دەروێش دەدرێت.

دەروێشیش خۆشیخۆشی دەچێتەوە بەر دەرگای گاردی کۆماری و حوکمی دادگا دەنوێنی.

پاسەوانان بە ڕێز و حورمەتەوە، نامەی سەربەمۆری دادگا و ژن و کەرەکەی ڕەسمەن لێ تەحویل دەگرن و بۆ جێگایەکی نادیاریان دەگوێزنەوە. پاش چەن سەعاتێك چاوەڕوانی ئیزنی دەدەن و دەڵێن مام دەروێش گیان برۆ دوایی وەرەوە.

دەروێش دەڕوا پاش چەن سەعاتێك دێتەوە داوای هاوسەر و کەرەکەی دەکات، پاسەوانەکان پاش ماوەیەك لە ئەندەروونەوە وەڵامی بۆ دێننەوە و دەڵێن:

مام دەرویش لە لایەن دادگاوە بڕیار دراوە ژن و کەرەکەت وەکخۆی لێبکەنەوە. زەرەر و زیانت بۆ قەرەبوو بکەنەوە ئەوکارەش لانی کەم 3 تا 4 مانگ دەخایەنێ! بڕۆ پاش سێ‌چوارمانگی دیکە وەرەوە بیانبەرەوە.

دەرویش بەبیستنی بڕیاری دادگا، دنیای لێ تاریك دەبێ نازانی چ بکات. بێ ئەوەی ئاگای لەخۆی بێت لەپەرۆ لێدەکەوی لە دەروونەوە لە خوای خۆی دەپاڕێتەوە دەڵێ:

خوایە ئەگەر ئەم دام و دەزگا و قودرەت و قانونە نوقم و نوغرۆ نەکەی فەرقی تۆ و فەیلەقووس بۆ من و وەك منەکان چییە؟؟!!.

بیهۆش دەکەوێ پاش چەن شەوو ڕۆژ، کە دێتەوە سەر هۆش، مەعازەڵا شوینەوارێك لە کۆشکی شاو شار نەماوە! کە باشتر تیدەفکرێ تەنیا قلیپۆپەی قەڵای فەیلەقووس دەبینێ ئەویش وردەوردە نوقم دەبێ، ئیتر لە جێگەی شاردا جگە بەحرێکی بێ بن شتێکی دیکە نابینێ. دەنگێ لەغەیبەوە دێت دەڵێ:

بە چاوی خۆت قودرەتی خوات بینی؟ دەروێش لە خۆف خوای خۆی زریکەیەکی لێ دەبێتەوە و سارد دەبێتەوە!

(( ئا ئەمەیە "ئەفسانەی" گۆلی زرێوار و قەبری دەروێش.))؟!



### ڕاستە کە دەڵێن مێژوو وەکخۆی قەت سەر هەڵناداتەوە؟

**دەنا دەبوایە ؟؟!!!**

کوتووپڕ و لەناکاو باسی بەرهەمی خۆشەویستی خوشك و برایەك لە بناگوێی شارە ئەفسانەییەکەی ئەوسای فەیلە قووس و گۆلی زرێواری ئیستا، وەك دەنگ و باسی بۆمبارانی ئەتۆمی

ئەوسای شاری هیرۆشیما و شیمیایی بارانی دوێنێی شاری هەڵەبجە، بەهۆی فەڕ و بەرەکەتی ئەنتەرنێت و کاناڵە ئاسمانی و زەوینیەکانەوە، ئاسمان و زەمینیان بۆ پڕکردوین، وەك دەنگی ناقوسی ئەوسای کلیساکانی ڕۆم، بێ پشوودان و حەسانەوە دەنگ دەداتەوە.

زۆر جێگای سەرسووڕمانە؟! ئەم دوو خوشك و برا مێرمنداڵە کەوتنە بەر لافاوی نەفرەتی سەرجەم ئیدئالستەکان و بێدەنگیو چاو نووقاندنی هەتا پسپۆڕ و پێتوولە ماتریالیستەکانیشەوە!

بە داخەوە کەس نەهاتە زمان و بڵێ:

ئاخر بەگوێرەی پەڕاو و پەرتووکە ((ئاسمانی و دینیەکانی)) موسایی و مەسیحیو موسوڵمانەکانیش، خۆشەویستی و پێکەوە ژیانی خوشك و برا، دیاردەیەکی سورشتی و بنەڕەتی مرۆڤایەتیە کە بە خواستی خواو یەکەمین پێغەمبەرە هاوبەشیەکەی موسایی و مەسیحی موسوڵمانان واتە ( ئادەم، باوکی گشتی بەشەرییەت) ئەگەر نەڵێین بە ملیونەها، لانی کەم بە هەزاران ساڵ پێکەوەژیانی خوشك و برا، برەو و ڕەوا و ڕەواجی هەبووە.

ئەم شێوە خۆشەویستی و پێکەوە ژیانە بۆ خوشك و برای تەمەن لێك نزیگ و بەدوای یەکدا هاتوو، بەتایبەت خوشك و برای لفەدوانە، لای پسپۆڕانی کۆمەڵناسی عیلمانی هێندە دیاردەیەکی سورشتی و ئاساییە، ڕەنگە شایانی مەنع و نەفرەتیش نەبێ، هەروەهایش بێگومان شایانی سزادانیش نیە.

سەرەنجامی چارەنووسی خوشك و برای ئەویندداری یەکتری ئاوەهایە کە دەڵێن:

برا لەبەندیخانەی گشتی و خوشك لە زایشگای تایبەتی و نهێنیدا. لە گەڵ یەکەمین چرکەی پاش لە دایکبوون و پێش چاو تروکانی بەرهەمی عەشق و عەلاقەی ژیلا و بەختیار، لەژێر چاودێری زیندانەوانان و دوکتۆر و مامانی تایبەتی دام و دەزگای ئەمنیەتی حوکومەتی عەدلی ئیلاهیدا! لە یەکەمین چرکەی پاش لە دایکبوونی کۆرپەکە، بێئەوەی بە شێوەی بەدنیاهاتنی منداڵی ئاسایی و هاوچەرخ، کە لەیەکەمین چرکەی چاو هەڵێنانی دەیخەننە ناو سینگ و مەمکی دایکیدا، تا کۆرپە لەناو سینگ و بەرۆکی دایکیدا چاو هەڵێنێ و بە شێوەیەکی سروشتی دایك و فرزەند بە زەین و بۆنی یەکتری بۆ هەمیشە ئاشنابن. بەڵام بە پێچەوانەوە، هەر لە چرکەی یەکەمەوە پاش ڕەهابوونی، منداڵەکە بۆ شوێنێکی نادیار و لەپێشدا دیاری کراو دەیگوێزنەوە.

ئەوسا بەختیار بۆ بەندیخانەی گشتی نێرراوە. ئیستایش ژیلای زەیسانی تەڕ و تلیسك بە ئاشکرا بۆ بەندیخانەی گشتی بەرێ دەکەن. بە ئاشکرا بانگەشە دەکەن و دەڵێن دەبێ بەختیار چاوەڕوانی (داری حەد) و بەندیخانەی هەمیشەیی و ژیلایش چاوەڕوانی سەنگساربێ.!

لەم کورتە نووسینەی من وەك سەردەبیری گۆڤاری جیهانی منداڵان ئەفسانە و تەنز و واقیعیەتم تێکەڵاو کردوە. هیوادارم هاوڕێم شەهاب مەنمی بە تێڕوانینێکی فەلسەفەی عیلمی تیشك بخاتە سەر نووسینەکەم تۆزیك بۆ خوینەرانی شیکاتەوە.

سەرنوویەر گۆڤاری جیهانی منداڵان ع کیتابی

1=10=2004

## دیاردەی Incest

ئەو دیاردەیەی کە ع کیتابی ئاماژەی بۆ کردوە پێی دەوترێت Incest کەواتە پێکەوە خەوتن و جوتبونی خوشك و برا، باوك و کچ، کور و دایك. Incest وەکو دیاردەیێك لە نێو کۆمەڵگاکانی جیهان بوونی هەیەو زۆرە، بەڵام پرسیار ئوەیە کە ئایا چ کولتورێك ئەم دیاردەیە بەلایەوە ئاساییە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستیمان بە لێکۆڵینەوەیەکی ئانترۆپۆلۆژی هەیە بۆ ئەوەی لەنزیکەوە بتوانین ئاوڕێك لە دیاردەکە بدەینەوەو بابەتەکەش بخرێتە نێو چاوچێوەیەکی زانستی.

بۆ گەڕان بەدوای ئم دیاردەیەو تا چ ڕادەیێك باوە لەنێو کۆمەڵگاکانی دونیا، چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئانترۆپۆلۆژی مەیدانی کراوەو بە بۆچونی نزیکەی سەرجەم هەموان دیاردەیێکی (شاززە)! مەبەستیش لەم ووشەیە ئەوەیە کە لە نێو کولتورەکانی سەرجەم دونیا ئەم دیاردەیە باونیە، بەڵام ڕوودەدات.

زانستی ئانترۆپۆلۆژی ماوەی 80 = 100 دەبێت لێکۆڵینەوەو سەردانی مەیدانی سەرجەم کولتورەکانی دونیای کردوە. دوا کولتورو کۆمەڵگا کە لە ساڵانی 70 = 80 کاندا دۆزرانەوە و کولتوری زۆر سەرەتایی بوون، دیاردەی Incest لەناویاندا ئاسایی نەبوە. مەبەستیشم لە دیاردە ئەوەیە، کە ئەم نریتە ئاسایی بێت وەکو لە زۆربەی کولتورەکاندا ئامۆزا و خاڵۆزا پێکەوە ئیزدیواج دەکەن، (بڕوانە کە لە کۆمەڵگای سویدیدا ئامۆزاکان وەکو برا و خوشك حیسابیان بۆ دەکرێت)!

ئەم بابەتەی کە کاك ع کیتابی نووسیویەتی بابەتێکی زۆر سەرنج ڕاکێشەو لەزۆر کۆمەڵگای دونیادا نەفرەتی لێدەکرێ، بەتایبەت

لە ڕوانگەی ئاینیەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێت کە دیاردەکە بوونی نیە. لە ڕوانگەیێکی سایکۆلۆژی کە فرۆید زیاتر جەختی کردۆتە سەر، لەو ڕۆژەوەی مرۆڤ بوونی هەیە ئەم دیاردەیە بوونی هەبوە. فرۆید زیاتر جەخت دەکاتە سەر  دیاردە دەروونێکە کە نادیارە، بۆ نموونە ئەگەر برایێك خوشکی خۆی خۆش ویستو ئارەزووی لێ هەبوو ناوێرێ بە ئاشکرا دەریبڕێت لەبەر چەند کۆسپێکی دابونەریتی. دیاردەی ئۆدیب Oidipus کەواتە ئەو پادشایەی بێ ئەوەی بزانێت لەگەڵ دایکی خۆی خەوتوە یێکە لە دیاردە زەقەکانی فرۆید کە بووە هەرایێکی گەورە، جا بە بۆچوونی فرۆید ئەم دیاردەیە دیاردەیەکی شاراوەیە کە لە دەروونی هەموو کوڕێکدا بەرامبەر بەدایکی خۆی هەیەتی.

مرۆڤ لەو ڕۆژەوەی دروست بووە ئەم دیاردانەی تیادا هەبوەو بەچەند قۆناغێکی جیادا تێپەڕبووە. لە چاخەکانی بەردا بەهۆی نەبوونی هیچ یاسایێکی دیاریکراو و بەهۆی دروست نەبوونی کۆمەڵگا، خێزانەکان زۆر پەرشوبلاو بوون و لەئەشکەتو پەناگا دوورلەیەکەکاندا دەژیان و دیاردەکە سروشتی و ئاسایی بوو، بۆیە خوشکو برا لەگەڵ یەکتر دەخەوتن بۆ گەشەپێدانی ژیان و زۆربوونی نەوەی نوێ.

بە گەشەکردن و پێکهاتنی کۆمەڵگا چەند یاسایێك جێکەوت، لەو یاسایانە یاساکانی ئایین بوو هەرچەندە ئەمانیش بەچەند قۆناغێکی جیادا تێپەڕبوو. دیاردەی Incest لە هەموو کۆمەڵگاییێکدا بوونی هەیەو ڕوودەدات، بەڵام دوای بەرزبوونەوەی شارستانێتی و یاساکانی ئایین، دیاردەکە قەدەغەکراو لە نێو خێزانەکاندا بە شەرمەزارییەکی گەورە دەژمێردرا. ئەوەی زیاتر ڕوون و سروشتی کرا ازدواجکردنی خاڵۆزا و ئامۆزا بوو. بۆ نمونە فیرعەونەکانی میسر و پادشاکانی ئاشووری بۆ پاراستنی نەژادپەرستی پادشایەتی خۆیان لەگەڵ دایك و کچی خۆیاندا ئیزدواجیان دەکرد. بێگومان بابەتەکە زۆر قوڵ و پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی بەرین هەیە، بەڵام ئەوەی لێرەدا شایێنی باس بێت و ئاماژەی بۆبکرێت شێوەی سزادانی ئەم دیاردەیەیە کە ئایا چی بێت و چۆن بێت.

سزادانی ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدا جیاوازن. لە کۆمەڵگای پێشکەوتوخوازدا نەك سزانادرێ بەڵکو یارمەتیشیان دەدرێت بۆ ژیانێکی ئاسایی بۆ خۆیان و منداڵەکانیان. بەڵام لێرەدا باس لە کۆمەڵگا دواکەتوەکانی ئێستا دەکەین کە ئاینیان کردۆتە تەنها یاسا بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە. ئێران نموونەیەکی ڕوون و ئاشکرایە کە بە گوێرەی ئاینی ئیسلام ڕەفتاردەکات و تاوانبارەکان سزایەکی زۆر (هەمەجی) و سەلەفیانە دەدرێن. وەکو لەو نموونەیەی کاك ع کیتابی هێناویەتەوە ئەم جۆرە سزایانە ڕیشەی لەو کۆمەڵگایانەدا داکوتاوەو ڕیفۆرمێکی بنەڕەتی لە ڕوانگەیەکی عیلمانیەوە پێویستە.

لە ڕوانگەیێکی عیلمانی لیبڕالیانەوە کە سەیری ڕووداوەکە دەکەم ناتوانم بگەمە ئەو باوەڕەی کە ئایا بۆچی سزای ئەو کچ و کوڕە بەو شێوەیە هەمەجیانەیە بێت. ئایا ئایینی ئیسلام کە بە بۆچوونی خۆیان کێشە نیە چارەسەری نەکات، چۆن ڕێگا بە خۆی دەدات ژیان لە دوو خۆشەویست بستێنێ، هەرچەندە با خوشك و براش بن!؟

خۆشەویستی بە بۆچونی من شتێکی زۆر پیرۆزە، هەروەها بە بۆچوونی دەروونناسان دوو کەس لەگەڵ یەك خەوتن، ئەوە خۆشەویستی دوولانەیە پاڵیان پێوە دەنێت کە ئەو کارە بکەن نەك دژایەتی. ئیسلام بەو کارە نالەبەرانەی دەیەوێت لە ناوەڕۆکی دەروونی هەمو کەسێك بکۆڵێتەوەو سزای بدات، هەتتا لە شێوەی بیرکردنەوەیشی بکۆڵێتەوەو سزای بدات! ئەمەش بێگومان وەکو پراکتیك کارێکی ئاسان نیە و ناکرێ، چونکو تۆ نازانی لە دەروونی کەسێکدا چی دەخولێتەوە. جا ئایا ئەو ڕووداوە کە بە شێوەی پراکتیك ڕوویداو پێی زانرا و سزای دەدرێ، ئایا ئیسلام چۆن لە شتە دەروونیە شاراوەکان دەکۆڵێتەوەو سزای دەدات. هەرچەندە لەلای ئیسلامیشدا شتێکی ئاشکرایە کە کۆنترۆل کردنی نەفسی ئینسانی مەحاڵە. جا هەر بۆیەش ئیسلام بە دەیەها کۆسپ و تەگەرەی خستۆتە سەر ڕێی ئازادی ئینسانەکان، بەڵام ئەم چارەسەرکردنە مەحاڵە سەرکەوتنی.

لە کۆتاییدا دەمەوێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە دیاردەی Incest و Pedofil دوو پەدیدەی جیاوازن( Pedofil کەواتا ئەو پیاوانەی حەز لەجووتبوون لەگەڵ منداڵ دەکەن و دەستدرێژی دەکەنە سەریان بێئەوەی ئەو منداڵە بەستەزمانانە توانای بەرگری لە لەش و ماف خۆیان هەبێت). جا زۆر گرنگە ئەم دوو دیاردەیە لەیەك جیاکرێتەوەو، من بەوپەڕی نەفرەتەوە ئیدانەی Pedofil دەکەم.

شەهاب مەنمی 20-10-2004

# بەسەرهـــاتی کچـــێکی

# کـورد

وەرگیراو لەهەفتەنامەی سیروان ژمارە293 / 28 گەلاوێژی1383

وەرگێرانی لەفارسییەوە

## کولسوم نەقشبەندی

ئاخر و ئۆخری ئەم هاوینە هەواڵێکی دڵتەزێن بڵاوکرایەوە لە ناوچەی دێگولانی قروە لە (کوردستانی ئێران) سەبارەت بە تازە بووکێك بەناوی شەریفە.

ئەم کچە لە چواردەساڵیدا شووی کردو کەوتەماڵێك کە بۆی بوو بە زیندان و تێیدا ئازاروئەشکەنجەی زۆری بینی. ئەگەر دراوسێکان ئەم رووداوەیان ئاشکرا نەکردایە لەوانەیە تائێستا کرمی زامەکانی، شەریفەیان کوشتبوو وئەم جینایەتەش کەچەندەمانگ لەگۆشەی ماڵێکدا ئەنجام دەدرا، بەبێدەنگی کۆتایی دەهات. ئێستا با رووداوەکە لە زمانی خۆیەوە ببیسین .

کاتێ لێیان ئەدام باوکی مێردەکەم ئەیوت: ئەگەر دەنگ بەرزکەیتەوە و دراوسێکان بزانن، وات... لێئەکەم. چەندجار دەرپێیەکەمی کێشاخوارەوە و بینیمی . دایکی مێردەکەم چەند جار بە گازئەنبور ناوپامی پچراند. خەسووم سەری شیلەنگی ئاوەکەی ئەخستە ناو پام و خەزوورەم ئاوەکەی بەزۆری بەرئەدایەوە. بەگاز قژمی ئەکێشاو دوایش سەری پاك ئەتاشیم. رۆژێك سەرلەبەیانی  زوو سەرەتای بەهار کەسێکیان هێنایە ماڵەوە بۆئەوەی گورچیلەکانمی پێ بفرۆشن. ئەوکەسە وتی: چونکە  زۆر لاواز و بێ گیانە گورچیلەکانی بە کەڵك نایەن.

هەر دوو رۆژ جارێ  وردە نانیان ئەخستە نێو قاپێکەوە و میزی خۆیان ئەکرد بە سەریا و ئەیانوت ئەبێ بیخۆی. منیش ناچار ئەمخوارد.

جائەمە کورتەیەك لە باسەکەیە. شەریفە ئێستا لە بێهزیستی سنەیە و ئەوان چاودێری ئەکەن. کارناسێك لێی ئەپرسێت: تۆ بەم تەمەنە کەمەوە چۆن بوو مێردت کەرد؟

- ئەمەوێ سەرەتا لە دایکمەوە دەست پێ بکەم، چونکە هۆی ئەم چارەڕشیەی من ئەو بوو. دایکم ژنی دووهەمی باوکمە. خۆیشی پێش باوکم مێردێکی تری کردووە. من وخۆشکێك و  سێ برا بەرهەمی 24 ساڵی ئەم ژینە نەگبەتبارەین. باوکم خەریکی کرێکاری و شاگردی بوو. دوو مانگ ئەڕۆیی و هفتەیەك ئەهاتەوە. لەو ماوەدا کە باوکم ئەڕۆیی دایکم خەریکی بەرەڵایی بوو... ئێمەیش وێڵی کۆڵان وشەقامەکان ئەبووین هاوسێ و دراوسێیەکان تەشەرو تانەیان لێ ئەدایـن. کاتێ باوکم ئەهاتەوە من کەم تاکورت بۆم ئەگێڕایەوە و ئەویش ئەکەوتەگیانی دایکم و لێی ئەدا. چەند جار دایکم لەسەر ئەو کارەخراپانەی کەوتە زیندان و من لە دادگا بە قازانجی باوکم شایەتیم ئەدا. بەڵام دایکم کە ئەگەڕایەوە ئەتوت نەبای دیوەو نەبۆران و جێگەی خۆش ئەکردەوە. دایکم زۆر لەمن بێزار بوو پێی ئەوتم دووزمان. هەر نەیهێشت برۆمە مەکتەب ودەرس بخوێنم. ئەیوت زۆرشەرمە کچ بڕواتەخوێندەواری. براکانیشم تا دووهەمی ناوەندییان خوێند. مامەکانم زۆریان بەباوکم ئەوت لە دایکم جیا بێتەوە، بەڵام گوێی پێ نەئەدا.ناچار لەبەر ئەوەی بە دەست تەشەرو تانەوە نەجاتمان بێت، باوکی هەژارو بێچارەم بەماڵەوە کوچی کرد بۆشاروێهاتی تر و هەر تاوێ ئەچووینە شارێك. تا لە هەمەدان کارگەیەکی چکۆلەی کاشیمان کردەوە.

پارەکە یەکێك لە کڕیارەکانی باوکم هات بۆ ماڵمان. چون ئاشنای باوەگەورەم بوو دایکمی ناسیەوە و بوون بە ئاشنا. من کەشەفەیەك چاییم بۆ بردن. دوایی پیاوەکە لە باوکمی پرسی: هەر ئەم کچەت هەیە؟ وتی: نا ، کچێکی تریشم هەیە. دایکم لەولاوە بە دەنگی بەرز وتی: ئەبێ  بیدەین بەشوو. پیاوەکە وتی: من خوازبێنیکەرێکی چاکم پێشکەشدێ. دایکم وتی ئەگەر شەل وکوێریشبێت پێی ئەدەم. چونکە لە سەر ئەو باوەڕە بوو کچ ئەبێ زوو بدرێ بە شوو. کابرا کە زانی دایکم زۆری پێخۆشە وتی:

– جا لەکوڕەکەی خۆم چاکتر کێ هەیە؟ ئەم قسانە لە نیمەڕۆی چوارشەمەیەکی شوومدا کرا. ئێوارەی هەر ئەو رۆژە کابراو ژنەکەی وکچەکەی وکوڕەکەی کە 17 ساڵی بوو، بەدووپاکەت شیرینی ژاریمارەوە هاتن. من لەوماوەدا کارم هەرگریان بوو. کە بە باوکم وت من نامەوێ شوو بکەم، دایکم دامیە بەر هەڕەشە و جنێو. دوای دوو رۆژ بێ ئەوەی پرسیارم پێ بکات بڕیاریان دا کە بێن مارەم بکەن. لەسەر300 هەزار تمەن تەڵا و 4 ملوێن تمەن مارەیی. شەوێك هاتن بۆ مارەکردنم. مەلا دەستی کردبەدوٴعا خوێندنەوە لەمنی پرسی: ڕازیت؟ من جوابم نەدایەوە. لە دایکم و باکمی پرسی بۆچی جواب ناداتەوە؟ دایکم لەولاوە زوو جوابی دایەوە،  زۆری پێخۆشە بەڵام شەرم ئەکات و لەڕووی هەڵنایە چونکە تا ئێستا ئەم جێژنانەی نەدیوە. دایکم بە جێگەی من بەڵێیوت و کاری تەواو کرد. هەرچەند زۆر لەدایکم پاڕامەوە کە لێم گەڕێ، بەڵام ئەو یەکەم خوازبێنیکەری بە هەل زانی و ئەیویست  لە ماڵ دەرم بکات.

مێردەکەم گوێ لەمشتی باوکیبوو. لەگۆشەی حەوشە کەیاندا دووهۆدەی بچووك هەبوو بە ناو هی ئێمە بوو. دوای چەند رۆژێك لە ژیانی هاوبەشی نامبارەکمان تێگەیشتم کە مێردەکەم و باوکی

ودایکی و خوشکەکانی موعتادن وخەریکی مامەڵەی موخەدەرات و مەشرووباتن. دوای دە ڕۆژ هەستم کرد مێردەکەم منی خۆش ناویٚ و زۆر لەگەڵم ساردوسڕە.منیش نەفرەتم تیادروست بوو. ئیتر لە شوێن چارەیەك ئەگەڕام بڕۆمەوە لای باوکم. چەند جار لێیان پاڕامەوە کە بمبەنەوە ماڵی باوکم، بەڵام بە قسەی ساردو سووك جوابیان دامەوە.ئیتر زانیم بە قسە هیچ کارێکم پیٚ ناکریٚ ئاوێنەومۆمدانییەکەم شکاند و ڕۆژی دوایی کراسی بووکێنیەکەم دڕاند. ڕۆژێتریش ئەنگوستیلەکەم شکاند. مێردەکەم هات وتی بۆچی وائەکەیت؟ وتم بۆئەوەی لەم ژیانە نالەبارە ڕزگار بم.ئەمجار وتم پێش لەوەی شووبکەم بە تۆ کچ نە بووم. ئێستاش نامەویٚ لەگەڵ تودا بژیم و ئەبیٚ بمبەیتەوە ماڵی باوکم. کەچی مێردەکەم ئەمەی لاگرنگ نەبوو و زۆریش ساردو سڕ و بیٚ لایەن بوو. تا دەستم کردبە قیژەو هاوارو وتم ئەگەر نەمبەیتەوە خۆم ئەکوژم. وتی ئەبیٚ لەگەڵ باوکم قسە بکەی و ئەو هەرچی بڵیٚ هەر ئەوەیە. ناچار کردمە دەرەوەو درگاکەم داخست. لە پەنجەرەکەوە هاتە ژوورەوە بەمست کێشای بەلووتما. لەوکاتەدا باوکی هاتە ژوورەوەو بە ترساندن وهەڕەشە وتی چیتە؟ وتم هیچ پێم خۆش نیە لەگەڵ ئێوەدا بژیم و کچیش نەبووم . وتی: غەڵەت ئەکەی ئەم قسانە ئەکەیت. بۆچی ڕۆژی یەکەم هیچت نەگوت؟ وتم هەموو ئەو ئازمایشانە درست کراوبوو، ئێوە نەتانزانی. ئەگەر لە بیرتان بیٚ من هەر ڕازی نەبووم .

هەموو کارەکان دایکم دروستی کردوە. ئێستا ئێوە ئەتانەویٚ منیش و مێردەکەشم کە کچێکی تری خۆش ئەویٚ بەدبەخت وچارەڕەش بکەن. وتی ئێستا کە عەیبداری، ئەبیٚ منیش وات... لیٚ بکەم.

هەرچەند من کچێکی لاوازو بچووك بووم، بە چەشنیٚ هەستم بەتۆانایی و غیرەت کرد کە بە تف وجنێو جوابی خۆیٚ وکوڕە بیٚ غیرەتەکەیم دایەوە. ڕۆژی دوایی چوون بۆ ئەوشارەی کەباوکمی لێبوو. باوکمیان هێنا و سفرەیان بۆڕازانەوە. چونکە ئەیانویست کڵاوی بنێنەسەر. پێش هەمووشتێك پیان گوت: کچەکەت عەیبدارەو لەگەڵمان ناسازیٚ. ئەبیخەسارەتی ئەمبیٚ ئابڕووییەمان پێبدەیتەوە. تەنیا ڕێگەیشی ئەوەیە، ئەو دوو پارچە زەوییەت کە بایی دە ملوێن تمەنە بیکەی بە ناوی ئێمەوە. باوکم دەستی کرد بە هاواروداد کە ئەم قسانە هەمووی درۆیە و هەرگیز شتی وا نەبووە. لە مێردەکەم تووڕە بوو و وتی ئەوە ناپیاوی تۆیە کە مەجبوورت کردووە ئەم درۆیانە بکات و هەموو شتێك بنێتە ئەولاوە. مێردەکەم کە لەپێشدا فێرکرابوو، هەستا سیٚ چۆار شەپلاخەی کێشا بە باوکمدا و ڕۆیشت. من کە زانیم نیازێکی خراپیان هەیە دەستم کرد بەقیژەو هاوارو وتم هەمووئەو قسانەم بەدرۆ وتووە، لە بەر ئەوەی لەدەستی ئێوە نەجاتم بێت. بەڵام هیچ کەڵکی نەبوو. چونکەئەیانزانی کچ بووم ، قسەکانم بیانووی دابە دەستیانەوە. ئەو شەوە بە هەزار جۆر هەڕەشە باوکمیان ترساند. لە دواییداخەزوورەم پیٚی وت ئێمە هیچ سوودێك لەم کارەنابەین. کوڕەکەم دڵی ناڕحەتەو ویژدانی زامدارە ئەگەر تۆ ئەم کاغەزە ئیمزا بکەیت ئارام ئەبێتەوە و لە تاوانی کچەکەت خۆش ئەبێت. دوای ماوەیەکیش خۆی کاغەزەکە ئەدڕێنیٚ. تۆهیچ نیگەران مەبە.

باوکم کە ئەڕواتەوەو بۆ براکەمی ئەگێڕێتە، ئەویش خێرا زەویەکەی هەر بەو نرخە ئەفرشێت بە کەسێکی خەڵکی ئاوایی وبەماڵەوە ئەچن بۆشارێکی نزیك تاران ولەویٚ ماڵێك ئەکڕن. ئیتر لەو کاتەوەباوکمم نەدیوە.

دوای ماوەیەك خەزوورەم وکوڕەکانی چوون بۆ سەر زەویەکەی باوکم.کەزانییان فرۆشراوە، بەربوونە گیانی من وزۆریان بۆهێنام. شکاتیان بردە دادگا کە ئەوخاکە هی ئەوانە. هەتا پەروەندە ڕوون بۆوە، باوکمیان دوو مانگ خستە بەندیخانە. دوایی کە مەسەلەکە ئاشکرابوو، باوکم ئازاد کرا.بەڵام ئەوان دەست بەردارنەبوون. دادگا وتبووی ئەبیٚ شایەتێك بۆ ئیمزای ئەوکاغەزەبێنن. خەزوورەم منی پێیان ناساندبوو. وتبوویان ئەگەر ئەو شایەتیت بۆ بدا حەق بەتۆیە.

هاتنەوەو زۆریان بۆ هێنام تا بڕۆم شایەتییان بۆ بدەم ، کە باوکم (10) ملوێن تمەنی لەوان وەرگرتووە. من نەچوومە ژێربار. ئەمجار بە مشت و لەقە تێم بەربوون. من داوای تەڵاقم کرد. خۆشکەکانی مێردەکەم وتیان بیکەنە دەرەوە. خەزوورەم بەسووکیٚ وتی فکرێکی بۆ ئەکەم.ڕۆژی دواتر هاتن وتیان: ئایا هەر لە سەر قسەکەی خۆتی و تەسلیمی ئەو کارە نابی؟ وتم من تەنیاژنی...ئەوم.

دوای ئەوە خوشکی مێردەکەم کە تەمەنی (20) ساڵ بوو،بەئەمری باوکی بەقژرایکێشام بۆناوئاودەستەکە. جل و بەرگی کۆنی کردەبەرم و بەیارمەتی ئەوانیتر دەستمیان لەپشتەوە بەزنجیربەست و زنجیرەکەیان داکوتا بە دیوارەکەدا. سەرەتای زستان بوو. یەکەم ڕۆژی ئەشکەنجەی نۆ مانگەم دەستی پیٚ کرد. هەتا ماوەیەك لەبەر سەرما هەستم بە ئێش و ئازارەکانم نەدەکرد. دواتر شەوانە لەوانە بوو ڕەق هەڵێم وبیبەستم. تەلیسێکی کۆنی بەنیان ئەدا بەسەرمدا. سەرما هەتا مۆخ و ئێسکم ئەیتەزاند. لە ماوەی ئەو نۆمانگەدا جێگەی من ناو ئاودەستەکە یان ناو لوولە سیمانێك بوو لە حەوشەکەدا. دواتر کاتیٚ هەوا گەرم داهات کۆت

و زنجیریان کردم و لە بەرخۆری حەوشەکەدا دایاننام. دەموچاوم هەموو سووتا و پێستی هەڵدا . جارێکیان ئەوەندە زۆرم بۆخۆم هێنا کە دەستم ڕەها بێ، ئەنیشکم شکا.دوایی وردە وردەخۆی گرسایەوە وئەوئازارەشم وەك دەردەکانیتر فەرامۆش کرد.

بەڵام ناخۆشترین ئەشکەنجەی من بێ حورمەتییەك بوو کە ئەو چەند کەسە دڕندە بەمنیان ئەکرد. کاتێ زانییان کە بە هیچ جورێك شایەتییان بۆ نادەم، دوایین پیلانی خۆیان بە کار برد. بەچەسپ دەمیان بەستم تا دراوسێکان هاوار وەدەنگم نە بیسن. لە کاتێکدا دەست و پام بەسرابوو، ئەو کارەیان... لە گەڵ کردم . تەنانەت خەسووم و کچەکانیشی لەتە شیلەنگیان پیا کردم و ناشیرینترین کاری نامرۆڤانەیان لەگەڵ کردم. بە ناچاری وتم لەگەڵتان دێم و شایەتیتان بۆ ئەدەم . بەڵام گیانم زۆر بریندار ببوو وچاوێکیشم خوێنی تێزابوو.جێی زنجیرەکەی مەچەکم ماسیبوو و خوێنی لێ ئەهات. هەرچەند دەرمانیان کرد و پێچایان بەڵکوو تا کاتی دادگا چاك بێتەوە، بە لاّم ئەوەندە کوڵەوار بووم چاك نەبوومەوە. ئەمجار ناچار بوون کچە گەورەکەیان بەجێگای من ببەن بۆمەحکەمە. وتم ئەگەر بیشمکوژن هیچ کاتێك ئامادە نیم هاوکاریتان لەگەڵ بکەم .ئیتر ئەشکەنجەی من زۆرتر کرا. پیسی خۆیان وئاوی گەرمو ساردیان ئەکرد بەسەرما. هیچ شەوێ نەیاندەهێشت بخەوم. هەرتاوێ شتێکیان ئەڕشت بە سەرما. ئاوی خواردنەوەم پڕلەپیسی بوو. خواردنیشم تۆکڵی خەیار و وردە نان بوو. برسێتی ئەوەندە زۆری بۆ هێنابووم هاوارم ئەکرد شایەتیتان بۆ ئەدەم. بەقسەی خۆیان وتیان ئاقڵ بووە. چێشتی بەرماوی خۆیان پڕ ئەکرد لەخوێ و بۆیان ئەهێنام.

دراوسێکان کە پێشتر تەنیا (20) رۆژ منیان دیبوو، لە قیژەو هاوارم شکیان خستبوو. یەکێکیان لە خۆشکی مێردەکەمی پرسیبوو: ئەو قیژەوهاوارە کێیە؟ وتبوویان: ئەوە کچە چکۆلەکەمانە کەجارجار بیانوئەگرێ و ئێمەش لێی ئەدەین. .پیاوێکی دراوسێیان لەسەر بانەوە منی بە دەست و پای بەسراوەوە دیبوو. وێنەیەکی لێ گرتبووم و بردبووی بۆ پاسگا. کاتێ پیاوانی پاسگا هاتن، لە حەوشەدا لە ناو بیرێکی وشکدا شاردمیانەوە و هێوەرێکم بە لامەوە دانیشت تا هاوار نەکەم. پیاوەکان سێ جار ناوماڵەکەگەڕان، بەڵام نەیاندۆزیمەوە. لەم دواییانەدا ناویان نابووم (بەلوو) تا دراوسێکان شك نەبەن کە بۆچی من دیار نیم . یەکێك لەهاوسێکان پرسیبووی: بەلوو کێیە وابانگی لێ ئەکەن؟ ئەوانیش وتبوویان ئەوە کچەکەمانە. ئەوەندەبێ ئەدەب و لاسارە پێمان حیفە بە ناوی خۆی بانگی لێ بکەین. سەرتان نە یەشێنم نۆما نگ وەکوو حەیوان هەزار جۆر ئەشکەنجەیان دام. ڕۆژێك خۆشکە گەورەی مێردەکەم بە تۆراوی هاتەوە ماڵ. هات بۆ ئاودەستەکە و فرەی دامە دەرەوە. منیش دەستم کرد بە قیژەو هاوار. کوڕی دراوسێیەکەمان کە ڕفێقی مێردەکەم بوو، گوێی لە دەنگم بوو. ئەیشیزانی چ باسە بەڵام بە مێردەکەمی وتبوو بۆچی ژنەکەت نابەیتەوەماڵی باوکی تا تۆزێ تاقەتی دەرچێ و ئارام بێتەوە. ئەویش وتبووی ئیجازەی من لە دەستی باوکمایەو ناتوانم هیچ کارێ بکەم. هەر ئەو شەوەڕفێقی مێردەکەم لە گەڵ باوکی کە لە سەربانەوە وێنەی لە من گر تبوو پێکەوە نەخشەیەکیان داڕشتبوو. کوڕەکەی نارد بۆ فیلمی شایەکەمان. ئەوپیاوە بۆبەیانی فیلمەکەی بردبوو بۆ پاسگاو وتبووی سەرنجی بدەن بزانن ئەمە هەر ئەو ئافرەتەیە کە بەناوی بووکەکەیانەوە چەندجار بردوویانە بۆ دادگا بۆ شایەتی؟ پاسگا بۆ لێکوڵینەوەی دووبارە ڕۆژی دوایی هاتن بۆماڵەوە کە تەنیا کچەکانیان لەماڵ بوون . کچەکان کە ماشینی پۆلیسیان بینی بەتەواوی پەشۆکان. پۆلیس ویستیان من بەرن ،بەڵام ئەوان چوار دەوریان گرتبووم وئەیانوت تا باوکمان ئیجازەنەدا نابێ بیبەن.

بەڵام پۆلیس جوابیان نەدایەوە. ئەم جار ئەپاڕنەوە کە بهێڵن جل و بەرگی بۆ بگۆڕین با بۆی خوێن و پیسی ئەزیەتتان نەکات. بەڵام پۆلیس ئیجازەیان نەدا. منیش لەپێشدا کە دەنگی ئەوانم بیست ترسام و لەسەرخۆم چووم. وام ئەزانی وەك هەمیشە ئەمبەن بۆ شایەتی. جونکە مێردەکەم پێشتر هەڕەشەی لێ کردبووم کە بە زۆری قانوون ئەمبات بۆ شایەتیدان. دوایی تێگەیشتم کە ئەوانە فریشتەی نە جاتم بوون. لە پاسگا مێردەکەم وخەزوورەم بینی کە دەستیان پێکەوە زنجیر کرابوو.

لەیەکەمین ڕۆژی دادگاییدا، دادگەر پێی وتم ئەو پەڕۆی پام پێ بەستوە بیکەمەوە. کە کردمەوە کرم لە زەخمەکەم کەوتە خوارەوە. بیرم هاتەوە کە مێردەکەم زووتر بە بێلاّسن کێشابووی بە پاما. چون هەوا گەرم بوو برینەکەم ئەخورا، منیش ئەمخوراند. بەڵام چون دەستم پیس بوو وردە وردە برینەکەم تەشەنەی کرد وگەورەبۆوە. پزشکی یاسایی نۆزدە زەخم و شکستەی لە تەواوی گیانمدا نووسی و دانی پیانا. پاش ئەوەبۆچاودێری ناردمیان بۆ بێهزیستی. خەزوورەم بەزەمانەت ئازاد کرا و مێردەکەم هەموو تاوانەکانی گرتە ئەستۆ. باوکیشم بەم حاڵەی زانیوە، بەڵام بۆئەوەی ئازاری نەدەن کەبۆچی لەم ماوەیەدا لەمنی نەپرسیوە لەترسا وتوومە ئەمە ماممە. بەڵام دواترکە وردە وردە بارودۆخەکە ئارام بۆوە، هەمووراستییەکان ئاشکرابوون.

# بۆ مێدیا کوردیەکان!

## به سڵاوێکی گەرم و گەش!

فەرزین هەورامی

بێگومان له جیهانی مۆسیقای هاوچەرخدا و به تایبەت له مۆسیقا و میلۆدیای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، ئاواز و مۆسیقای کوردیش رۆڵێکی گەورەو بەرچاوی بووە و هەیە، تا ئەو رادەیە گەیشتۆته ئاستێکی وا کەدەبینین دەم و دەزگاکانی مۆسیقاو ئاوازی غەوارەی رۆژاوایی (غەرب) بەناوی مۆسیقا و فەرهەنگ فۆلکلۆری خۆیانەوە بەکاریان هێناوە. بەداخەوە ئەمە له حاڵێکدایە که میللەتی کورد نەیتوانیوە وەك میلەتانی حاکم بە سەر ماف و مۆسیقاو ئاوازی ڕەسەنی خۆیدا، بە ورد بوونەوە ئەمیش تێڕوانینیکی زانستی و وەستایانەوە خۆی بنوێنێ. تازە پاش هەزاران ساڵ بنەماڵەی کامگارەکان لە شاری سنە و بەهمەنی قوبادی لە شارۆچکەی (بانه) وە مەشخەڵ بەدەست لەئاسۆی کوردستانەوە سنووری هەمیشە گەمارۆدراویان بەزاندوە و هونەر و فەرهەنگ، فۆلکلۆر، ئاواز و مۆسیقای نەتەوەی کوردیان گەیاندۆته گۆرەپانی کێبەرکێ و پێشبڕکێی نیونەتەویی جیهانیەوە. بە دنیایان سەلماندووە که کوردستان و گەلی کوردستانیش وەك گشت گەلانی پێشکەوتووی جیهان خاوەنی زمان و زاراوەگەلێکی شیرین و جۆراوجۆرە که یەکیك لەو زمان و زاراوە مێژوویيه هەورامی و لوریيە، که بابا تاهیری هەمەدانی و سەیدەی هەورامی بۆ یەکەمینجار زمان و زاراوەی خۆیان نووسیوە، و سیاچەمانە بۆ لاوانی هەورامان و هۆرەی لوریان بۆ ئاهورا مەزدا! پێچریوە. بەڵام بە داخەوە گەلی کورد به درێژای مێژووی ژیانی تا هەنوکەش ژێر دەست و کۆیلە ئاسا مەعامەلەی پێکراوە! ئەدەب و فەرهەنگ هونەر و فۆلکۆرەکەشی سەرپۆشی بەسەردا دراوە.

بەڵام بەوحاڵەش نه ئەوسا، و بەتایبەت نه ئێستایش هیچ مامۆستایەکی فێرگه و زانکۆیەکی نێونەتەوەیی و ناوچەیی ناتوانن چاو له حەنای چریکەی دەنگ و نەوای ساز و دەف و نەی و نەغمەی دوێنێی سەیدعەلیئەسغەر و ئەمڕۆی خوشك و برایانی کامگارەکانی سنەیی و برایانی ئەوساو ئێستای کێمنەیی و شمشاڵی قالە مەرە مەهابادیو ... له ناو دیمەن و باخ و باخاتی سەلۆاتاوای سنە و کەژ و کۆساران و باخ و باخاتی ئەمدیواودیوی شاخی هەورامان بە تاقگە و چاوگەی زەڵم و ئاوێسەری تەوێڵە و بڵەکەی هەجیج و سەرا و هەوڵی پاوە و وەنەوشە، بەرەزا، چنوور، سۆسەن، سوورەهەڵاڵەی داوێن ڕەوەز و وەرکەمەری کێو و کلیلە بەفرەکانی کەڵی کەماڵی و کەڵەتەنگە و شاهۆ و داڵهوو داڵانیيەوە که بەهۆ و فەڕ و بەرەکەتی ئەنتەرنێت و سەتەلایتەوە لەسەر شاشەی کامپیوتێر و تەلویزیۆنەکانیان دەیبینن بنووقێنن، وە له زەین و مێشکی خۆیان و ئامێرەکانیاندا تۆماریان نەکەن. بێگومان کوردستان و بەتایبەت هەورامان بەو هەمووە دیمەنە جوانانە دەنگ و ڕەنگ و شیعر و سۆز ئاوازی مۆسیقا و قاسپەقاسپی کەوو بولبول و... دیمەنی تووڵەڕێی ناو باخ و شاخ و هەرد و بوومە جوانەکانی هەورامان که مامۆستا گۆران بە شیعرە شیرینە بەناوبانگەکەی که تۆماری کردوە و وتوویەتی:

(کۆمەڵەشاخێك بەرز و گەردن کەش ئاسمانی شینی گرتۆتەباوەش)

مامۆستا عەلیمەردان بە دانایی و زانایيەوە که یەکەمین مرۆڤی کورد بووە دەنگ و مۆسیقای کوردی بۆ یەکەمینجار له سەر ئانتێنی ڕادیۆوە بڵاوکراوەتەوە. هەروەهایش شیعری (کۆمەڵەشاخێك)ی مامۆستا گۆرانی بە ئاواز و مۆسیقای ڕەسەنی کوردیەوە لە ڕادیۆی بەغداوە بە گوێی گوێگرانی سەرەتایی ئەوسای ڕادیۆی کوردی لە بەغداوە ڕاگەیاندوە.

ئەگەر داگیرکەرانی هزر و مێشك و شوێنەوارە شیرینەکانی بێستوون و ڕەوانسەر و قۆری قەڵا و سەراوهەوڵی و بڵەکەی هەجیج و ئاوێسەر و دەیان شوێنەواری وا هەن که دەستی کەمێکیان له سەیرانگاکانی جەزیرەی قەناری و ... نیە و نابێ.

خۆشبەختانە ئیستا، کەم نین ئەو نووسەر و مۆسیقاژەن و گۆرانی بێژە هەورامیانەی که ئەدەبیات و شیعری فۆلکلۆری ڕەسەنی کوردی و (میراتی) باباتاهێر و ئەحمەدی خانی و خانای قوبادی بیسارانی و مەولەوی تاوگۆزییان وەك بەردی بناغەی گۆرانی و مۆسیقای کۆن و نوێی کوردی دارشتۆتەوە و تۆمار کردوە. بۆ ئەنجامدەرانی ئەم ئەرکە گرینگ و باییدارە، دەکرێ قامکی ئیشارە ئاڕاستەی خوشك و برایانی کامگار و شەهرامی نازری بکەین.



پێکهاتەی ئەم بەرهەمە! واتە "لاوەکەم"

له وڵاتێکی نامۆدا، که کوردی سەرگەردان له کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم دا پێی تێناوە، له زۆر کون و قوژبنی سورشتی و جوان و ڕازاوەی وڵاتانی ئوروپا بەتایبەت سوێد.. له ناکاو و بروسکه ئاسا، کەسێکی کورد بە جل و بەرگی ڕەسەنی خۆیەوە، لەکاتێکدا دەفەکەی دەناڵێنێ و دەردەکەوێ،

چریکەی بروسکه ئاسا و ناڵەی دەف و دەرکەوتنی کەسەکە، هەرسێکیان ئەیانەوێ بەیەکەوە، دەردەدڵێك یاوەکوو پەیامێك ڕاگەیەنن! یاخود بانگەوازێك بە گوێی خەڵکانی دەور و بەریاندا ڕاگەیەنن و بڵێن:

ئێمە هەین، ئێمە ئامێری سۆز و ئاوازی کوردین، ئا ئەمە داب و نەریتی ژیان و هەڵس و کەوت و کولتوورمانە! هەڵپەڕکێ و شادی و خۆشی، ئاوات و ئامانج و ئارەزوومانە! جل و بەرگمان دەستکردی خۆمانە! کچانمان و کوڕانمان لە ناو گوند و باخ و شاخ و شاردا بە خۆشەویستییەوە یەکتر دەبینن و دەدوێن و بۆ ئازادی و بەرابەری تێدەکۆشن. لە لای ئێمە ئاگر ڕەمزی ڕووناکی ڕێگای کاروانی ڕزگاری و سەرکەوتنە! ئێمە ئاگرمان خۆشدەوێ ئێمە بە مەشخەڵی ئاورەوە ساڵی کۆنمان بەڕێ دەکەین و پێشوازی لە ساڵی تازە دەکەین و جێژنی بۆدەگرین.



پاشان کۆپلەیەك گۆرانی هەورامی بە بێ مۆسیقا دەگوترێت، گەرچی "لەحنەکەی" بیسەر دەباتەوە بۆ ڕابووردوێکی دوور بەڵام لە هەمان حاڵیشدا باس لە هەست و خواستی دڵی ئەوکەسەیش دەکات کە ئەویندری لەیلەکەیەتی و نازانێ خەڵکی کام شاری کوردستانە؟! بە ڕەمز و ئاوازەوە دەڵێ: (سەردەشتی یان سابڵاخی)، (سەقزی یا گەڵباخی؟!

ئاوەهایش دەردی دڵی خۆی بەیان دەکات..

ئەی گێجی سەنگین تۆفانی دووری

مەگەر مەیلی دۆس بدۆم سەبووری!

ئەمجار جەو دەگۆڕدرێت و ئەویندارەکە، لاوەکەی خۆی لەناو کۆڕی شادیەکە دا دەبینێتەوە، گەرچی هێشتا پێی نەگەیشتووە و بەس وەسفی دەکات و گۆرانی بۆ دەڵێت! کە دەڵێت:

لاوەکەم لاوە، گوڵەکەم لاوە،

لاوەکەم لاوە دیدەکەملاوە

بەنەرمە نەرمە تۆ بۆ جەڕاوە

زامانی سەختم پەی تۆ کولیاوە

لە ئاخریدا پەنا بۆ خۆشەویستەکەی دەبات و دەڵێ:

ئازیز باوەس بۆ جەورم تا وەکەی

یانەی دڵ سوتەن تۆکەی مەینەکەی؟!



بەمجۆرە داستانێکی دیکە لە گوزەرگاکەی قاسیدی فەرەنجی پۆشی کورد لە تاراوگە و وڵاتی نامۆدا ڕەنگ دەداتەوە، کە ئەویش داستانی ئەوینە، پاش ئەم سەفەرە کە قاسید دوای نواندنی ئەو هەمووە قسەو باسانەی سەرەوە کۆتایی پێدێت و بە تاقی تەنیا درێژە بە ڕێی خۆی دەدات و دەڕوات.

بۆ خولقاندنی ئەم بەرهەمە بە کەمترین ئیمکاناتی مادی و ... لە هەل و مەرجێکدا کە بەرەو قۆناغێکی نوێ و نادیاردا ملدەنێ و سەرنوێشتی دووڵانەی نادیارە، بەوحاڵەش هیوادارە شوین پێیەکی لێ بەجێ بمێنێ و ببێتە دڵۆپێك باران و بتکێتە ناو دەریای هونەر و گۆرانی و مۆسیقای کوردیدا.

فەرزین هەورامی 2004/10/27

# چاوشارکێ

نووسینی  سەردار عەبدوڵا

عەلی، مێردمناڵێکی ڕەقەڵە و کەمدەموو دووبوو، دایکێشی کەس نەیدەزانی لە کەیەوە بێوەژنکۆشی دەکات، بەبیری هیچ یەك لە مێرمناڵەکانی گەڕەکدا نەدەهات کە عەلی باوکێکی هەبووبێت.

تەواوی مناڵانی گەڕەگ نازناوی سەردەمانەیان لێنرابوو، تەنیا ئەوی بێبەخت نەبێت کە ناوەکەی لە ناوی باوك و باپیری هاورێکانی دەچوو. وەك دەیانگێڕایەوە بەپێی وەسیەتی باپیری" عەلی ئەو ناوەی لێنرابوو.

سەرەڕای ئەوەی عەلی لە مناڵەکانی هاوڵی تەمەنی گەورەتربوو، بەڵام بەهۆی کەمدوویەکەیەوە ببووە بنێشتەخۆشەی ژێر دانی مناڵە هار و زۆربڵێکان. دەیان ناوناتۆرەیان لە چەشنی: عەلە ترخە، عەلە مشکە و سەعە ئێسقان دوادەخست. ئەو حەزی بەشەڕکردن و هاروهاجی نەبوو، بەڵام کە مناڵان زۆریان بۆ دەهێنا بە جنێودان بە دایك، خوشك و تەنانەت بە چۆلەکەی سەرداری ماڵەکانیشیاندا دەهاتەخوارێ.

هاوینان، کاتێك ئێواران دادەهات و کۆڵان و شەقامەکان تاریك دادەهاتن، مناڵان وا ڕاهاتبوون کە لە دوای شێوکردن دووبارە بێنەوە کۆڵان بۆ چاوشارکێ. لەم یاریەدا کەس نەبوو بوێری عەلی بدات و شان بدات لە شانی، هەربۆیە هاورێکانی شەوان بەرەو ئەو بایاندەدایەوە، عەلە ترخە و سەعە ئێسقانیشیان دەکرد بە کاك عەلی و عەلی گیان" تاکو رازیبێت پێیان و ئەوانیش بە ئاسانی بچنە پاڵ دەستەکەی عەلی . ئەو، تەنیا لەو شەوو تاریکانەدا هەستی بە بوونی خۆی دەکرد. ئەو پێیوابوو کە شتێکی لەدەستدێت کە ئەوانی تر بە ئاسانی ناتوانن ئەنجامیبدەن" هەربۆیە ئەو شەوان خۆشبەخت و ڕەهابوو، بەپێچەوانەی ڕۆژی ڕوناکەوە کە تیایدا گۆشەگیر و بێدەستەڵات بوو.

دەستەکەی عەلی، هەمیشە بەهۆی لێهاتووی ئەوەوە سەرکەوتنی بەدەستدەهێنا. کاتێك ئەو خۆیدەشاردەوە بە تووڵە و تانجیش نەدەدۆزرایەوە. ئەو تاکتیکەی ئەم شەو بەکاریدەهێنا بۆ شەوی داهاتوو دەیگۆری. ئەو بە پێچەوانەی هاوڕێکانیەوە، هیچ ترسێکی لە تاریکی کون و کەلەبەری کەلاوە داڕووخاوەکان نەبوو بۆ خۆشاردنەوە. بەم بۆیەش عەلی ببووە پاڵەوانی چاوشارکێی شەوە تاریك و ئەنگوستەچاوەکان.

یەکێك لە شەوەکانی چاوشارکێ، هاوڕێکانی عەلی هەموو گرکرابوون تەنیا عەلی مابوو کە بدۆزرێتەوە، سەربان وبنبان نەما کە نەگەڕێن، تەنانەت دارستانی سنۆبەری پشت گەڕەکیشیان تەیکرد" کە تەنیا کونەبەبوو ڕووی تێدەکرد، بەڵام بێهودەبوو.

کاتێ وەختی خەو نزیك بویەوە، لە بێهەواڵی عەلی ترسیان لێنیشت، هەندێکیان ویستیان بچن دایك و براگەورەکەی عەلی ئاگاداربکەنەوە، بەڵام دواتر هەموو بڕیاریاندا کە پێکەوە بچنە سوراغی و هیچ شوێنێك نەهێڵنەوە. هەموو کون و کەلاوەکەکانی گەڕەگ گەڕان. تەنیا جێگەیەك کەمابوو نەگەڕێن" مزگەوتی گەڕەك بوو. کەس ئەو جێگەیەی بۆ خۆحەشاردان هەڵنەدەبژارد، چونکە ئەوشوێنە لە شەودا  گەلێك سامناك بوو مناڵان نەیاندەوێرا ڕوویتێبکەن، بەڵام هەر چۆنێك بێت پێیان لە جەرگی خۆیان نا و بڕیاریاندا ئەوێش تاقیبکەنەوە!

مندالەکان، جگە لە ترسیان لە تاریکی نێو مزگەوتەکە، ترسیان لە بەخەبەربوونەوەی مجێورە تورەکەش هەبوو، چونکە ئەو هەمیشە گۆچان و دارلاسیکێی لای خۆیەوە دانابوو بۆ ڕاونان و تەمبێکردنی مناڵان. ئەوان، بەترس و لەرزەوە مزگەوتەکە دەگەڕان، تەنیا شوێنیك کە مابوو ئاودەستە تەسك و بێبنمیچەکان بوو" کە لەسەر ڕاڕەوێکی تاریکی بێ گڵۆپ شانیان لەیەك جووتکردبوو. ئەم شوێنە ترسناکترین شوێنی مزگەوتەکەبوو، شوێنی مردووشتنیش کەوتبووە کۆتای ڕاڕەوەکە. چەند دارەمەیتێکی درێژی تەختەش لە سەر دیواری نیوان ئاودەستەکان لە قوڵایی تاریکیدا نقووم ببوون. کاتێك، ویستیان دەرگای ژەنگاوی یەکەم ئاودەست بخەنەسەرپشت" خشەیەك لە نێو دارەمەیتەکەوە هات و شتێك دەستیکرد بە جووڵە جوڵ. کاتێك بینیان کەسێك کە لەکفنێکی سپیەوە ئاڵاوە و خەریکە لەنێو تابوتەکەی خۆیدا بەرزدەبێتەوە و هەڵدێت بۆ لای تابووتەکانی تر.

یەکێکیان، کە چۆقەچۆقی ددانەکانی بە ئاسانی دەبیسترا، وتی:

– دیارە یەکێك لە مردووەکان لە گۆڕ ڕایکردووە و لەوێدا خۆی حەشارداوە!

یەکێکی تریان، لە ژێر کاریگەری چیرۆك و ئەفسانەکانی نەنکی هاتە گۆ:

– نەخێر، من دەزانم، ئەوە تەنیا لە جنۆکەکان دەوەشێتەوە!

مناڵەکان، دۆزینەوەی عەلییان لەبیر نەمابوو، بیریان چووبۆوە کە بۆ کاریکی وا ڕوویان لەم شوێنە کردووە. لە ترس و لەرزی جن و مردووە هەڵاتووەکە نەیان دەزانی چۆن چۆنی ڕێگەی گەڕانەوە بدۆزنەوە!

مردووەکە، یاخود ئەجنەکە! لەوە دەچوو لە زیندووەکان بترسێ و نەیەوێت کەس بیبینێت، ویستی هەڵبێت" بەڵام کفنەسپیەکەی لە دارەمەیتەکە گیربوو و هەر بەوێوە بەجێما، لەو کاتەدا لاقە باریکەکانی عەلی دەرکەوتن و بە سەردا بۆ ناو یەکێك لە ئاودەستەکان لەپەوڕوو هێژیا. هەموویان زانیان ئەو کەسەی نێو دارەمەیتەکە نە جن و نە مردوویەکی هەڵاتووی سەرقەبرانە" بەڵکو هاورێ زرت و زیندووەکەی خۆیان بوو، سەرەڕای ئەوەش لە ترساندا هەریەك بەرەو لایەك هەڵهاتن.

* * * * * * *

سالأنێك تێپەڕی، منالأن بوونە هەرزەکار، بیرەوەری و یادگاری شەوەکانی چاوشارکێیان لە بیر و هۆشدا مابوو. لەکاتی کۆبوونەوە و میواندارییەکانی یەکتردا ڕووداوە خۆشەکانی ئەو شەوانەیان بە گەرمی دەهێنایەوە یادی یەکتری. هەموو لۆمەی ڕیش و سمێڵی خۆیان دەکرد و لەدڵەوە خۆزەگەیان دەخواست کە منالأ بوونایە" تاکو خۆشی و شادی ئەو شەوانەش وەك خۆی درێژەی هەبووایە!

جەنگ، هەڵگیرساو سەراپای وڵات بۆنی باررووتی گرت. سەربازگیری زۆرەملێ گەنجەکانی سەرگەردانکرد. تیمە تایبەتەکان بەشوێن سەربازەهەڵاتووەکاندا لە هەموو لایەك بڵاودەبوونەوە و هەموو کون و قوژبنێکی شاریان دەپشکنی. لەو کاتە بەدواو چاوشارکێ دەستیپێکردوە، بەڵام ئەمجارەیان لە نێوان دوو تیپی دۆستدا نەبوو، بەڵکو لای بەرامبەر دوژمنێکی ترسناك بوو. گڕبوون لە لایەن تیمە تایبەتەکانەوە، زیندانی و تێهەڵدان، پاشان گەڕانەوە بۆ مەیدانەکانی جەنگی بەشوێنەوەبوو! ئەو کورە کوڕ بوو تا کۆتایی یاریەکە گڕنەکرێت و باشترین جێگە بۆ خۆقوتارکردن و شاردنەوە بدۆزێتەوە!

حسێنی دوکاندار، هەمیشە دوکانەکەی ببووە شوێنی کۆبوونەوە و وێستگەی گەنجانی گەڕەك. ئەو، سەرەڕای ئەوەی کە زۆرجار لەسەر قەرزوقۆڵە دەیکردە دەمەقاڵێ لەگەڵیان، بەڵام لەدڵەوە هەموویانی خۆشدەویست، چونکە ئەو گەنجانە هەموو بەبەرچاوی ئەوەوە گەورەبوون و قوناغەکانی منداڵی هەموویانی بینیبوو. ئەو هەمیشە بە گەنجەکانی دەووت:

ـ کوڕینە، پەند لە ئەزمونەکانی سەردەمی منالیتان وەربگرن، چاوشارکێ هەر چاوشارکێیە! گەر ئیوە ئازابن ئەوان ئێوەیان بۆ گڕناکرێت! عەلی گیان دەرسێکیان دابدە، تۆ پاڵەوانی چاوشارکێ بووی!

لە درێژبوونەوەی ڕۆژگارەکانی شەڕدا، دڵەڕاوکێ و گۆمانکردن لەیەکتری لە گەڕەکدا بڵاوبووەوە، ئەمجار هاوڕێیانی تیپی چاوشارکێ هەریەك بەتەنیا دەستیدایە چاوشارکێیەکی ڕاستەقینە لە بەرانبەر هاوڕێکانیان و تیمە تایبەتەکاندا. هەموو لەیەکتر خۆیاندەشاردەوە، کەس نەیدەویست ئەوی تر بزانێت بۆ کوێ دەچێت و لە کوێ خۆی قوتاردەکات!

ئیتر وەك پیشوو نەبوو! هەموو ماندوو و شەکەتی چاوشارکێ بوون. هەموو خۆزگەی ئەو ڕۆژەیان دەخواست کە یاریەکە بە کۆتایی خۆی بگات، بەڵام خۆزگە هیچ سەوزناکات و ڕۆژ بە ڕۆژ یاریەکە گەرمتر دەبوو.

حسێنی دوکانداریش، وەك جاران نەما، لە ئامۆژگاریکردنی یاریکەرەکان کەوت، تەنیا ژێربەژێر چاودێری دەکردن، ئەویش دەسڵەمێتەوە و لە ترسی سیخوور و پیاوخراپان لە دوکانەکەیدا دەستی بە کلاوەلارەکەی خۆیەوە گرتووە کە با نەیبات، بەڵام ڕۆژانە بە چاوی خۆی دیبینی کە یاریکەرەکان لە لایەن تیمە تایبەتەکانەوە گڕدەکرێن و لە کونجی زیندان قایمدەکرین و دواتریش بەرەو مەیدانەکانی جەنگ ڕەوانەدەکرێنەوە. ئەو لە دڵەوە خەفەتیدەخوات و مووی سەری ڕۆژ بە ڕۆژ سپیتر دەبوو.

لە هەمووی سەیر و سەمەرەتر بەلای حسێنی دوکاندارەوە" عەلی کۆنەپاڵەوان بوو، چوونکە بەبێئەوەی تیمە تایبەتەکان گڕیانکردبێت، بۆ خۆی دەستی لە سەری خۆی داو خۆی گڕکرد. ئەو کردەوەیەی عەلی لای هەمووان بە کارێکی ترسنۆکانە درایە قەڵەم، هیچ نەبێت وەك زۆر کەس دەیتوانی خۆی بگەیەنێتە لادێیەکی دوورەدەستی تیمە تایبەتەکان، گەر لە گەورەکان لە گەڵ مانگاو وڵاخیشدا بژیایە هێشتا لەو حاڵەتە سەرشۆڕیەی باشتربوو. تەواوی خەڵکی گەڕەك سەریان لەم فسفسپالەوانیەی عەلی سووڕمابوو! عەلیش، گوێی بە قسە و قسەڵۆکی کەس نەدەدا! بێدەنگی و کەنارەگیریەکەی منداڵی هەروەك خۆی مابوو هیچی لێکەم نەبووبۆوە. کاتێك پلارێکیان سەبارەت بە گڕبوونەکەی تێدەگرت ئەم لە وەڵامدا دەیالۆگی تەمسیلیەکی کوردی بەکاردەهێنا و بە پێکەنینەوە پێیدەوتن:

ـ قەیدی نیە، دنیا گۆڕایە، خەڵکی زۆرزان بینە، زۆرزان!

سەربازە گڕکراوەکان، دوای دەمچەورکردنی ئەفسەرەکانیان، مانگی جارێك مۆڵەتیان وەردەگرت، بەڵام ئەوەی سەری خەڵکی گەڕەکی ئاوساندبوو" دەرچوونی عەلی بوو لەو ڕۆتینیاتە! ئەو، لە دوانیوەڕۆی هەموو پێنج شەممەیەکدا بە جلی سەربازیەوە خۆیدەکردەوە بەگەڕکدا، پێش ئەوەی بچێتە ماڵەوە، سەرەتا لای حسێنی دوکاندار لایدەدا و دەستیدەکرد بە بسکیت و کۆلا

خواردن، هەر لەوێشدا دەمایەوە و گێژە گێژیدەکرد تاکو زۆربەی خەڵکی گەڕەکی دەیبینی. کاتێک، پرسیاری چۆنیەتی ئەو هەموو مۆڵەتانەیان لێدەکرد، لەوەڵامدا دەیووت:

- ئامری وەحدەکەمان، هاوڕێی سەردەمی قوتابی کاکم دەرچوو، هەر زوو زوو بانگم دەکات و وەرەقەیەکی مۆڵەتی جومعە و پێنج شەممەم دەخاتە گیرفانەوە، بە جۆرێک خەجاڵەتی کردووم، بڕواتانبێت خۆمی لێدەشارمەوە لە تاو ئەو هەموو مۆڵەتانەی کە دەمداتێ!

پاشی چەند مانگێک سەربازی، عەلی ئیوارەی پێنج شەممەیەك خۆی کردەوە بە گەڕەکدا و هەروەك جاران لای حسێنی دوکاندار لایدایەوە بۆ کوڵا و بسکیت خواردنەکەی. خەڵکەکە بینیان، ئەمجارەیان عەلی خەتێکیشی وەرگرتبوو، هەموو بەجارێك سەریان سووڕما لە بەرزبوونەوەی پلەوپایەی سەربازی عەلی!

کاتێك پرسیاریان لێدەکرد سەبارەت بە خەتەکەی، دەیووت:

- ئامرەکەم دایمێ، بڕواتانبێت دەیوست دوو خەتم بەسەریەکەوە بداتێ کەچی من خۆم نەمویست و بەزۆر دانەیەکیانم لێوەرگرت، چونکە وەك عەرەب دەڵێت:" گەر هاوڕێکەت شیرین بوو نابێت هەمووی بخۆییت."، وا بزانم دڵیشی لێم زویربوو، گەر کار وابڕوات و لەشوێنی خۆم بمێنم دوورنیە تاکو کۆتای ساڵ ئەستێرەیەکی سەرشانیش وەربگرم!



لەو ڕۆژەوە، عەلی نازناوی عەریفی بۆ زیادبوو و هەموو بە عەریف عەلی بانگیاندەکرد.

ڕوخساری عەریف عەلی، لە دوای هەر مۆڵەتێك سپی و سوڵتر دیاربوو" بە پێچەوانەی هاوڕێکانی تریەوە کە خۆرەتاو کردبوونی بە قەترانی ڕەش.

خەڵکی، ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر گومانیان لە عەریف عەلی پەیدادەکرد، چونکە قسە، هەڵسووکەوتەکان و ڕوخسارە سپیەکەی لەگەڵ بارودۆخی ئەو ڕۆژانەدا ناتەبا دیاربوو! پێش ئەوەی پەتی هەموو گومانەکان بڕەونەوە، نهێنیەکانی عەلی وەك تەپەتۆز سەرئاو بکەون" لە یەکەم ڕۆژی شکستی حکومەتی تیمە تایبەتەکان لە بەرەکانی جەنگدا، عەلی هاتە بەر دوکانی حسێن و بە هاوڕێکان و دەوروداوسێی ڕایگەیاند کە ئەوەی لەو ماوەیەدا ئەو کردویتی" تەنیا بە شێك بوو لە یاری چاوشارکێکە!

ئەو، بە درێژایی جەنگ نەچووبووە سەربازی، ڕۆژانی پێنج شەممان لە ماڵی کاکیەوە کە لە قەراخ شاربوو، بە جلی سەربازی و بە مۆڵەتێکی تەزویرەوە دەگەڕایەوە بۆ گەڕەکی خۆیان، تاکو ڕۆژی شەممە لە ماڵ دەمایەوە، پاشان دەگەڕایەوە ماڵی کاکی و ڕۆژەکانی تری هەفتەی لە کونی ژوورەوە لەوێ بە سەردەبرد، هەربۆیە تادەهات ڕەنگ و ڕوخساری لە نەبوونی خۆردا سپی دەبووەوە.

بۆ یەکەمین کەڕەت، دوای دۆڕاندنی تیمە تایبەتەکان و سەرکەوتنی عەریف عەلی لە چاوشارکێکەدا" حسێنی دوکاندار پارەی کوڵا و پسکیتەکەی لێنەستاند!

یۆتیبۆری سەوێد    سەردار عەبدوڵا

.......................................................................

## ئـــەویـــن

مۆسیقای
قەسیدە
موسافیرەکان

سۆندێکی
سەیری
ڕەنگاڵەییە

کە هاو سەفەرا
لە
لە قەفەسە کانی
چرکە و
ڕۆژ و
هەفتە و
مانگ و
ساڵەکانی وەسوەسە دا بۆ یەکتری دەخوێن

ئەوین تەنیایی داهێنا و
تەنیاییش داهێنراوی ئەوە

.......................................

قەسیدە : فەجری موناجاتە

قەقنەس : خانەیەکی لەشی کەونە، ماڵ ونیشتمانیش ( کە گوایە فرزەندی ئازادین) ویدەچێ لە وانەکانی ئەو چێببوون!

داهێنان: خۆ حەشاردانە لە چاوو زار و شۆلکیدەستی مەرگێکی بەد

تەنیایی: خەزانستانی کۆتەڵەکانی بەهار و . . . و
بەهارستانی کۆتەڵستانە

نووسینی ئەنوەری زەشی عەولا

## چمکێکی چکۆلە لە ڕۆمانی

## ســــارا

دەهەمین بەشی

نووسینی عەلی کیتابی



سەعدون دەستی برد برێك فتیلەی فامۆسەكەی هەلكشاند بەلاّم فایدەی نەبوو شەوقی نەك زیاد نەبوو كوژایەوە. ئەحمەدیش وتی:

– لام وایە زۆر سەرم ئێشاندی؟

ئەحمەد كە هەر هەموو لەشی كردبووە گوێچكە و بۆ بیستنی بەسەرهاتەكەی ئەوی شلكردبوو وتی:

كاكە سەعدوونگیان ئێستا سەعات سێی دوای نیوەشەوە من زۆرم پێخۆشە بزانم كچەو خەلّیفە خورشی چیان بەسەرهات .

سەعدوون درێژەی بە باسەكە دا وتی:

= وەرزی بەهارە و دوارۆژەكانی مانگی خاكەلێوەیە. بارانێكی زۆر باریوە تازە هەلّیبرنگاندوە، منیش لە مالّەوە تەندور هێلەهێلّ دەگڕێ مەنجەلێك دۆخەوای لەسەرە، خەلّیفە خورشی مات و مەلوولی كارەساتی خۆكردوویەتی كە بە هیچ كولۆجێ بۆی پینە ناكرێ. كەوجێزێكی قورس و قایمی مسینی بە دەستەوەیە، مای دۆكولّیو دێنێتەوە، فاتمی خوشكم خەریكە (گەمرە) دەخاتە تەندوورەكەدا. مندالّەكانی باوەژنم هاتنە مالّەوە بە دایكیان وت:

– دایە گیان بە خوا دەلّێن فاتمە چاولاری خۆمان ئەو خەبەرەی بۆ هاوسێشێعەكانمان گێراوەتەوە، وتوویەتی: شێخ ئاغاكامیل لەمالّی ئێمە سكی ئەوكچەی پڕكردوە!

مەنجەلّە دۆكولّیوی سوورەبنە و نۆكە كەوسێرە تێكراو، قولّتەقولّت دەكولّێ، چاوەڕوانین بۆمان تێكات.

خەلّیفە خورشی قین لەدلّ بە هەموو هێزی كەوجێزە مسینە قایم و قۆلّكەی كێشا بە نەخشی تەوێلّی فاتمی خوشكم دا و وتی:

– لە شێخ قادری شێخ كەریمی كرپچنەم گەرەكە بتكاتە پەنی دنیاو قیامەت.

خوێن لە هەرتك كونە لووتی فاتم بەلەمیسكەی بەست، بە هەموو هێزی زیراندی و وتی:

– ئەی كاكە سەعدون بە قوربانتبم فریامكەوە مەیەلّە بمكوژێ،

ئیتر خۆم بۆ نەگیرا پرمدایە لەنگەریە دۆكولّیوی پڕ لە كەف و كولّی بەردەیتستی باوەژنم، بەهەموو هێزم كردم بە چروچاویدا،

ئەمجار باوەژنم پڕ بەخۆی نەڕاندی و لەترێكیدا و بەسەرەوە چووە ناو قازانە دۆكولّیوەكەدا، بەشێك لە دۆكولّیوەكە ڕژایە ناو گرو بلّێسەی تەنوورەكە، دووكەلّ و هەلّم و بۆق ناوماڵی كردە شەوەزەنگ! من پەشۆكام دەرکم كرد چ بەلاّیەكم بەسەر خەلّیفە خورشی باوەژنم دا هێناوە. بە پەلە پرۆزی و پەلكوتان كەوشەكانم گرت بە دەستەوە لە ترسان وەك تیزكەی تفەنگ لە درگا دەرپەڕیم بە پێخاوسی و كەوش بەدەستەوە بە لچی چەما، ئەمجار كەوشەكانم لەپێكرد و پسكەپسك بە شیوەلێكدا خۆم گەیاندە بەرزاییەك، ئاواییم گرتە ژێر سەرنج تا بزانم پاش هەلاّتنی من چی ڕوویداوە.

هەر لە نیوەڕۆوە تا ئێوارە لە پەنای بەردێكدا خۆم مت كرد. كە تاریك داهات بە پەناپسكێ خۆمكردە مالّی دەستەبرایەكم كە تورك و شێعەبوو. زۆر یارمەتیان دام، سێشەوو ڕۆژ شاردمیانەوە، هەر چەن سەعات جارێك خەبەری تازەیان بۆ دەهێنام، وتیان: لە ناوقەدی بەرەوژوور وەك چۆنەری بریانی لێهاتوە، بە دارەتەرم بردوویانەتە شارۆچكەی (قوروە) لە حالّەتی مان و نەمانداییە. پاش سێشەوو ڕۆژ حەشاردان لە ڕێی خوا، برێك پارەیان دامێ بۆ خەرجی و ئەو هەلاّتنە كە هەلاّتم ئەوە چوارسالّە لێرەم.

ئەحمەد كە ماوەی چەندینسەعاتە لە پیشدا لە بەر شۆلّەی كزی فانۆسە برسیەكەی سەعدوون دا، پاشانیش بەتاریكی لەناو بوومدڕی ورگی كیودا! گشتگیانی كردبوە گوێچكە و بۆ خانەخوێ شلكردوە، ئێستا لە حالەتێكی چەن (فاكتۆ)دایە گریان و پێكەنین بەربینی گتوە! دەلّێ:

خۆگشت خەلیفەی قادری ئاورخۆرن! چۆنە خەلێفە خورشی باوەژنت ئاور خواردی!؟ زۆر سەیرە چۆن بەو گشتە شیخ و مەششایەخەوە نەیانتوانی، چاوی لار و وێری خوشكت كوێركەن، كە بە بێئیمانی و خەیانەتەوە لە پشتی پەردەوە تماشای تۆبە دادانی جەنابی شێخ كامیل و خەلیفە خورشی لەكاتی تۆبەدادانی كچە دراوسێكەتانی كردبوو؟ بەلاّم تۆ توانیت بە تەنیا لەگەنێك كەف و كولّی دۆكولّیو خەلیفەخورشی گۆج و كوێر و كەچەلّ كەیت. دەك بەقوربانی دەستتبم: بەخوا بۆ ئەوە دەبێ دەستت ماچ كەن. ئێستا خەبەرت لە خوشك و براكانت هەیە؟

ئەرێوەلاّ، دوای ئەو كارەسات و ڕیسواییە كە بەسەر شێخ و خەلیفە خورشی باوەژندا هات! براگەورەكەم شكات لە باوەژنم دەكات، بەشەمالّ و باخ و زەوێوزار بۆخۆیو بەشی نیوەبرایەك بۆ فاتمی خوشكم جیادەكاتەوە، ئێستا ژنی هێناوە خاوەن مالّ و حالّی خۆیەتی و فاتمی خوشكیش شووی كردوە و لای مێرد و مالّی خۆیەتی. ئەحمەد دەلّێ: ئەی خەلیفەخورشی و مندالّەكانی؟

– باوەژنم بۆتە خەلێفەیەكی ئەوتۆ! ئێستا نەك نامەحرەم بەلّكە مندالەكانی خۆیشی بەباشی ڕوالّەتی نابینن. ئەوسا بڕیاری دابوو قەت شوو نەكات، ئێستا بڕیاری داوە كەس ڕوالّەتی نەبینێ، مەگەر بە دەگمەن مندالّەكانی ڕوالّەتی ببنن.)

* * *

پیاوێكی چوارشانەی قژ زەردی چاوشین، بەنی دووربینێك لەملدا، دوو دەستیار بەدوایەوەن. سەعدوون دەلّێ:

ئا ئەوەیە ئەو كەسەی ئەو وێنە جوانانەی بۆتۆ هێناوە.

ئەحمەد بە پەلە بەرەو موهەندیس و ئەویش بەرەو ئەحمەد. كە گەیشتنە یەك دەست و مشتاقیان پێكەوە كرد. ئەمجار موهەندیس بە پیچەوانەی ڕەسم و یاسای خۆی چوارجار ئەملاولای ئەحمەدی ماچكرد و وتی:

دووجاریا لە جیاتی سەلمە و دووجاریان لە جیاتی مارياو دایكی ماریا. دیسانەوە جارێكی تریش ئەملاولای ماچكردەوە وتی:

– ئائەمەش لە جیاتی خۆم.

كە ئەحمەد دەباتە ناو هۆدەكەی خۆی پەزیراییەكی باشی لێدەكات. كە ئالبومە تازەكەی خۆی دەخاتە ئیختیاری ئەحمەد. كە ئەحمەد بە دیقەت و

ئامەزرۆییەوە دەنوارێتە ئالبومی تایبەتی کاکەی موهەندیس. دەیان وێنەی جۆراو جۆری پێنج کەسی تێدا دەبینێ. سەلمە و خانمی ئەندازیار و مامکەریم و پیرێژنێکی پۆپ سپی و ئەم کاکی ئەندازیاری حازریە. کە ئێستا میوانداری لێدەکات.

لە وێنەیەکی تایبەتی شەش کەسیدا، هەر پێنجیان بەئیزافەی منداڵە کۆرپەیەکی قژکاڵی شیرین بە باوەشی ئەم کاکی ئەندازیاری حازریەوە. پاشان ئالبومێکی چکۆلەی باخەڵی لەگیرفانی دەردێنێ، کە تایبەتی جێژنی زەماوەندی خۆی و خانمی ئەندازیارە.

کاکی موهەندیس توانی بەزمانێکی جەقەتاوی کوردیو ئینگلیسی و کوردی و بە ئیشارە بەوێنەکان، ئەحمەد لە چۆنیەتی ژیانی سەلمە و مامکەریم ئاگادار کات و بڵێ:

– سەلمە زمان فێربووە، نووسین و خوێندنەوەی سەرەتاییش دەزانێ مامکەریمیش دەتوانێ بڕێك وەڵامی پرسیاری سەرەتایی بۆ کاروباری ژیانی ڕۆژانەی بداتەوە. ئا ئەمەیش نووسراوەیەکی کورتە کە سەلمە بەدەست و قەڵەمی خۆی بۆتۆی نووسیوە، من بۆتی دەخوێنمەوە. سەلمە توانیویەتی بە کورتی مانای ئەم وشانە لەناو نامەکەیدا بۆتۆ بگونجێنێ و بڵێ:

کاکەحمەد گیان، بەچاوەکانی حەمەچکۆل و سارای جوانەمەرگمان! تا لەژیاندابم مەگەر مەرگ دەنا فەرامۆشت ناکەم. تکایە سڵاوی من و باوکم بە دایکت ڕاگەیەنە، تۆخوا لەبەر خاتری دایکە پیرەکەت ئاگات لەخۆتبێ. بۆ ئەوەی بڕوات بە هەڵگری ئەم مامەیەی من بێت. هەڵگرو هێنەری ئەم نامەیە، هاوڕێی خۆشەویست و باوکی تاقانە فرزەندەکەی خانمی ئەندازیارە.

هەر وەها ئەو نەختاڵە پوولەی کە کرێی سەرەتاییترین کارو ڕنجی سێقۆڵی ئەوسای من و تۆ و باوکم بوو، تۆو باوکم لەسەری کردتانە کێشە! ئەوسا تۆ لێت وەر نەکرت، بەڵام ئێستا ناتوانی وەری نەگری. ئێستا باوکم بە هەڵی زانیوە لەگەڵ بڕێکی کەمیتر و چەن دیاریەکی بچووکی تر بۆی ناردوی هیوادارین وەك هەقی خۆت و دایکت کەڵکیان لێوەرگرن.

خوشکت سەلمەی کەریم کەلوڕ

* * *

ئێستا ئەحمەد لەژێر فەرمان و چاودێری ڕاستەوخۆی کاکەی ئەندازیاردا لەسەرکار دامەزراوە. زۆر زوو لەناو کرێکاراندا جێگای خۆی کردۆتەوە و بۆتە جێگای متمانەی ڕازو نیازی کرێکاران و هاو چەشنەکانی. پاشماوەی پایزو سێمانگەی زستانی ناوەتە پشتی سەر. مانگی خاکەلێوەی گەرمێن وەك مانگی گوڵانی کوێستان وایە، دەر و دەشت و تەپۆلکە و کەناری شەتاگە و ڕوبار، تێکرا بە گژ و گیاو گوڵاڵەی کەسك و سەوز و سووری بەهاری ڕازاونەتەوە. هەڵاڵە گوڵاڵەسوێسنەی داوین چیاکان و نێرگس جارەکانی دەشتی شارەزوور، بەناوبانگترین بۆنشۆشترین گوڵاڵەی بەهاری گەرمیانە.

ئەحمە باوەشێك گوڵاڵەنێرگسی بە ئیشتیای خۆی چەپك چەپك بەستوە، بەبەر دەرکی ماڵە بوومدرەکانی کرێکارانی شەریکەی سەددی دەربەندیخاندا دەخولێتەوە، بەهەر کەسێك دەوسکێك گوڵە نێرگس بەناوی پیشوازی لە جێژنی یەکی ئەیارەوە پیشکەکی پیشکەش دەکات و دەڵێ:

هاوڕێیان هیوادارم لێم ببوورن، بەداخەوەم کە ناتوانم لە ڕۆژی یەکی ئەیار واتەجێژنی جیهانی ئێمەی چینی کرێکاراندا بەشداربم.

ئادەگاتە بەر دەرکی هۆدەی تایبەتی کاکی موهەندیس تاقەدوو چڵی بەدەستەوە دەمێنێ، یەکێکیان دەکاتە بەرۆکی کراسەکەی ئاغای مەهەندیس دا، هێشتا بڕیاری نەداوە ئەویتریان چیلێ بکا.

ئاغای ئەندازیار تماشایەکی کرێکارەکان دەکات دەبینێ هەریەك چەپکێك نێرگسی بەدەستەوەیە، تماشایەکی بەرۆکی خۆی دەکات دەبینی تاقە چڵێکی پێوەیە. دەچێتە ناو بەحری بیر کردنەوە. ئەمجار کە بە ئەحمەدا هەڵدەڕوانێ دەبینێ ئەویش تاقە چڵێکی بەدەستەوەیە جاروبار بۆنی دەکات. سەراپای ئەحمەد بە چاو دەپشکنێ و دەڵێ:

ئەحمەد گیان ئەوە هۆی چیە بەهەر کرێکارێك چەپکە گوڵێکت بەخشیوە تاقە چڵێکت بەمن داوە؟

– بە بزەیەکەوە دەڵێ:

من لێرەدا نیوە کرێکارێکی تەواویش نیم. ئەوەتانێ بەیانی دەبێ بەجێتانبێڵم و بڕۆمەوە، بەداخەوە هەتتا ناتوانم لە تاقە ڕۆژی جێژنی کرێکاراندا بەشداریان لەگەڵ بکەم. موهەندیس بە پێکەنینەوە دەڵێ.. ئەی من ؟

ئەتۆ هەمیشە گوڵ و گوڵدان لەناو هۆدە و سەر مێزەکەت و لەبەر دەستتدایە و قەت تیشکی هەتاوی هاوین گۆشتی لەشت نابرژێنێ!

موهەندس دەستی ئەحمەد دەگرێ و پێکەوە بە تەمووی کێوە کونکراوەکەدا هەڵدەگەڕێن، بەرداو بەرد خۆیان دەگەیەننە پشتی تەراشە کونکراوەکە، کە زاڵە بەسەر گشت کارگەو کەرەستە و خانووچکە بوومدرە نشیمەنەکانی کرێکاراندا. لەسەر گاشەبەردێ بۆیدادەنیشن. کاکەی موهەندس دەڵێ:

کاکەحمەد گیان ئەوە حەوتساڵە من ئاموشۆی کوردستان دەکەم ئەوەتانی ئێستا دەتوانم بە زمانی کوردی زۆربەی خواست و مەتڵەبی خۆم بە کرێکاران ڕا گەیەنم و تا ڕادەیەکی زۆر لێیان حاڵیبم. من زۆر هەڵویست و فەرهەنگی کۆمەڵایەتی کوردیم دەرك کردوە، زۆر لە دەرك و ئیخلاق ە بۆچوونی تۆ ڕازیم بەڵام بریا گشت کرێکاران و زەحمەتکێشانی کورد وەك تۆ بیریان بکردبا. ناڵێم کەسانی وەکتۆ نین، هەن بەڵام بەداخەوە یەکجار کەمن. بەداخەوە نەخۆیان و نەخاوەن کارەکانیان ناناسن! نازانن ئەمکێوە ئێستا لەژێر من و تۆدایە، بە هێز و خوێن ئارەقی لەشی کرێکاران کونکراوە. ئا ئەم ئاوی چۆمی سیروانە کە لەپیشچاوی منو تۆدا دەهاژێنێو دەلرفێنێ، بە هێزی شان و پیلی کرێکاران بەربەست دەکرێ و دەبەسترێتەوە و دەستەمۆ دەکرێت.

پاش هەڵویستەیەکی کورت دیچتەوە سەر باسەکەی و دەڵێ:

= ئا ئەو بوڵدێزرانەی دەیانبینی کێو دەڕووخێنن. ئەوانیش بە ڕەنج و مەینەت و مەرارەتی کرێکارانێك دروست دەکرێت کە بۆ وەچنگهێنانی ئالیاژێ، لە

کانی بەۆدی ئاسن و کانی خەڵووزی بەردا لەقووڵای زەویندا، کۆمەڵ کۆمەڵ لە ژێر ملیۆنەها خەڵوار بەرد و خۆڵدا بۆ هەمیشە دەپلیشێنەوە. هەروەك تا ئێستا دەیان کرێکا لە ناو ئەو تونێلەی من و تۆ لەسەری دانیشتووین، لە ژێر هەرەسی گڵ و خۆڵدا گیانیان لەدەس داوە. پاش مانگێك جا تەرمی پلیشاو و ئەنجن ئەنجن کراویا هیناوەنەتە دەرەوە. بەڵێ وەك وتم بۆ وەچنگ هێنانی ئالیاژی ئەو ماشێنالاتانە، لاشەی هەزاران کریکار لەژێر کێوو کانگاکاندا، بەدڵێ پڕ لە ئاوات و ئارەزووی وەچنگهینانی ژیانێکی باشتر و پاروەنانێك بۆ ماڵ و منداڵەکانیان زیندە بەگۆڕ بوون و هەزاران دایك و منداڵ و ... بێباب و سەرپەرست و ناناوەر ماونەتەوە.

کاکەی موهەندس بە دووربینەکەی تماشایەکی ئەملاولای کێوەکانی زمناکۆ، شەمێران و باڵامبۆی کرد. دەبینی هێشتا بەفر بە زۆر شوێنی لانزار و کلاوەی کێوەکانەوە ماوە، ناوقەدی کێوەکان هێشتا دارو دەوەن گەڵایان نەکردوە، کەچی ئەمبەرەو بەری چۆمی سیروان و تەنگەی دەربەندیخان و داوێن چیاو پێدەشتەکان بە گەڵاو گوڵ و هەڵاڵەی هەرمێکێویلە چواڵەو ئەرخەوان ڕازاونەتەوە. کە برێکیتر ئاوری بەرەو کێوی شاهۆ هەلکشاند هێشتا لووسە لەبەفر، قاڵاو نشین ڕەشکەنەکی پێوە وەدیناکرێ، ئەمجار دەست و دووربینەکەی بەرەو ئەحمەد ئارایشت کرد.

ئەحمەد دوربینەکەی لێوەرگرت و بە دیقەت بەچاوی خۆی تەنزیمی کرد. دیمەنی کێوەکانی زمناکۆ و شاهۆ و شەمیران و دەوروبەری دەربەندیخان بۆ ئەو زۆر سەرنجڕاکێش نەبوو، چونکە ئەولەبەرزاییەکانی شێخەڵتاریکەوە لە دوورەوە کوێستانەکانی قەندیل و سەهەند و سەبەڵان و کوێستانی ماینبلاخ، بەتایبەت چلچەمەی لەپێشچاو بوو. وردەوردە سەرنجی لەسەر کێوەکان هێنایە خوارەوە بۆ سەر چۆمی سیروان. سیروان بە پێچ و قەمچ و لرفەلرف و هاژەهاژییەوە دەڵێی حەزیایە بە هەموو هێزی خۆی بەمبەر و بەوبەری بەرکاو و ڕەوەز و ڕەهۆڵە بەردەکاندا دەدات. جاروبار تا نێو قەدی ڕەوەزە بەردەکان بەرز دەبێتەوە پاشان شڵپ دەکەویتەوە ناو دڵی خۆیەوە. دیسانەوە بە کەفچەران و لووشەلووش بەرەو هەواری یەکجاری کە لەپیشدا چۆمی دیجلەو فوڕات و پاشان خەلیجی عەجەمە درێژە بەسەفەری خۆی دەدات.

پیرەدارێکی کوهەنساڵ، کە ساڵەها لە بەرانبەری بای بەهێز و بەفر و بۆران و سەرماو گەرمادا بەربەرەکانێی کردوە. بە مرووری زەمان چۆمی سیروان لێی نزیکبۆتەوە خۆڵ و خڕەبەردەکانی ژێر ڕەگ و ڕیشەی شۆردۆتەوە و کێشاوەتەوە و بەزۆرەملێ وەك تالانچی لە گەڵخۆیدا ڕایدەماڵێ. هەرکات دەگاتە جێگایەکی برێك مەنگ، هێدی هێدی بەشێکی زۆر لە قوسیایی و قەد قیافەی خۆی دەنوێنێ، لە سەرەتای قەڵبەزەکان گشت قەوارە و لقەکانی دەردەکەون، ئەمجار وەك مەلەوانێکی کارامە شیریجە دەبات و وەها نوقم دەبێ بۆ ماوەیەك ون دەبێت پاشان سەدان مەتر لە خوارترەوە سەر دەردێنێتەوە. جاروباریش دەڵێی چاوشارکێ دەکات لە لەحزەیەکدا چەنجار سەر دەردێنی وندەبێتەوە. جاروباریش وەك بەراز پۆزەی دەردێنی و برێك لە کازەرەی پشتی دەکەوێتەدەر.

هاژە و هووژە و جۆش و خورۆشی سیروا بەتایبەت لە تەنگە و قەڵبەزەکاندا بۆ ئەحمەد هێند سەرنجڕاکێشە، هێندە بەتامەزرۆیی دەنواڕێتە سیروان دەوروبەری، سەری دەگێژێتەوە و چاوەکانی مۆلەق دەبن. کە دوربینەکە دادەنی و ئاوڕ دەداتەوە دەبینێ کاکی ئەندازیار بەسەر گاشەبەردێکدا تلیساوەتەوە، هیندە ئارەقەی کردوە دەڵێی گوێت گرتوە و لەگۆمت هەڵکێشاوە، گژنیژەی ئارەق لەناو چاڵی تینیدا گۆلی کردوە، ناوسینگی موواوی بە زنەی ئارەقەوە دەڵێی ( مێرگە زەردەڵە)ی دوشتی هەوەتوە. هێدی هێدی خوناو لەسەر تیسکی مووی باسکیەوە دەتکێنە سەر ئەو تاشەبەردەی کە لەسەری نوستووە.

ئەحمەد بۆماوەیەك دوودڵ تێی دەڕوانێ دڵی نایەت لەو خەوە خۆشە ڕایچڵەکێنێ. ویستی بچێت کلاوەکەی کە تلۆر بووبۆوە بۆی بێنێتەوە. لەناکاو وەخەبەرهات، باویشکێکی دا بەدەسماڵێك ئارەقەی سەرو چاوی سڕی و وتی: بەخوا خەوێکی خۆشم لێکەوت، لەپاڵێکی نایە ژێر چەناکەی ئەویتریانی نایە سەرسەری، وەك کەسێك شووتی تاقیکاتەوە بزانی گەیشتوە یاننا، جارێك بەڕاستا و جارێك بەچەپدا ملی خۆی بادا، قرمقرم دەتگوت تووڵچەپەری وشك دەشکێنێ. هەمدیس دەستیدایەوە دووربینەکەی و گەشتێکیتری بەشاخ و داخ و هەرد و بوومی گەرمێن و کوێستاندا کرد. پاشان خولەخول سەرنجی هێنایەوە سەر چۆمی سیروان و دەوروبەری کارگە و کارخانەی سەدسازی دەربەندیخان.

ئەحمەد کە سەرنجیدا، کاکەی ئەندازیار بەدەم تماشاکردنی دووربینەکەیەوە بزە کەوتۆتە سەرلێوەکانی، باشتر تێفکری بینی تادێت شیرەبزی سەر لێوەکانی بە زەردەخەنە و پاشان زەردە خەنەیش بووبە پێکەنینێکی ئەوتۆ لە دەروونەوە وەك مەنجەڵ دەکوڵێ.

کاکی ئەندازیار لە دڵەوە وەك حەوجۆش هاتۆتەکوڵ، فرمێسکی چاوەکانی بە گۆناکانیدا دێنە خوارەوە، بیبیلەی چاوی دووربینەکەیان، وەها لێڵ کردوە، ناچار دەست لەتماشا کردن هەڵدەگرێ، بەڵام ناتوانی بەر بە قوڵپەی پێکەنینی خۆی بگرێت. پاش سڕینی ئەشکی چاوەکانی بەقاقایەکی بڵیند گشت هەستی پەنگ خواردووی ناو دڵ و دەروونی خاڵی کردەوە. ئەحمەد بە سەرسامییەوە هاتە پرسیار و وتی:

– تۆ خوا پێم بڵێ بە چی پێدەکەنی تۆ بڵێی شتێکی سەیرت هاتۆتە پێشچاو؟

– ئەرێوەڵا ئەحمەدگیان، شتی وا سەیر و سەمەرە مەگە هەر چارلیچاپلێن خولقاندبێتی. کابرایەکی شاقەلشۆڕی (چادرپا) بەسەتڵ و جامیکەوە بە پەلە خۆی بەردایەوە بۆ چەم، کە گەیشتە ناو چڕو داری قۆپییەکە بەکۆڵانی دارەکاندا بۆلێواری چۆمەکە، بێخەبەر لەوەی سێچوار ژن خەریکی مەلەکردنن، لە پڕ کەچاوی بەلەخت و لاری لوختیان کەوت، وەك سەربازێکی ترسەنۆك بکەوێتەناو کەمینی دوژمنەوە دەست و پێی خۆی ونکات، یان وەك کارمامزێکی سرك لە ناکاو بکەوێتە بەر پەلاماری پڵنگ و بسڵەمێتەوە لەترسی

مەرگ خۆی بەدارو بەردا بدات. کابرایش ئاوەها سڵەمییەوە! سەتڵ و تاسەکەی فڕێدا هێندە بەپەلە بەرەو دوا هەڵات بەکەلەوە کێشای بە کۆتەرەی دارێکدا، دیاربوو وەك بەرازی زامدار زریکاندیو کەوت. ژنەکان بەپەلە گەیشتنەسەری و قۆڵیان خستە ژێر پاو پووز و شانو مل و سەرو سەکوتی خوێناوی تا لەو حاڵەتە ڕزگاری کەن. گەرچی ژنەکان مایۆ و مەمکبەندیان پێوەبوو، بەڵام کابرا کە چاوی بە باسك و ڕانی ڕووت و تەڕو تلیسکی وەك ماسی لووسیان کەوت. وەك کەسێك لە شەوەزنگا چاوی بەرپێی خۆی نەبینێ، ڕاپەڕێت و خۆی لەچنگ دوژمنی قەستی سەری ڕزگارکات، سەری لێ بشێوێ و ڕێگای دەربازبون ونکات. هەڵات و شڵپ کەوتە ناو لێوارەی چۆمی سیروان و ئاوڕای ماڵی. دیاربوو ژنەکان سەرەتا زۆریان پێ‌سەربوو بەڵام کە دیتیان چۆم کابرای ڕاماڵی پاش هەڵوێستەیەکی کورت بەڕاکردن بەلێوی چۆما بەرەو گوڕانیان داوە، خۆیان خستە ناو سیروان بکێش بکێش کیشایانە دەرەوە و لەمەرگ ڕزگاریانکرد.

هەرچەند کابر دیسانەوە پەلەقاژێ دەکرد بەڵام ژنەکان ماوڵیان نەدا بەزۆر داگیریانکرد برینەکەیان بەست و جاخۆیان پۆشتەکردەوە بکیش بکێش بەرەو دەرمانگای شەریکەیان برد. ئەحمەد بە پێکەنینەوە وتێ:

من ئەو کابرایە باش دەناسم، جافە کێویلەیەکی ناحاڵی و دەروێشێکی بژ ڕشکنە بێئەوەی بزانێ لە سراپەردەی شیخ و مەشایەخەکەیدا چ دەگوزەرێ؟!

– باشت ناسیون، من و (ماریا) ئەمە حەوتساڵە دەربارەی شەریعەت و تەریقەتی مەلاو شێخ و مەشایەخ کار و پیشە و فەرهەنگ و فۆلکلۆری شار و گوندەکانی کوردستان بەڵگە و دوکومێنت کۆ دەکەینەوە.

کاکی موهەندیس پاش چەند چرکەیەك لەناکاو ئاڵوگۆڕێك بەسەر ڕواڵەتە پێکەنیناویەکەیدا هات، ئەو دڵەی ساتی لەمەو پێش وەك سەماوەر هاتبووە کوڵ، ئەولێوانەی بە بزە وزەردەخەنەوە بوون، ئێستا بە دڵێکی ماڵاماڵە لە ڕق و قینەوە ڕوو دەکاتە ئەحمەد و دەڵی:

– کاکەحمەد گیان خەتای ئەو دەروێشەنییە، خەتای یاسا و ڕێسا و فەرهەنگێکە کە داسەپاوە بەسەر زۆربەی هەژارانی سەر ئەم گۆی زەوینەدا. من دڵنیام ئەگەر ئەو دەروێشە ناحاڵی و سۆفیلکە ساویلکانەیش، وەك من و تۆ، دام و دەزگای مەلا و شێخ و شەریعەتی زاڵ و داسەپاو بەسەر کوردەواریدا دەرك بکەن. قەت خۆیان ناکەنە مەقاشی دەستی میر و مەلاّ و قەشە و شێخ و ... بەڵام بەداخەوە ئەگەر بەکرێگیراوی ناو مزگەوت و خانەقاکان وەك منو تۆ شایەتی ئەم ڕووداوەبوایەن، زۆر زیرەکانە و ئاوەژوو کەڵکیان لێ وەردەگرت و دەیانگوت:

دەروێشێك چووە لە چۆمی سیروان ئاوبێنێ "عەمدەن" تماشای گەڵ و گوانی لوخت و عوریانی چەند ژنە قاحبەی کافری فەرەنگی کردوە، بۆیە خوا چاوی کوێر کردوە کەوتۆتە ناو چۆمی سیروانەوە. بەمجۆرە پڕوپاگاندە بەقازانجی مەلا ومزگەوت و شێخ و مەشایەخ؟! میشکی منداڵ و مەزنی خەڵکی نەخوێندەواری گوند وشارەکان پڕ دەکەن.

دیسانەوە پاش بێدەنگی و بیر کردنەەیەك درێژە بە باسەکەی دەدات و دەڵێ:

– بەداخەوە ئەوەی کرێکاری بوومی و دایمی لەم شەریکە و کارگەیانەدا کاردەکەن، زۆربەیان لەم شاقەلشۆڕ و پرچ ڕشکنە ناحاڵیانەن، یا خۆ کەسانێکی خورافیو توافچی خانەقاکانی تەویڵە و بیارە و باخەکۆن و کڕ بچنەن، کە بۆ تواف دێن ماوەیەك کاردەکەن و بڕێك پارە پێکەوە دەنێن و دەڕۆنەوە. بەداخەوە ئەوەی بە ڕەنجی شانیان پەیدای دەکەن پێیانوایە لە هیمەت و بەرەکەتی تەکیە و بارەگای شێخەکانەوە وەچنگیان کەوتووە.

هەروەها بڕێك وردە فەلای کەمزەوی و زاری کویستانی تاقە سێ‌مانگی زستان لێرە کاردەکەن کە بەهاریان لێهات دەگەڕێنەوە سەر کوتەڵە زەوینەکانیان. کەسانی تریش پەیدا دەبن بۆ کاری هەرزان و قونتەراتی بە مانگیك کشت هێز و شیلەی لەشیان بە هەرزان دەفرۆشن، بەبڕوای خۆیان پارەیەکی مۆڵ و مفتیان وەچنگ هیناوە، بێ‌ئەوەی ئاگایان لە لەشی خۆیانبێ کەچۆن پاشان تووشی هەزاران نەخۆش و چارە ڕەشی دەبن. خو هەرکەسیش مۆجیاریان بکات و بڵێ ئەوکارە مەکەن زەرەرتانە، ئەم کرێکارە بوومیە ناحاڵیانە دەیدەنە بەر تانەو توانج و هەزارو یەك توهمەت و تاوان دەدەنە پاڵی و دەڵێن: ئەوە شوێعیە، دژی دین و شێخ و مەشایەخن. بێئەوەی بەخۆیان بزانن دەبنە هێز بۆ دام و دەزگای فریوکاران و چەوسێنەران و دژی قازانجی چین و توێژەکانی خۆیان. دەم و دەزگای شەریکە و کارخانەکەنیش بەناوی گێرە شێوین و . . . دەریان دەکەن. ئا ئەمەیە دەرد و نەخۆشی ئەو گشتە کرێکارە پرش و بڵاوە لەم کوردستانە بێنەزم و نەسەقەدا.

پاش گەشتێك بەناو شاخ داخ و بەرزاییەکاندا بەرەو خوار دەبنەوە ئەحمەد دەڵێ:

لەوڕۆژەوە هاتوومەتەوە ئێرە بەتایبەت ئەمڕۆ زۆر زانیاریت خنیە میشکمدا. خوزیا بمتوانیبا دایم لە نزیکت بوایەم. بەڵام بەداخەوە منیش هەر لەو کرێکارە بوومیانەم لە کوێستانەوە بۆ ماوەیەکی کورت دێمە ئێرە و بەناچاری دەبێ بڕۆمەوە چونکە دایکێکی پیرو پەککەوتەم هەیە، دەبێ پێیدا ڕابگەم. با ئەو ڕاستیەش فەرامۆش نەکەین کە ئێمەی کوێستانی بەرگەی گەرمای ئێرە ناگرین ئێمە هۆگری هەوای فێنك و ئاوی ساردی کانیاوی کویستانین بە تاقە ساڵێك لێرە وەك کوولەکە تێك دەتەپێین و دەپووکێینەوە. بریا شەریکەیەکی ئاوەهایش لە کوێستان بوایە و کرێکاری پیشەیی وهەمیشەیی و ئاگا و جێگای متمانەی تۆ و خانمی ئەندازیار و هاو چەشنەکانتانی تێدا بایە.

* * *

ئیستا ئەحمەد بۆ چوونەوە خۆی ئامادە کردوە. هەرچی پووڵ و پارەیەکی وەچنگی هێناوە کردوویەتە نختینەی دراوی زێر و لەناو تەختی جووتێك پێڵاوی کۆنی دزنەبەردا شاردوویەتەوە. تەنیا بڕێك پارە و جل و بەرگێکی باش و کەوشی شبراوی باش وەك ساڵانی پیشوو، خۆی ئامادەکردوە، ئەگەر کەوش و جل و بەرگە جوانەکەی لێبستێن بە جل و کەوشە کۆنەکانیەوە خۆی و نەختینەکەی ڕزگاریان دەبێ و دەگاتەوە ماڵەوە.

به زمانی خۆیو دەست و قەڵەمی کاکەی موهەندیس نامەیەکی دوورو درێژ بۆ مامکەریم و سەلمەو خانمی ئەندازیار دەنووسێ. بەمجۆرە گشت کاکڵەی هەست و خواست و مەبەستی خۆی تێدا دەگونجێنێ.

## کاکڵەی نامە دوورو درێژەکەی ئەحمەد

بۆ خوشکی دڵسۆزم خانمی ئەندازیار و خوشکە سەلمە و باوکی بەڕێزم مام کەریم و دایکی هێشتا نەدیوم.

ئازیزانم، کە بیر لە دڵسۆزی و دووریتان دەکەمەوە وەختە پەردەرکەم، بەڵام کە دەنوارمە وێنەی جوانی کۆڕی هاوبەشی پڕ لە سەفا و سەمیمی و سەلامەتیتان وەک گوڵ دەگەشێمەوە و گەز گەز باڵادەکەم و شانازیتان پێوەدەکەم. وێنە و پارە و دیاریە بە نرخەکانتان گەیشتنە دەستم وەک نوشتەی شێخی (سەمعان) بۆ عاشقانی سادە و سادق چۆن لەبەرگی دەگرن و ئەیپارێزن، منیش ئاوەها لە پیارسکەم بەستوون لە سەر دڵم دامناون. دایکم ڕێز و سڵاوی هەیە بۆتان، دیارە جگە لە دۆعای خێر و هیوای سەلامەتی و سەرکەوتنتان هیچی تری لەدەست نایەت

ئازیزانم بەداخەوە، گرفتاری و هەل و مەرج بەرستیان لێبڕیم بۆیە نەمتوانی لەسەر وادەدا بێمەوە لاتان. پاش ساڵێک تاخیر کەهاتمەوە بە بینینی نامەو وێنەکانتان لە لای کاک سەعدوون هەموو خەم و تەم و برینی ناسۆری دەروونم ڕەوینەوە و سارێژ بوون. بە بینین و ناسین وئاشنابوونم بە کاک موهەندس، کەزانیم کێیە. زۆر زوو جێگای خانمی ئەندازیار و ئێوەی بۆ پڕکردمەوە. سەلمەگیان، ئەوەی ئێوە وتبووتان و کاک سەعدوون نووسیبووی لەگەڵ وێنەکانتان، گشت خەم و پەژارەی تەفر و توون کردم. هەروەها دەرس و مۆجیاریەکانی کاکی موهەندس بۆ من و هاو چین و چەشنەکانم کە بەبڕوام لەسەر شۆڕە و بناغەی درسەکانی خانمی ئەندازیار داڕێژراون، گەنجینەیەکی پڕ بەهان بۆ من و هاو چین و چەشتەکانم.

ئێتر گرنگترین خواست و هەستم سڵامەتی و سەرکەوتنتانە، تکایە وەزعی دەروونی و بیروونیم لەزمانی کاکی موهەندسەوە بژنەون.

ئەو کەسەی قەت فەرامۆشتان ناکات  ئەحمەدی ئاغەجان

1327/1/14

هەر لە بناری شارەزورەوە، لەمبەرو ئەوبەری چۆمی تانجەرۆ و دەشتی گوندی حاصڵەوە بگرە تا ئەمبەرەو بەری چۆمی زەڵم و جۆگەلەی بەناوبانگی ماڵوان و دەوروپشتی شارۆچکەی هەڵەبجە، پڕە لەڕەشماڵی جاف، وەک دەڵێن مەنگ و پەنگی خواردۆتەوە. ئاوەهایش ڕەشماڵنشینە و پەنگی خواردۆتەوە. دەشت و بناری شارەزور ماڵاماڵە لە دەوار نشینەکانی عێلاتی جاف.

پیاوێکی کەڵەگەت چوارچاکی کەوای لێکردۆتە لادا، جووتێک سۆرانی سپی سەیار ، نووکی لفکەکانی گرێداوە و خستوونیەتە پشتیملی، جووتێک کەوشی شبراوی یەمەنی لەپێدا، دەرپێیەکی سپی بلووری لەپێدا و مشکیەکی کاشانی دووزەرعی بەسەرەوە. پرچێکی هۆنراوەی چەند پەلکەیی درێژ و پاک و خاوێن، هەر لەخۆی جوانە بە ناوشانی کەواو سەڵتەی فاسۆنیاکەیدا پەخشی کردۆتەوە. گاڵۆکیکی قەف هەراوی بناوەچی ڕاست و بێگرێ دەڵێی لە گەرووی ماری ڕاکیشاوە بەدەستیەوە گرتوە.

گایەکی بارکردوە ئەمما چ گا! مرۆڤ، تێرتماشای نابێت، جلێکی ڕەنگاوڕەنگی بە کەڵکیت کوتراوی بەرۆک و پاڵوو بە گوڵەنگ و مەنگۆڵە نەخشێنراو، هۆڕێکی هەشت پووتی پڕ لەئاردی لە گارەش بارکردوە، هۆڕ چ هۆڕ! دەڵێی فەرشی کاشانە، ناوبەناو کڵانەو کووژکە و مووروی ڕەنگاو ڕەنگی تێتەنراوە. بە دەست و پەنجەی شۆڕە ژنان و کچانی کۆچەری ڕازێنراوەتەوە. نەک دڵێک بەڵکە هەزار دڵ عشقی وەها لاو و گاو بارێک دەبێ.

کەوا و سەڵتە و مشکیشێک و پرچی ڕەش و شۆڕی ناوشان و جل و هۆڕی شیک و شیرینی گاوباری کردی شاکاری شۆخە کچانی کۆچەری، هەستی ئەحمەدی وەک بارەکەوی تازە خاڵ و مێڵ ڕشتووی عاشقی دێوجامەی باشراوبارێک بەرەو خۆی ڕاکێشا.

ئەحمەد کەوتە ناو گێژاوەی خەیاڵەوە. هەر چەن لە دڵی خۆیدا هاوردی و بردی، بۆی بوو بە موعەمایەکی حەل نەکراوا! لە دڵی خۆیدا بەخۆی گوت:

گەر دەڵێم خەلیفەیە؟ خۆ خەلیفە بەبێ مرید و مەنسوب و بەیداخ و کەش و فش، کوا بەتاقی تەنیا دەکەوێتە دوای تاقە گاوبارێک؟! من ئەمە چەنساڵە کە بەناو خێڵەوخوار و خێڵەوژووری ئەم کۆچەریانەدا دێم و دەچم، هێشتا دێمەنی ئاوا شیک و شیرینم لێ نەدیون؟ هەرچی لە دڵیخۆیدا هێنای و بردی، عەقڵ تێنەدەچوو ئەو لاوە دەروێش بێت؟ ئەم دەرپێ سپیە بلووریە، ئەم پرچە شیرینە هۆنراوەیە، کە لەگەڵ گۆشەی مشکی کاشانی و لفکەی سۆرانی سپی بە ناوشانیدا شۆڕ بوونەتەوە. ئەحمەدی گێژ و وێژ کردوە. لەپڕ کابرا کە ئاوڕ دەداتەوە و ئەحمەد دەبینێ دەڵێ:

– براڵە ئۆغرت خێر بێت وادیارە خەڵکی کیویسانیت؟

ئەحمە پەتی خەیاڵ و بیرکردنەوەی پسا، بە حەپەساویەوە وتی:

– خوا ئیمانت پێ کەرەمکات، ئەرێوەڵا خەڵکی کویستانم.

کابرا کە قەد و قیافەی شیک و شیرینی ئەحمەدی بە شوێخۆیەوە هەست پێکرد زۆری پێخۆشبوو هاورێیەکی وەای هەبێ. وتی:

– هیوادارم لە شلێرەوە ئۆغر بکەی؟ لامواپە دوورو نزیک جاریکی تر تۆم دیبێت؟

– ڕەنگە، چونکە من پار و پێرار و بەستر پێرایش بەهار و پایز ان بەم ڕێگەدا ئامووشۆم کردوە. ئەی تۆ کاکە دەرویش گیان لە کوێوە و بۆ کوێ تەشریف دەبەیت؟

– وەڵاهی براشیرینەکەم ئەوە دوو ڕۆژە خێڵەکەما لە دۆڵەسوور تێپەڕیوە، ڕەنگە ئێستا لە دەوروبەری چۆمی سێبوران بێت. منیش ئەم باراشەم لە ئاشەکەی بۆیسانسوور هاڕیوە و ئێستا وەخیر ئەڕۆمەوە بۆ ناو خێڵەکەی خۆم. ئێژن جاش و جەندرمەی ئێرانە ترە حودودیان چەپەرتەن کردوە نایەڵن گویچکەی بزنێکی ئێمەی کۆچەری بچێتە ڕووکاری ئێران دا.

گژو گیای دەورو بەری جادەی پێنجوێن لە دەشتی شانەدەری و دوراوی چۆمی چەوتان و کەولۆس، هێندە زەبەندە، پەزو پاتاڵی خێڵەجافیش باشاری نەکردوە، قومام دەڵێی گەنمە سمەوەژەی دەشتی پەیمەر و شملی داوین گەردەنەی کێوی میانتەوەنانە، قەرقووی کردوە هێژیاوە بەسەر یەکا لە قەفوگوڵدایە. کە لە دەراوی چۆمی چەقان و کەولۆسەوە دەنواڕیە گوندەکانی نەویٚو بەردەبەل و سیامێوە، هەر ڕەشماڵە و هەڵیداوە. دەنگی زەنگی مێگەل و پەز و پاتاڵی ڕەشماڵە کۆچەریەکان، دەنگی عێوعێو و شمشاڵی شوانەجاف ئەو دەرو دەشتەی پڕ کردوە.

کابرا دەڵێ ئەرێ کاکی کێویسانی ناوی خزمەتت ؟

– ئەحمەدی نۆکەرت.

– کاکەحمەدگیان، وەکەلامی خوا، خەریکە بۆ پیاڵەیەك چایی خەریکە سوێم دەبێتەوە، با لەم دەراوی دۆڵەسوورە دا دەسواریکی بۆ بخەین، تا ئێمە پیاڵەچایەك دەخۆینەوە، گاکەیش بڕێك دەلەوەڕێ ە بڕێکیش دەحەسێتەوە.

کابرا لە پەنای کانیو ئاویکدا بارەکەی دەخات و گاکەی مەرەخەس دەکات، ئاوریك دەکاتەوە و کتری لەسەر دادەنێ. بەدەم پشوودان و چایی خواردنەوەوە زۆر زوو بناغەی دۆستی و هاوسەفەریان دامەزرا. کابرا بەدەم چاخواردنەوەوە دەڵێ:

– کاکەحمەد گیان تۆ لە منت نەپرسی ناوم چییە و لە کام هۆزم؟

ئەحمەد بە زەردەخەنەیەکەوە دەڵێ:

– ئێستا وابزانە لێم پرسیوی کاکە دەرووێش گیان؟ کابرا بە پێکەنینەوە دەڵێ:

– تۆ کەلامی خوا تا واین وەیەکەوە پێم مەییژە دەورێش. ئەمن ناوم شاسواری ئەحەی ئەلکەیە، لەهۆزی شاتری. ئەحمەد دەڵێ:

– ئەرێ کاکە شاسوارگیان ئەگەر پێت خۆشنیە پێت بڵێن دەروێش ئەی ئەم پرچ و پەلکە جوانانە بۆ ڕازاندۆتەوە؟

– ئەم پرچەن پرچی بەزۆر داسەپاوی دەستی چەرخی چەواشەی چەپگەردە بە ناچاری هیشتوومەتەوە. هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی: هەڵسە براکەم با گاکە بارکەین و لە گوندی ئەم گل و گۆرانانە ڕەتبین، جا بە شێنەیی باسی ئەم پەشم و پرچەی خۆمت بۆ دەکەم.

کە بە بەر گوندی کانی سپیکە و مەخفەری شورتەی عەرەبی عێراقیدا ڕەتبوون ئەحمەد وتی: کاکە شاسوارگیان تۆخوا بێم بڵی بۆچی بوویتە دەروێش؟

– وە برای خۆم بێژم لە گەڵ کچیکی خزمی خۆم و لەخێڵی خۆمدا ئەویندار و بۆیەك سووتابووین. ئەگەر ڕۆژێك یەکتریمان نەدیبا ئۆقرەو قەرارمان لێ هەڵدەگیرا. خۆشەویستەکەم تاقانە فرزەند و خۆشەویستی باوك و دایکی خۆی بوو وەك بت دەیانپەرت. باوکی کچە پیاوێکی بەساڵاچوو، کوردواتەنی دەوڵەمەند و وخاخ کوێر.

بۆ بەدبەختی کۆلکە فەقێیەك وەخێڵەکەمان فێربوو، لەگەڵ دەکەوتینە سەرەتای مانگی ڕەمەزان دەتگوت گورگی (یۆسفە) و تووکیان هەڵکڕوزاندوە!

لە هەرکویٚباین خێرا خۆی دەگەیاندە ناو خێڵەکەمان. دووسێ ڕۆژ دووسێ پێشنوێژی بۆ پیرە پیاوەکان دەکرد. و لەپڕ ون دەبوو پاش دووسێڕۆژ پێش جێژن دوبارە پەیدا دەبۆوە. بە خوێندنی دووسێ بەرنوێژی قولوەڵا و ملوەڵا کۆتایی بە جێژن دەهێنا. پارەیەکی مۆڵیان بۆ خڕ دەکردەوە ئەوسا دەڕۆیی گۆڕی گومدەکرد.

ڕۆژێك لە ناکاو کۆلکە فەقێمان بە پرچێکی ڕەشی درێژی وەکڕەشمار لەژێر مێزەرەی سپی مەلایانە بە ناوشانی کەواو سەڵتەکەیدا پەخش و پەرێشانکردبوو، خۆی کردە ناو خێڵدا و ڕاست بوو بە میوانی مام سلێمان. دیمەنێکی پڕ لە سەیر و سەمەرە و بە پێچەوانەی خوو و ڕەوشتی گشت مەلا و فەقێی کوردەواری؟! بۆ یەکەمجارە مەلای دەروێش دەبینرێ؟ ئاخر لە مێژووی سەرهەڵدانی شەریعەت و تەرێقەتدا مەلا و خەلیفە و فەقێ و دەرویش دژ و دوژمنی هەست و پێست و ئەفکاری یەکتری بونە و هەن. میزەرەی مەلا و پرچی خەلیفە ؟؟!!

بەلێ ئێستا ئیتر کۆلکە فەقێ کەواو سەڵتەی سپات، پرچی ڕەش و درێژ مێزەرەی سپی کافووری کردبووە نەخش و نیگار، بووبە میوان و مۆنسی هەمیشەیی مام سلێمان. دەوری دەوارەکەی بووبە مۆلی دەروێشەگەل. ناوی خەلیفەماموٚستا مەلاسەلام لەناو کۆز و هۆزەکانی خێڵی جافدا دەنگی دایەوە، هێندە لە مامسلێمان نزیکبۆوە موو بە بەینیاندا نەدەچوو. دەیانگوت دوای هەموو نویژی جومعە و جەماعەت، دووڕکات نوێژی قەرزی فەرزی بۆ دایك و باوکی مام سلێمان دەخوینێ و خەتمی قورعانیشیا بۆ هەدییە دەکات.

بێئەوەی نە من و نە خۆشەویستەکەم و نە خزم و برای عێل ئاگامان لە هێچ گەین و بەینی خەلیفە سەلام ومام سلێمان بێت. ئێوارەیەك مام سلێمان بەرانێکی سەربڕی و گشتمانی بانگێشتن کرد. پاش نانخواردن وتی:

– ئەی قەوم و برا ئەی عێل و عەشرەت! نامەیەکی پیری پیرانی تەرێقەت حەزرەتی شا شێخ کەریمی کڕبچنە، سەرومالم بەقەربانی بێت گەیشتۆتە دەستم. لەخەلیفە مەلاسەلام داوادەکەم بۆگشتمانی بخوێنتەوە.

کەنامەی سەربەمۆری شێخی دا بەدەس خەلیفەمەلاسەلامەوە. ئەویش ئاوای خویندەوە!

## لەبارەکای تەرێقەتی قادریەوە!

بۆ دەرویش سلێمان و هەموو مریدانی عەشیرەتی شاتری:

مزگێنی بێت ئەستیرەی ئیقباڵتان سەری لە ئاسۆی بارەگای تەرێقەتی قادریەوە دەرێناوە کەوتۆتە پرشنگ هاویشتن بەسەر هۆزەکەتانا. ئەو ئەستێرەش ماموٚستا مەلاسەلامە، وەك نوینەری بارەگای (کڕبچنە) نیرراوەتە ناو خێڵەکەتان. ئەوەی کە یەکجار گرینگە! بە پێەوانەی گشت خەلیفەکانی تەرێقەتی قادری شمشێرێکی (بڕڕای) دوودەمی بەدەستەوەیە، هەم تەرێقەتە و هەم شەرێعەت! دڵنیابن خیر و بەرەکەت ڕووی تێکردوون.

دەرویش سلێمان، داوات لێدەکەم بە بێ لەبەرچاوگرتنی یاسا و ڕێسای قەوم و قەبیلەیی، ئافتاوی‌کچت لە خەلیفە سەلام مارەکە. شێخ کەریمی کربچنە.

مەجلیس دایان لە سەڵەوات لێدان و فاتیحا خویندن پیرۆزبایی. منیش وەك كۆگایەك سكڵی سووریان كردبێتە ورگمەوە وەختبوو بسووتێم، بێئەوەی بوێرم بێمە زمان. بەیانی قاو كرا بە ناو خێڵا دەوترا دەبانگوت شوكور خەلیفە مەلا سەلام بۆتە زاوامان.

پاش چەنرۆژ چادرێكیان لە پەنای دەوارەكەی مامسلێماندا بۆ هەڵدا. هەرماڵێ مێو بزنێكی زاویان بە سەرو بەرەوە پیشكەشی كرد و گشت كەل و پەلی پێویستی ماڵیان بۆ گلێر كردەوە. كردیانە ماڵێك وەك باقی ماڵەكان. خۆشە ویستەكەشم بێئەوەی بوێرێ لێو ببزوێنێ، بێئەوەی پرسێكی پێبكرێ ملی كرابەپەتەوە!

دوای ئەو كارەساتە گورچكبڕە، وەك گشت دنیا بەسەر من و خۆشەویستەكەمدا ڕووخابێ، بووینە ژێر هەرەسی هەزارن خەروار خەم و خەفەت و پەژارەوە.

ئیتر كوڵكە فەقێی ئەوسا، هەم خەلیفەیە و هەم ملا! هەمیشە خێمەكەی تەكی وا وە تەكی دەوارەكەی مامسلێمانەوە. وەك خێزانی ماڵێك پێكەوە خێڵەوخوار و خێڵەو ژوور دەكەن.

خواو ڕاسان ڕۆژێك مەلاسەلام و مامسلێمان هەر یەكەی بە گوریس تەوراسێكەوە، بۆ برینی برێك چەتاڵ و بەرچێخ، ڕوو دەكەنە ناو بێشە و چرو نەزارێك، دەسدەكەنە هەڵبژاردن و برینی چەتاڵ و بەرچێخ. تومەس نێرە بەرازێك لە ترسی گەرما و میش و مەگەس، خۆی خزاندۆتە تەنگەبەریەك. كە مەلا خشپوهۆڕ لێی نزیك دەبێتەوە، پیرە یەكانە مەفەڕی هەڵاتنی بۆ دواوەنیە وادەزانی بەعەمد درگای پێگیراوە، خۆی بۆ شەڕی مان و نەمان ئامادە دەكات. یەكانەی بەستەزمان لەترسی گیانی خۆی، وەها دەسرەوێنێتە ناوگەڵی مەلادا، هەر لە بەر موسەڵدانیەوە تا قەفەسەی سینگی وەك سفرەی بێوڵەت یەكاڵای دەكاتەوە. گشت سیجمەی قورعان و تەرێقەت و شەریعەتەكەی دەڕژێنە ناو ئەو چرو چخوڕو شاخو شەخەڵەدا. ئەحمەد بە پێكەنینەوە دەڵێ:

– ماشەڵا لە قودرەتی خواو پیرانی تەرێقەت هەر خیرا دەمرێ؟

– كوڕە كاكە گیان ماشەڵا لە قودرتی خوای چی؟ دەبێ بڵێن ماشەڵا لە قووەتی بەراز بە خۆی و شفرەكانیەوەن وای مراند خەزووری چەن هەنگاوێك لێی دوور بوو، بەدەنگ پێی نە گەیی.

– ئەرێ كاكە شاسوارگیان تۆ بڵێ یاسین و تەڵقینی خۆی خویندبێ؟

– كوڕە یاسین و تەڵقینی چی بەخوا وەك شوانێك چەقۆی پێنەبێ چۆن مەڕەكەی مردا دەبێتەوە ئەویش هەر ئاوەها.

– دەیباشە ئاكام و چارەنووسی خۆشەویستەكەت؟

– بەخوا مام سلێمان شەرتی كردوە دەڵێ كچیخۆم بە مەلا یان بە خەلیفەیەكی مت و ماقووڵ نەبێت بایدەم. ئەوەی ڕاستی بێت هێشتا هەر لە گەرمیان بوو نەمان نابوو بەكۆچا، سێچوارجار لەگەڵ دایكم بە شەك و بەرانی دووگ ئەستورەوە سەردانی تەكیەی كرپچنەمانكرد؟! ئەم پرچ و پەلكەیەشم بۆیە پێكەوە ناوە شێخیش بەڵێنی بەدایكم داوە، ئەگەر ساڵێك بە سەركەوتوویی بە دەروێشی بمێنمەوە، ئیجازەی خەلیفەگەریم بۆ دەنێرێ.

= هێندە سەرگەرمی قسەو باس بوون، كە چاویانكردەوە هەیهوو لە پردەكەی ناڵپارێز پەڕینەوە. ئیستا هەتاو لە پەلوو پۆی ئاوابووندایە، سێبەر ڕژاوەتە چۆم. ئەمبەرەوبەری چۆمی سێبواران پڕە لە ڕەشماڵی جاف. سوارە ئاوڕی دایەوە وتی:

– ئای؟ ئای؟ خۆ ئەوە ڕەوگەكەی ئێمەیە؟ بەخوا پێم سەیرە خۆ هێشتا كۆچیان نەكردوە. خۆ خەریكە ساماڵەكانیش بەجێ دێڵین. هۆ ئەوە دەوارەكەی ئێمەیە. ئەحمەد دەڵێ:

– دەیباشە كاكە سوارە گیان ئیتر خواحافیز من دەبی بڕۆم.

– كوڕە ئەوە ئەیژی چی بەو پیرەی دەستم پێوە گرتووە و تۆزقالێ باوەڕیشم پێی نیە. نەمكوژی نایەڵم بڕۆی. وە كەلامی خوا سبەیو دووسبەیو سێسووەیش مەرەخەست ناكەم. خۆجارێ ئیمشە و هەر منەتی نیە، ئەوەتانی خۆر خەریكە ئاوادەبێ، ئەگەر بیشڕۆی ناچاری بان بچیە گوندی گلو گۆڕانەكانی گوندی كانی مانگا. یان دەبێ بچیە بەر دەواری ماڵەجافێك و بڵێی ماڵەكە میوانتان گەرەكە. جابۆ دەواری پیرە دایكەكەی من نەبێ؟ بەخوا دایكم وەك من بتناسێ، بە حەوتە و بەمانگ دەس لە یەخەت ناكانەوە.

سوارە سەری گاوبارەكەی وەرچەرخاند، چەن هەنگاویك گەڕانەدواوە، لەتەنكە بوارێكەوە لە چۆم پەڕینەوە، لەناكاو بە قریشكەی كەنیشكێكی پینج شەش ساڵان ڕاچلەكین كە وەك كارامز بەرەو سوارە و گاوبارەكەی بەرەو خوار دەهات. كچە كەوا و سەڵتەیەكی سورمەیی و كراسێكی خامی لەخومدراو جووتە سۆرانییەكانی لە پشتی ملیەوە گرێداوە، گەرچی جل و بەرگەكەی هێشتا هەر تازەن بەڵام داوێنی كەوا و كراس و بەتایبەت دەرەقولی پاپۆشەكەی بەدەم درك و دارو دەوەنەوە ڕۆیشتوون دەڵێی سەگ یان كارژۆڵە جاویویەتەوە. بەبەن قەندەهۆنی پزووی دەرەقولی پاپۆشەكەیەوە دەڵێی جوانووماینی توخس و تۆڕە پەتی پچراندوە، یان كچەفەقیرێكە پاوانەی بەنینی كردۆتە پێی؟ ئیستا دەرەلنگی پاپۆشەكەی دەڵێی دەرەلنگی پاتۆڵی بارزانی یان ئەسفەهانیە؟ قژی دەڵێی تەپلە گەونە تێك ئاڵۆزكاوە، دێت و دەڵێ: ئۆخەی كاكە سوارەگیان وا هاتیتەوە. كە لەپێشەوە چاوی بە ئەحمەد كەوت وەك كەرویشكی كێوی لاتراسكەی بەست. سوارە لاچاوی ماچكرد و وتی:

= كچكە بۆ وا دەسڵەمیتەوە؟ ئەوە كاكەحەمەدە یەكێكە لە خزمە كێفسانییەكانی خۆمان. كچە بەهەردوو دەستی توند پشتێنەكەی گرت، وەك توورەكە خۆی بە بەرۆكی براكەیدا هەڵواسی و وتی:

= وە قەوری باەكم تەوێ مزگێنیم بەیتێ.

=ئەی بەسەر چاوەكانی كاكی خۆت، بڵێ بزانم چی ڕوویداوە؟

كچە كە وەك توورەكە خوێ بە بەرۆكیدا هەڵواسیوە پەیتا پەیتا دووپاتی دەكاتەوە دەڵێ:

= بەو شێقادری شیخکەریمە، وە شێحەسەنە سوورەی مەولاناوا، ئابەو مەرقەدەی شێمحەمەدی تووڕاتەوەنە وە میلیسوور، دەبێ مزگێنیەکی فرە باشم بەیتێ جا بۆت دەگێڕمەوە. سوارە دەڵێ:

= باشە هەرچیت لێم گەرەکە، شەرتە بینێمە سەر هەردوو چاوم.

= بە خوا من ئەو بزنە پۆشەی تازە زاوە دووکاژۆڵەی شیرنی وان وەبەرۆ، گەرەکمە. جا سەردانەوینە با بیچپێنم وە گویچکەتا.

که خوشك بەسپایی چپانی بەگوێی برادا، برا وەك گوڵێکی تینوو لە بەرەبەیاندا ئاو برژێننە بنی و خونچەکانی بپشکوێن و دەم بکاتەوە ئاوا گەشایەوە. ئەحمەد دەڵێ:

= وادیارە مژدەی خەبەرێکی یەکجا گرینگی بۆ هێناوی؟

= ئەرێوەڵا بەحەیاتم خەوەری واخۆشم بە گوێچکەدا نە چپێنراوە.

= تۆبڵێی ئەمخەبەرە خاص و خۆشە دەربارەی خۆشەویستەکەت بێت؟

= ئەرێوەڵا ئەوەی ڕاستی بێت نامەی سەربەمۆری ئیجازەی خەلیفە گەریم لە لایەن پیری دەستگیری کرپچنەوە بۆ هاتوە و نامەیەکی تایبەتیش بۆمام سلێمان دەربارە سەرنویشتی کچەکەی. ئەحمەد لە سوارە نزیك دەبێتەوە دەچپێ بە کوێیدا و دەڵێ:

= خواستی خوا و هیمەت و بەرەکەتی شێخە یان هیمەت و بەرەکەتی دووگ وگونی بەرانەکانە؟!

سێبەری بەرزایییەکانی پشت مەرقەدی شێمحەمەدی تەڕاتەون، بەسەر ئەو گشتە سامانڵی جافا و وەڵام و قاقای پێکەنینی سوارە، تیکەڵاوی هاژەی چۆمی سێبواران، تێکڕا دیمەنێکی شیرین و سیحراویان خولقاندوە.

سوارە بە پێکەنینەوە لە وەڵامی ئەحمەدا دەڵێ:

= باوکم بەخوا هیمەت و بەرەکەتی پیارسکە پارەی دایکم و گون و دووگی بەرانەکانە.

= کەوایە منیش مزگینیم گەرەکە.

= بەسەر چاو هەرچیت گەرەکە دەینێمە سەر چاوەکانم.

= ئەم خوشکە جوانەتم گەرەکە.

سوارە دیسان خوشکە کەی ماچ دەکاتەوە و دەڵێ:

= بەسەرچاو وا پیشکەشت دەکەم بە بزنە پۆش و هەرتك کاژۆڵەکانیەوە.

کچە سەرنجێکی ئەحمەد دەدات دەڵێ:

= بەزیادم نەکرد، من هێشا منالم میردم بۆچیە، کاکەگیان ئەگەر مەردی دادەمی بەرێ؟

سوارە دیسانەوە خوشکە پاشمەرگەکەی باوکی، ماچ دەکاتەوە کەباوکی خۆی بەچاونەدیوە، سوارە هەم باوکیەتی و هەم برا، بە پێکەنینەوە دەڵێ:

= بەو شێمحەمەدی تەڕاتەوەنە، بەو میلی سوورە، بەم تەختی گەردنمە ڕاست نایێژی، هەر ئێستا بتدەم بەشوو پێتخۆشە بەڵام بەو کەسەی خۆت خۆشت گەرەکبێ.

دەوارێکی حەوت ئەستونکی چێخ بەچەند نەوع بەنی ڕەنگاوڕەنگ پێچراو، لەسەر تەختایی لاشیوەڵێکدا هەڵدراو، بە جوانتری چێخ و بەرچێخگەلێك کە بە دەست و پەنجەی هونەر مەندان و شۆخە کچانی جاف چنراو، هۆبە هۆبە دابەشکراو، بەشێکی بە چەند مافوورەی دەستکردی خۆماڵ بۆ میوان تەرخانکراوە.

ژنێکی بەساڵاچوو بەڵام شۆخ و بەشاش لە ڕەشماڵەکە هاتە دەرەوە. بەخێراتنێکی گەرم و گوڕی لە ئەحمەد کرد جاوتی:

= ئادەی کچگەل ئاو و دۆ و چایی ئامادەکەن. کچێیکی کەڵەگەت کە پلپلەی زەردی زێرین بە بەڵگی گوێی گەردنی بەرزیەوە جۆلانەی دەکرد، لووتەوانەی پلپلەداری بە سەر لێو و چناکەیدا هاتووچۆی دەکرد. کلاوزەڕەکەی زیاتر لە کیلۆیەك پوولەسپی سکەی نەسرەدینشای بەسەردا دادووراوە، فێسەکەی سەری جێگای نووکە دەرزیەکی بەبەتاڵی نەماوە. دووقرانی وەك پوولەکە ماسی بەڕیز بەسەرێدا دادووراوە.چاوەکانی بە کلەی کێوی توور ڕێژراوە، ملوانکە و حاجیلە و بەرمووری زل، لە مل و مەچەکی پڕ لە ملوانکە و بازنە و بازو بەندی باڵ و هەیاسەی قوبەدار بە کەمەرەوە، دەڵێی حۆری بەهەشتە بە جامێ ئاوو دۆوە لە بەرابەر میواندا ڕاوەستاوە. بۆنی مێخەك و سملی سیخمە و بەرۆکی پەخشە لەوناو. بە زەردەخەنەی سەرلێوەکانیەوە، چاوە ڕەش و گەشەکانی برپیە ناوچاوی ئەحمەد، بە زمانێکی سادە و ساکاری کچەکۆچەریانە بەخێراتنی کرد و جامە دۆکەی دایە دەستی.

ئەحمەدیش بە هەرتك دەست جامەکەی بۆ سوارە ڕاگرت. سوارە جامەکەی لە دەستی ئەحمەد سەند و بۆی ڕاگرت و بە پێکەنینەوە وتی:

= وەکەلامی خوا، بەو پیرەی دەستمپێوە گرتوە دەبێ تۆ لە پیشدا تیر بخۆیتەوە جا منیش دەخۆمەوە.

تازە ئەحمەد چەن کەوچکێك دۆی خواردبۆوە و کەمۆڵە و کەوچکەکەی نابووە بەر دەستی سوارە، کەنیشکێکی دیکە کوتومت ئەوی تر بە هەمان سەروسیماوە، ئەگەر کورتە باڵا نەبوایە کەس لەویتر بۆی جیانەدەکرایەوە، بەهەمان سەروسیماو جلوبەرگەوە بە سینیەکی سپی زێوینی دوو پیاڵەی تەنکی ناوقەدباریکی گەلامێوی چاییەوە، هات و خێرامایی لە میوان و کاکەسوارەی کرد.

دایك سالارە ژنێکە، کەواو سەڵتەی فاسۆنی سورمەیی و کراسی ساتینی زریشکی، پوشینیکی گەورەی کاشانی بەسەرەوە، لە لای سەرەوەی میوانخانەکە پاڵی بە جووتێ سەرینی پڕ لە پەڕی قووەوە داوە. کەشەفەیەك تووتن و بەرماخێك جگەرەی لە پیش دەستایە. بەدەمی پڕ لە پرسیار و فەرمان بەسەر کچەکانیدا، جگەرە تێدەکات. پاش هەڵویستەیەك لە جگەرە تێکردن بانگ دەکات و دەڵێ:

= ئادەی کچگەل وەرن بزانم بۆ ئەم ئیوارەیە چ چیشتێکمان بۆ لێدەنێن؟

هەرسێك کچەکان دین و دەستەو نەزر ڕادەوەستن کچە گەورەکەیان دەڵێ:

= تۆ و کاکەسوارە و میوانەکەمان چیتان پێخۆشبی ئەوتان بۆ لێدەنێین

کەئێوارە ئاژەڵ هاتەوە دەوری دەوارەکە. مێگەل و بزنەگەل و مانگا. وەك زمانزان هەر بڕکەی لەشوێنی خاسی خۆیاندا مۆڵیان خوارد. تەنیا بەرغەل و گویرەگەل بەچێخ کۆزیان بۆ کراوە. باقی حەشیمەتەکە وا فێر کراون قەت ئاوێتەی یەکتری نابن.

کچەکان هەرکام بە تاس و مەشکۆڵەی تایبەتی خۆیانەوە دەستیانکردە مەڕومالات دۆشین. پاش دوو سەعات جا لە مەڕ دۆشین بوونەوە جا بەرغەلیان تێبەردا. هاوکات ئەمبەرەوبەری چۆمی سێبواران تیکڕا ڕەشماڵەکان بەرغەلیان بۆ مژین تێکەڵکردوە، زەڵە و زایڵە دەڵێی ڕۆمەلغەزایە بەمبەرەو بەری چۆمی سێبواران بە دەنگی قاڕوهۆڕی مەڕو بەرخ و بزن و کاژۆلە و بۆڕەی مانگا بۆ گوێلکەکانیان لەگەڵ هۆرە و شمشاڵی شوانەجاف دەنگ دەداتەوە.

پاش دۆشین و تاقەتکردنی مەڕو مالات سێکوڕە جەحێڵ لە تەمەنی 16 تا 20 ساڵیدا هاتنەماڵەوە زۆر بەگەرمی بەخێراتنی ئەحمەد و کاك شاسواریانکرد. کوڕگەل لە میوانی هاو تەمەنی خۆیان نزیك دەبنەوە زۆر بەگەرمی پەزیرایی و میوانداری لێ دەکەن. سوارە دەڵێ:

هۆی دایەگیان خۆ میوانەکەمان خۆییە باشتروایە گشتمان بەکۆمەڵ لە دەور کوانگەکە و بەر تیشکی ئەم مانگەشەوە خۆشە کۆبینەوە. لەبەر تیشکی ئەم مانگەشەوە شامەکەمان پێکەوە بخۆین باشترنیە؟

= بەرێوەڵا بەقوربانی خۆتان و میوانەکەتانبم فەرموون وەرنە دەوری کوانوەکە.

ئێستا شام خوراوە گۆشەی مانگەشەو لەسەر قوللەی زنجیرە چیای سوورێنەوە بەسەر بەرزاییەکانی شەخسەکەی تەڕاتەوەنەوە خوشیوەتە ناو بەڕۆژ و نەزارەکانی ئەمبەرەو بەری چۆمی سێبوارانەوە. دایك کە لە سەرووی شاسوار و میوانەکەیەوە دانیشتوە دەڵێ:

= کوڕم سوارەگیان ئەمڕۆ ئیجازەنامەی مۆرکراوی خەلیفەگەری لەلایەن بارەگای بەرزی شێخ کەریمی کڕبچنەوە بۆتۆ هاتووە. یەکێك لە کوڕەکان کە لەگشتیان کەم تەمەنترە و خۆشەویستی تایبەتی دایك و خوشکەکانیەتی تماشایەکی کاکە سوارەی دەکات و دەڵێ:

= دایەگیان ئیستا ئەگەر تۆیش وەك پوورە خەنان گەرەکتبێ تۆبە بکەی، دەبێ لەسەردەستی کاکە سوارەمدا تۆبە بکەی؟!

کوڕەکان و کچەکان تێکڕا دەدەن لە قاقای پێکەنین. دایك خەریك تووڕەبێت، سوارە دەڵێ:

= دایەگیان خۆ ناکرێ دەمی ئەم هەرزە کارانە بدووێنین؟ خۆ کفریان نەکردوە. دڵنیابە کاکەحمەدیش هەر وەك خۆمان بیر دەکاتەوە. دایك دەستێك دێنێ بەسەر کوڕەکەیدا و ئەملاولای ماچ دەکات. بۆ ماوەیەك بێدەنگی بەسەر گشتیاندا زاڵ دەبێ.

ئێستا ئەحمەد چۆتە ناو بەحری خەیالاتەو لە دەروونەوە بەخۆی دەڵێ: وادیارە ئەم بنەماڵەیە زۆر دژی خورافات فڕو فیشاڵی خەلیفە زۆرزان و دەرویشە ساویلکەکانیانن!؟ وادیارە باوەڕیان بە مەلا و شێخ و مەشایەخ و خەلیفەی ژنان نیە. بەتایبەت سویندەکەی ئێوارەی سوارەی هاتەوە خەیاڵ کە وتێ:

= کاکەحمەد گیان بەو پیرەی ئەم پەشم و پرچەم بۆ هیلاوەتەوە و تاقە تۆسقاڵێکیش باوەرم پێیان نیە، نەمکوژی نایەڵم بڕۆی، دەبێ ئەمشەوو سبەی شەویش میوانمان بیت.

عەجەب هەل و مەرجێکە زۆربەی خاوو خیزان هەرکەسەی ئەم هەل و مەرجە بە پێی بیر و بۆچوونی خۆی و بە قازانجی خۆیان و خۆی شەن و کەو دەکات.

دایك دەستی ناوەتە ژێر چەناکەی چۆتە ناو خەیالاتێکی قووڵەوە. بەچاو گشت کوڕ و بەتایبەت کچەکانی چاوئاژن دەکات. وەك ئەوەی گەرەکی بێت تاقیانکاتەوە و بزانێ کامیان زیاتر نیشانەی ئازایەتیو ڕاستی و خۆشەویتی لە وجودیا زەق و بەرچاوترە، بزە لە سەر لێوی ناڕرەوێتەوە. پاش ئەوەی گشتیان بە چاو دە پشکنێ دەڵێ:

ڕۆڵەکانم ئەوەی ڕاستیبێت ئەمڕۆ مامسلێمان هاتە ئێرە بە هەرتك دەست لۆی لەچکەکەی گرتم بە زارو زەبوونی و پاڕانەوە وتی:

= ئامۆزاژن تۆ تماشای من بکە و تیتۆڵێکیش لە لەشی من دادڕە. ئەوە زیاتر لە حەوت ساڵە ئامۆزاکەم مردوە تۆ جوانی خۆتت فەوتاند چاوپۆشیت لەگشت خۆش و بشی ئەم دنیاڕۆشنە کرد. کشت ئەرکی ئەم ماڵ و حاڵە کە خوانەی بڕێ سێکچ و چوارکوڕت گرتە ئەستۆ. پیاوانە پەروەردەتکردن. تۆ هەمیشە چ ئەوسا و چ ئێستا شێرە ژنی ناو پیاوان وژنانی ناو هۆزەکەمانیت. کاتێ ئامۆزاکەم مرد سوارە لەناو منداڵاندا هەڵقەتیزانی دەکرد. هەتا ئاوزانی بیرکردنەوەی لە بێباوکی و هەتیوی خۆی نەدەکردەوە. ئیستا خوا لیت نەسێنێ هەر کوڕێکت پیاویکە لابۆ دە پیاوی دوژمن ناکاتەوە. ئەمانەی بە زەڵیلیەوە پێوتم و بێدەنگ و کش و مات بوو. منیش وتم: مامسلێمان تۆ کەلامی خوا کاکڵەی مەبەستت چیە پێم بڵێ. هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشاو وتێ:

= ئەتۆ ئەو حەوت ئەلادەت چەنێ خۆشگەرەکە، بێگومان منیش تاقانە کچەکەمم ئەوەندە خۆش گەرەکە، تکات لێدەکەم هەرچی گوزەرا با فەرامۆشی کەین و کای کۆنە نەکەینە با، من دەمزانی تۆ گەرەکت بوو داوای ئافتوم لێبکەی بۆ سوارە، بەڵام لەخۆتت ڕانەدی بێیتە سەر بەڕەم، سوورنەبووی لەو کارە کە مەشیا کرابا. منیش ئەوساو ئیستایش هەوایەکم لەسەرایە بە هیچ کلۆجی ناتوانم تاقانە فرزەندەکەم لە خۆم دوور خەمەوە! ئیمڕۆ قاقەزێکی سەربەمۆرم لە لایەن شا شێخ کەریمی پیرمەوە بۆ هاتوە سەرومالم بە سەدەقەی بێت، داوای لێکردووم بە بێ مەحتەلبون ئافتاو لە بەسوارە مارکەم.

ڕۆلەکانم لە راستیدا سەرەتا کە دەستی پێچایە بەرۆکمەوە خەیاڵێکی خراپ هاتە زەینمەوە بەڵام کە فرمێسکی چاوی ڕژانە سەر گۆناو ڕیشە سپیەکەی ئەوسا تێگەیشتم دەرد و مەبەستی چیە و گەرەکیە چۆن و بە کێ دەرمانی کات. منیش وتم:

= مام سلێمان بەچاوەکانی باوکی مندالەکانم کە ئامۆزای بڕبڕەی پشتی

تۆبوو، بەگیان ئەو حەوت ئەولادانەم، کە خۆت دەزانی بە زەحمەت و کوێرە وەریەك پێم گەیاندون لە گەڵ دین و ئیمانمدان. تا بتوانم یارمەتیت دەدەم. کە وام وت ڕۆشنایی کەوتە ناو چاوانی و هەستایە سەرپێ و وتی:

= ئامۆزاژن جا دەبێ کاکڵەی مەبەستم لە ماڵی خوۆمدا بژنەویت. ئەوەی وت و ڕۆیشتەوە. منیش پاش سەعاتێك چووم بۆ ماڵی ئەوان. بەڵام چێم دی ئەوەمدی کە قەت تەسەورم نەدەکرد. هێشتا دووربووم خۆی و پیرۆزی ژنی و ئافتاوی کچی بە پای پەتی هاتن بە پیریمەوە و پیشوازیان لێکردم. دەتگوت پیشوازی لە شێخی سیراجەدین دەکەن. ئەوەی ڕاستی بێت حاڵەتێکی زۆر خۆشی وا دەستی تێدام کە قەت هێندە حورمەت و فەرەحیم بە خۆمەوە هەست پێنەکردبوو. هەر سێکیان بە دەورمەوە دانیشتن. مام سڵێمان سەری باسەکەی دامەزراند و وتی:

= ئامۆزاژن من و ئەم پیرێژنە پامان وا بەلێوی قەورەوە، گریمان چوار باراشی ترمان خوارد، سەرو ماڵ و دین و دنیامان تەنیا ئەم کچەیە، خۆناکرێ بێئەمری شێخیش بکەم، تۆ پیتوایە بێئەمری شێخ بکەم؟ ئیشاڵا نایکەم. ئەم ماڵ و حاڵەی کە من و ئەم پیرێژنە بەدرێژایی پەنجا ساڵ بە نازەی ناخوونی خۆمان پێکەوەمان ناوە. چی بەسەر دێت و بە قسمەتی کێدەبێت؟ چارەنووسی ئافتاوی کچم چی بەسەردێت؟ تۆ لە جێگەی من بیت چی دەکەیت؟  وتم: مام سڵێمان تکایە بەڕوونی بۆم بەیانکە با بزانم ناوەرۆکی مەبەستت چیە؟ مام سڵێمان وتی:

= لەوە ڕوونتر خۆم خستە ماڵەکەت پەنام بۆ هێنای لۆی لەچکەکەم گرتی لێت پاڕامەوە، تۆیش بەلێنت دامێ یارمەتیم بدەی. ئامۆژن گیان بۆچی ئەممیرە ماڵە وەك بڵقی ئاو مەحو بێتەوە؟ تۆ چوارکوڕت هەیە با سیان بن داوات لێ دەکەم یەکێکیان بدەرە من.

منیش کە بۆم دەرکەوت لێبڕاوە ئافتاو لە سوارە مارەکات. بەڵام من تا ئەوکاتە لە نییەتی تێنەگەیشتبووم. کە تێگەیشتم وتم:

= یانی من کوڕەکەم لە کچەکەی تۆ مارەکەم؟  مام سڵێمان وتی:

= وادیارە باش لە مەبەستم تێنەگەیشتی؟ من ناڵێم کورەکەت لە کچەکەی من مارەکە،  دەڵێم کوڕەکەت بکەرە خاوەنی سەرو سامان و تەنیا فرزەندەکەم. کە دین و دنیامە. ئەوا من چوار باراشی ترمخوارد!  فریا ناکەوم بیخۆم .

ئێستا ڕۆڵکانم ئەگەر بە قسەی ئەم دایکی خۆتانە دەکەن با سوارە بچێتە سەرماڵی مام سڵێمان خۆ بێگانە نیە. بائاو بکرێتەسەر ئەو ژیلەمۆیەدا. ئەوە حەوتساڵە سوارە بە بۆنەی ئافتاوەوە ژنی نەهێناوە. بامن تا نەمردووم کارەکانی تریشم بکەم. ڕاست و رەوان پێتان بڵێم ئەو کچە بەستەزانانەشم ئەوە سێچوارساڵە سەرو عوزر شۆرن، هەر عوزرێکیان قەتڵێکە بە گەردنی من و سوارەوە.  کوڕەکانی تریشم وەختی ژنهێنانیانە با وەك سوارەیان بەسەر نەیەت.

ئیستا خاوو خێزان مات و مەدهۆشن دەڵێی قاویتیان لە زاردایە. کەس نق ناکات. سەرەنجام سوارە دێتە قسە و دەڵێ:

= دەزانم هەمووتان چاوەڕوانی منن بێمە زمان هەقتانە. بەڵام منیش لە دایکم دەپرسم و دەڵێم دایەگیان تاوەکو ئێستا نەك تەنیامن کێمان بێئەمری تۆمانکردوە؟ تا ئێستا تۆ هەم دایك و هەم باوکیکی باش بوویت بۆ ئێمە. بەڵام ئێمەیش فرزندانێکی فەرمانبەر و گوێڕایەڵیکی باشبووین بۆتۆ. قەت ڕۆژێك لە ڕۆژان سەرپیچیمان لە فەرمانەکانت نە کردوە کەواتە ئافەرین بۆتۆ و بۆ گشتمان. چۆنت پێ مەسڵەحەتە وابکە. دایك دەڵێ:

به بڕوای من بەختی خەواڵووی چەنساڵەمان لە خەو ڕاچڵەکیوە. هەل و مەرجێکی زێڕینە بۆمان هەڵکەوتووە دەبێ بەسەر بۆی بچین نەك بەپێ. کابرا خۆی خستۆتە ماڵمان، دەڵێ وەرن سەروسامانم پیشکەشتان. ئەگەر نەچین بێشعوورین. یەکێك لە کوڕەکان دەڵێ:

= بەخوا مام سڵێمان ئەگەر ئاوا، داوا لەهەر بەگزادە و سەرەکهۆزیکی جاف بکات، بەشانازییەوە دەچن  نۆکەریشی دەکەن. کچی وەك ئافتاو لە ناو هیچ خێڵەجاف و گۆرانیکا هەڵنەکەوتووە و نەبینراوە.    کچەکانیش دێنە زمان و دەڵێن،:

= ئۆباڵ بە ئەستۆمان وایە.  دایك بە کوڕە ناوگینەکەی دەڵێ:

= سەعدی گیان من بەڵێینم بە مامسڵێمانداوە، دەبێ بەیانی شەوو ڕۆژی، بڕۆی بەدوای مەلاکەی گوندی کانیمانگا دا. کوڕەکەم سواری ماینە شێبە هیسرە زەرد خۆی دێبەدواتا. لەوسەرەوە مەلا سواری ماینەکە کە و خۆیشت سواری هێسرەەەبە. بەڵام تا کاری خێرمان سەردەگرێ با هیچ ئۆمەتی محەمەدێك نەزانێ. چونکە بەد شۆفار زۆرن.

گشت شتێك بە بڕیاری دایك گۆتایی هاتوە. شەو گەیشتۆتە نیوەشەو. خێزانی مال شاد و خۆشحاڵ. تماشایەکی یەکتری دەکەن و گەرەکیانە بڵاوەی لێبکەن بچن بنون. برای گچکە بە پێکەنینەوە دەڵێ:

= دایە گیان کاکە سوارەم شوو دەکاتە ئافتاوی کچی مامسڵێمان؟!

دایك بە نیوە پێکەنین و نیوە تووڕەییەوە پەلاملاری دەداتێ. سوارە دەڵێ:

=  دایەگیان دەخیلتبم بێگومان زۆر لەم تانە وتەشەرانە داهاتوودا ئاڕاستە من دەکرێ نگەران مەبە. ئەو جۆرە تەشەرانە بۆمن جێی شانازیە و زۆر لەم پەشم و پرچەی پیلاومەتەو پاك و پیرۆزترە.

ئێستا هەموو دەوری دایك و سوارەیان چۆلکردوە. سوارەیش دەنواڕپتە ناوچاوی ئەحمەدا و دەڵێ:

= کاکەحمەدگیان ئێمە لە ئێوارەوە بە لێکۆڵینەوە چارەسەری مشکیلەکانی کۆن و نوێی خۆمانەوە خەریکین. سەریشمان یشاندی، ئەم گشتە باسی کردنەوەی گرێپوچکەی ژیانی منەوە کرا. دڵنیام تۆیش وەك کەسێکی دڵسۆزمانی بۆیە وەك خێیزانی خۆمان دایکم حیسابت بۆ دەکات.و لە ئێمەت هەڵناوێ.

= کاکەسوارەگیان ئەمشەو شەوێکە لەباشترین و بەکەڵکترین شەوانی ژیانم. بەدڵ و گیان و شعوورمەوە هەستمکردوە ئێساکە من میوانی چ بنەماڵەیەکی

مونەزەم و شەریفم. من زۆر شتی شاز لە دایکتەوە فێربووم. دایکت مەکتەبێکە بۆ پەروەردەی خاوو خێزان، خوزیا گشت دایکیکی ئەمکۆمەڵگای بەشەریە وەك دایکی تۆ بۆایەن. دایك تماشایەکی تایبەت و پڕمانای سوارە دەکات. سوارەیش چاو دەبڕێتە ناوچاوی دایکی و دەڵێ:

= دایە گیان ئەمکوڕە میوان نیە، بەرەکەتی خوایە ئیمڕۆ بۆی ناردووم. دایەگیان با ئەوەش بزانی ئیمڕۆ تێکڕا ئەومەراق و چاوەڕوانیەی بەدرێژایی ژیانم لە میشکما پەنگی خواردۆتەوە گشتیم بۆی شیکردۆتەوە. لە کۆتایی دەشتی شارەزورەوە تائێرە هەر بە باسو خواسی بە پێز و دەردی دڵمان ئەو ڕێگایەمان بڕیوە. باوەڕکە هێندە سەرقاڵی قسە بووین نەمانپەرژاوە ئاوڕ لەملاولای ڕێگاکە بدەینەوە. بڕێکیش لە بەرانبەر ساماڵەکانی خۆمان ڕت بووین پاشان گەراینەوە. سوارە لە دێرژەی قسەکانیا وتی:

= دایەگیان بەخوانابێ بێڵێن بڕوات، تا کۆتایی زەماوەندەکەمان.

ئەحمەد کە لە ئێوارەوە گشت گیانی کردۆتە گوێچکە و بۆ ئەوانی شلکردوە، ئێستا دێتە چۆکاو دەڵێ:

= من پێموایە میوانی شەریفترین خێزانی بنەواڵەی جاف و گۆڕانم لە گەرمێن و کویستانی کوردستاندا. کاکەشاسوارگیان منیش پەروەردەی دەستی پیرە دایکێکم بە بێوەژنکۆشی گەورەی کردووم. بەڵام بە پێچەوانەی هەڵ و مەرج و دەستەڵاتی مادی و مەعنەوی ڕەخساو بۆ دایکیتۆ.. دایکی من تەنیامنی بوو ئەویش سێمانگ دوای مردنی باوکم و لە خانوچکەیەکی گڵین و بەبێ ئیمکاناتی مادی! مەشیا بە کارەکەری و شیاکە پێژی و مەشکەژەنی ماڵە دەوڵەمەندەکان من و خۆی بەخێوکات. بەڵام دایکی تۆ، توانیوە حەوت منداڵ پەروەردەکات بە ئیمکاناتی مادی و مەعنەوییەوە. بەڵام تەنیا ئیمکاناتیش شەرت نییە. هیچ پیاوێك ناتوانێ بەزۆر ئیمکاناتیشەوە، بەو شێوەیەی دایکت حەوت منداڵ بەخێکات. وادیارە ئەوسایش دایکت خاوەن پەزو پاتاڵ بوە، بەڵام بەخێو کردنی پەزوپاتاڵیش، مرۆڤی ژیر و لێزانی گەرەکە بەخێوو پاریزگاریان لێبکات. وەك پێشینان وتوویانە:

**شوان دەبێ گۆڵیگورگ خنکێنیبێ**

**هەمدەبێ گاڵۆکی سەر شکینی بێ!**

لەڕاستیدا، پارێزگاری لە پەزو پاتاڵ و حەشیمەتیش بە گشت کەسێك ناکرێ ئەویش بە حەوت منداڵی بێباوکەوە. کەمکەس دەتوانی پۆلێك منداڵی ئاوا پاك و پوختە پەروەردەکات. بە بڕوام دایکی تۆ شایانە بکرێتە سەرەك کۆمار، یان سەرۆك عەشیرەتی گشت هۆزەکانی جاف و جافایەتی.

بەڵام دایکی من! لەبناغەوە بە کارەکەریو تەشیڕێسی و ڕۆژە ڕەشی و هەناسەساردی، هەتا ئیمکانی ئەوەشی نەبووە وەك دایکی تۆ بچێتە ناو کۆڕو کۆمەڵی پیاوان، نەك بۆ قسەکردن هەتا بۆ قسە بیستنیش. دایکی ڕۆژە ڕەشیمن، کە مەشیا وەك زۆربەی ژنانی کوردەواری دەبوایەی مێردەکەی پاروەنانێکی بۆ وەچنگ بێنێت؟ دایکیمن بەدەس مێردێکی نەخۆشی زەوینگیر و سێساڵ پیشمردنی لەناو دوتوێی پلاسێکدا بەدەس بارەوبار و ئەمدیواو دیوی پێکردوە. چوارمانگ پاشمەرگی باوکم منیش بە ئاوەلەمی و مەلۆتکەیی دەبمە سەرباری ژیانی بێوەژنێکی بەسالاچوو و بێدەرەتان و کەس و کار. لە بەرە و پلاسێك و هێزی لەشی زیاتر هیچی شك نەبردوە.

* * *

ئێستا ئەستێرەی بەیان لە قوللەی بەرزایی پشت مەرقەدی شێخی تەڕاتەوەن سەری دەرێناوە. تازە ئەحمەد بە کورتی ژیاننامەی باوك و دایکی بۆ شاسوار و دایکی گێڕاوەتەوە. تومەس کچەکانیش لەودیو چێخەکەوە گژگیانیان کردۆتە گوێچکە بۆ وتەکانی ئەحمەدیان شلکردوە و وەنەوز نەچۆتە چاویان.

ئەحمەد ڕو دەکاتە دایکی شاسوار و دەڵێ:

= دایەگیان وادیارە بەرەبەیانە بە زۆربڵێیی خەوم لێتان حەرام کردوە و هیشتا بەسەرهاتی خۆیشم، خۆ بە سەعات و دوان بەیان ناکرێت: دایك هەستایە سەرپێ بڕوات ئەحمەدیش بە ئیحترامەوە هەستایە سەرپێ. دایك دەستی کردە ملی ئەحمەد و ئەملاولای ڕوومەتی ماچکرد و وتی:

= ئیستا کە تۆ پێتوایە میوانی باشترین بنەماڵەی کۆچەریەکانی منیش پێموایە، باشترین و ژیرو ژۆلترین لاوی کوردەواری میوانمە دەتوانم بڵێم قەت میوانی وەکتۆم بە خۆم و بە کەسەوە نەدیوە. لە ئێستاوە ئیتر تۆ دوو دایکت هەیە. تا وام لە حەیاتا وەك ئەو حەوت فرزەندانەم، لام ئازیزو خۆشەویستی شەوتان خۆش؟

* * *

تازە لارکە سێبەری بەیانی لەسەر چۆمی سێبواران هەڵکشاوە. مامۆستای گوندی کانیمانگا لەبەر ڕەشماڵەکەی ماڵی شاسواری ئەحەی ئەلکەدا دابەزینراوە. پوورە مروەت هەر بەرەبەیان دیاری کردوە چەن سەرشەك بۆ سەربڕین گلەوەدراوە.

چاشتەنگاو مەلا و پوورە مروەت و سوارەو ئەحمەد بە ڕێز و حورمەتەوە لەبەردەرکی ماڵی مام سلێماندا تووشی پیشوازیەکی گەرم و گوڕی چاوە ڕوان نەکراو بوون. پاش سەعاتێك گشت یاساو ڕێسای مارە برین و پەیمانی ژیانی هاو بەشی سوارە و ئافتاو و دایك باوکی وەك خێزانێکی چوارکەسی شەرعەن و عورفەن لە لایە مەلا و مامسلێمان و ئەحمەد سوارە و ئافتاو دایکی ئافتاو و دایکی سوارە بڕیاری لەسەر درا.

کەمام سلێمان تێگەیشت بە ئیشارەی دایکی شاسوار چەنسەر شەك و بەران لە بەر ڕەشماڵی ئەواندا سەربڕاوە. ویستی دەمبکاتەوە و بڵێ... بەڵام پوورە مروەت بە نێوە توورەیی و شانازییەوە ماوڵی نەدا وتی:

= خۆ ئیشالا ڕێگەی ئەوەم لێ ناگری شایی بۆ خۆشەویستەکانم بگێڕم؟ ئیتر گوناحە بەر بە ئاواتی چەنساڵەی ئافتاو و سوارە و خوشکەکانی بگیرێ. بۆ ئاگاداریتان هیچ کچ و کوڕێکم نەیانزانیوە من ئەوە مانگێکە گشت پێویستی ئەمڕۆ و سبەینێم ئامادەکردوە. هەر لە خشڵ و خاوو جل و بەرگی بووك و زاواوە بگرە تا برنج و شەکر و چاو نوقڵ و نەبات.

لەبەر ماڵی ئەوسای سوارە، بووبە شایلۆغان و ڕەشبەڵەك. دەنگی شمشاڵ و

خرینگەی گۆ و بەرۆك و هەیاسەی پشتێنی شۆخە ژنان و کچانی هۆزی وردەشاتری، هیندە کوت و پڕ و لەناکاو دەستی پێکرا. لەحاڵێکدا کچان و ژنانی ناو خێڵ هێندە تامەزرۆی وەها هەل و مەرج و شایی و زەماوەندێکن، نایانپەرژێ بچنەوە ماڵەوە جلە جوانەکانیان لەبەرکەن. بە جلوبەرگی ناوڕانی و مەڕدۆشینەوە خۆ تێدەخزینن خۆیان کول و کافر دەکەن جا دەڕۆنەوە جلی جوان لەبەر دەکەن و بە خەیاڵێکی ڕەحەت دینەوە ناو کۆڕی زەماوەندی شاسوار و ئافتاو. قریوەی پیاوان و عیشوە و نازی شۆخەژنان و قەیرە کچان و لاوانی ئەویندارى کۆچەری، گشت ساماڵەکانی ئەمبەرەوبەری چۆمی سێبوارانی تێخوڕۆشاندوە. لاوان لە هەموو لاوە وەك پەرو پۆی داڵ لە دەوری دەوارەکەی پوورە مروەت داوەریون. هەر لاوی شاقەلشۆڕی شوانە جافە بە دەنکی شمشاڵەوە شۆڕ دەبنەوە بۆ ئەم زەماوەندە کوتو پڕ و موعجیزە ئاسا و چاوەڕوان نەکراوە. کوڕان و کچانی ئەویندار هەلیان بۆ هەڵکەوتوە شان بەشان و دەست لە ناودەست بە ئیشارەی سەر و چاوو دەستگوشین و نوقورچکگرتن لە لاڕانی یەك، کەف و کوڵی دەروونی خۆیان دا دەمرکێننەوە. بێئەوەی بەئاشکرا ڕەسم و یاسای گەندەڵ و پورتکاوی میللی و مەزهەبیان پێشێل کردبێت!

ئەحمەد تاو تاو گۆرانی دەڵێ، جاروبار سەرچۆپی زەماوەندی شاسواری خۆشەویستی دەگرێ. جاروباریش بەزۆر کێشی دەکەنە ناوجەرگەی هەڵپەرکێ. کچان بە بیانووی سەرچۆپی گرتنەوە دەسماڵێکی دەدەنەدەست و دەڵێن:

تۆ کەلامی خوا بۆ موارەکی بەم دەسماڵە تایبەتیەی منەوە دەورێ سەرچۆپیم لەك\گەڵ بگرە. کەمنین لەو کوڕوکچانەی لە جۆش و خورۆشی شایی و زەماوەندا دۆست و دەزگیران بۆ خۆیان دەدۆزنەوە، هەر بە ئیشارەی چاوو دەست پەنجە گوشین، جیگای ژوانی شەوانە و شەرت و پەیمانی دەروونی خۆیان دەبەستن.

ئەحمەد لەماوەی سێشەو و ڕۆژدا خۆی خزاندەنا هەست و خواستی دەرونی و بیرونی پیاوان و کوڕان و کچانی زەماوەنکەر! پوورە مروەت هەر لە سەرەتاوە جوتێك کەوشی یەمەنی تازەی لەپێ نەکراوی بۆ ئەحمەد هیناوە کەوشە کۆنەکانی فڕێدایە پەستوێکەوە. ئەحمەدیش چوو بەسپایی چپانی بە گوێی پوورە مروەتا، ڕەمزی نهێنی ناو کەوشەکانی پێبڵێ. پوورە مروەت ئەوەنە سەریقاڵبوو باش حاڵی نەبوو ئەحمەدی کیشایە ناو هۆبەیەکەوە وتی:

کوڕە شیرینەکەم ئەو جووتە کەوشە دیاری ئەمدایکەخۆتە ئەو کونەکەوشانەت بۆ چییە؟ ئەحمەد دەڵێ:

= دایەگیان ئەو کەوشانەی من ئاوەهان؟! بۆخۆت باش دەزانی چەتە و تفەنگچییە کانی شلێری و بانەیی و مەریوانی و جاش و جەندرمەکانی سنوور هەتا ناو پزووی دەرپێ ژن و منداڵیش دەپشکنن و تالانیان دەکەن. پوورە مروەت دەڵێ:

= ئافەرین کوڕم باش تیگەیشتم خەمت نەبێ ئەو کەوشە کۆنانەت وەك گلێنەی چاوەکانم دەپاریزم.

پێشنیوەڕۆیە و هێشتا هەتاو گەرمی نەکردوە. لە حاڵێکدا چڕنەو پڕنە ڕژاوەتە بەردەرکی ماڵەکی ئەوسای درویش شاسواری دوینێ و خەلیفە شاسواری ئەمڕۆ؟ مام سلێمان گالۆکێکی قەوی ناوە بەشانەوە ڕوو دەکاتە پوورە مروەت و بەدەنگی بەرز دەڵێ:

= ئامۆزاژن، ڕەحمەت لە پێشینیان کەوتوویانە هەرکەس خاون دەستەلاتبێت هەر زاڵم و زەوتکەرە؟! هەرکەس بێدەستەڵاتبێ هەمیشە بەشی دەخورێ؟! بە شۆخی و پیکەنینەوە، گالۆکەکەی هەڵدەسووڕێنی ودەڵێ:

– ئەرێ قەوموو برا زەماوەن زەماوەنی منە بۆچی لەبەر درگای کەسێکی تردا هەڵدەپەڕن؟! وە کەلامی خوا ئابەو مەرقەدی شێمحەمەدی تەڕاتەوەنە وا ها بەو برزایی پشتی سەرمانەوە، هەر هەمووتان بەکوڕ وکچ و پیرو جوانەوە نەپیپێچنەوە و نەگوینوە بەر درگای ئێمە بەم گالۆکە گورگ تۆپێە هەمووتان دەتۆپێنم.

ئەحمەد کە هەم سەرچۆپی گرتوە و هەم گۆرانیش دەڵێ بێئەوەی لەخش لە خۆی بخات. بەگۆرانیوتن و بەدەم هەڵپەرکێوە وردە وردە و نەرم نەرم بەرەو بەر درگای ماڵی مانسلمان بۆی دەکشێ. کە گەیشتە بەردەرکی تازە هەواری گەرم و نەرمی کاك سوارە، مامسلێمان دەستی کردە ئەستۆی ئەحمەد و بۆ موارەکی بەگالۆکەکەیەوە بۆماوەیەك بووبە سەرچۆپیکێش. بەڵام دەورێکی تەواوی نەهێناوە وەك بیشکەی شەق و شڕی لێهات، بەهەسکە هەسکەوە بانگی کرد وتی:

– ئافتاو و سوارە فریامکەون.

کە بووك و زاوا هاتنە ناو زەماوەندی خۆیانەوە. بوو بە چەپڵە ڕێژان. ئەو کەسە ئازابوو کە دەستی گرتبوو بە ئامێژەنی ژیانی خۆیەوە. تا شەوگاریان شەقکرد. دیارە, شەو قەڵای لاوانی تامەزرۆیە. خێر و بێر لەشایی شەوانەدایە بەتایبەت بۆ لاوانی بێدەرەتان پاش نیشتنی مانگەشەو.

لاوان کە دەزانن ئەمشەو ئاخرین شەوی شایی شاسوارە. تا بەرەبەیان خۆیان کول و کافر دەکەن. بێوە ژنێکی تەڕلان و تەرپۆش کە سەرچۆپی گرتوە لە ناکاو سەرچۆپی بەردەدا بەدەنگی بلیند دەڵێ:

= دەك موبارەکبێت، نوخشەبێ لەوانەی (تەنیاو دەم و لێو وشکن) بە خواو بە مەولا، هەڵپەرکێ لە مەولا، وەك کەپەنکی دوای باران بێکەڵکە. یاڵڵا هەرکەس بەرە ماڵیخۆی، هەرکەسێ دەسمایەیەکی هەبێت ئەمشەو و سبەی شەو و هەموو شەوانێك هەر شاییەتی.

* * *

ئێستا سوارە سواری ماینی مرادی لە مێژینەی خۆی بووە. بەهەرتك دەست دەستی لەیاڵ وکاکۆڵی هەڵپێکاوە. دەڵێی هەر حەوت قاپی بەشتی لەسەر ئاواڵە کراوە. کڵپە و بڵێسەی ئاوری ئەوینی حەوساڵەی بەتەواوی دامرکاوە،

بۆتە خۆڵەمێش. ئافتاو کە ئەوسا شفرەی بەراز بۆی بوو بەشەفا، ئیستاکە پەردەی شەوەزەنگی بەتەواوی دڕاوە، لە تەزووی دیوەزمەی شەوانی شەوەزەنگ بەتەواوی خەلەساوە. کۆرپەی ئاواتی هێندە کوتوپڕ کەوتە باوەشی وەختبوو لە خۆشیان شاگەشکەبێت. هێشتا هەر شەوە سوارەو ئافتاو لە مەڕ دۆشین بونەتەوە جا شوانەکەیان هەڵدەستێنن ڕانەکەی ڕادات.

ئەحمەد هێندە شەکەتی سێشەو و ڕۆژی ڕابووردوە، هێندەیان گۆرانی پێوتووە و هەڵیان پەڕاندوە. تاتیشکی هەتاو نوینەکانی گەرم نەکرد و گزنیژەی ئارەق گزگیانی نەتەنیەوە وەخەبەر نەهات. هەستی بەخۆیکرد دەستێك بەسپایی دەستی دەگوشێ. کە چاوی هەڵێنا پوورە مروەت لە ژوور سەریەتی و دەڵێ: ئەحمەدگیان هەستە بەقوربانت بم بەرقلیانێکم لەگەم بخۆ. ئەنجا بانگ دەکات و دەڵێ ئادەی کچگەل مەسنەیەك ئاو بێنن با کاکەحمەم دەمو چاوی بشوات.

ئەحمەد هەستایە سەرخۆ بایەشك و بایباڵیدا، قرم قرم کۆڵنجی ناوشانی خۆی شکاند و خۆی بەرداوە سەر شەتاو و شێوەڵەکەی داوێن دەوارەکە. دەست و دەمووچاوی شۆری و گەڕایوە کە بینی دەوراندەوری دەوارەکە ئاوڕژشێن کراوە و گسك دراوە. کچێك لەپای سەماوەر و دوانیش گاوسی ئاوسیان داوەتە بەر گوڕم. مەشکە بەدەستیانەوە کەوتۆتە گرمەکرم و ناڵەناڵ.

پوورر مروەت لەبەری هەڵدەستێ و دەڵێ:

ئادەی ڕۆڵەکانم وەرن با پیکەوە (بەجەم) بەرقلیانەکەمانلەگەڵ کاکەحمەدا بخۆین، جا ئێوە بچنەوە سەروەخت مەشکەو مەلان و تەون و کردنی خۆتان.

یەکێ لە کچکان دەڵێ:

بەسەرچاو دایەگیان، تەنیا چەن گورمی تر لە مەشکەکەمان دەدەین با گەرمژەن نەبێ تەنیا چەن چرکە لەسەرمان ڕاوەستن ئێستا دێینە خزمەتتان.

گرمەی گاوس و گارکەگارگی گۆرانی بەرمەشکانەی کچە کۆچەری بەم شیعرە فۆلکلۆریەوە کە بۆ یەکی دەستێننەو و دەڵێن:

**(مەشکە بژێ هەژارم دۆستی لاوی ڕێبوارم)**

وەك گارکەگارکی بارەکەی تازە خاڵو مێڵ ڕەشتوو، هەوایفێنکی دواڕۆژەکانی مانگی خاکەلێوە و سەرەتای مانگی گولان. هەست و خواستی دەروونی و سەفاو سەمیمیەتی پوورە مروەت کە بەگوێی ئەحمەدیدا، دەداو دەڵێ:

= ڕۆڵە ئەحمەد گیان خۆزگە قەت بەجێت نەدەهێشتین، بەخوا لە هەرچوار کورەکەم فەرز ترێ؟!

کەمتر لەحەوتویکە لەناو ئەمخاوخێزانەدایە، هەردەڵێی لەناویاندا خولقاوە، هیچ هەستی نامۆیی و بیگانەیی ناکات. بەڵام بۆ وەڵامدانەوەی خۆزیاکەی پوورەمروەت بیدەنگ و خامۆشە. پاش بەرقلیانخواردنی هاوبەش لەگەڵ پوورەمروەت و کچەکانیدا وتی: = دایەگیان نەچین سەرێك لە کاکە سوارەو خوشکە ئافتاو بدەین؟ من دەبێ بچم بۆ ئاخرینجار پیرۆز بایی و خواحافیزیان لێبکەم. هەرچەن وشەی خواحافیزی بە مەزاقی پوورە مروەت و کلاوزەڕ وەك زەهری ماربوو. بەڵام پوورە مروەت وەخۆی نەخست و وتێ:

= بەرێوەڵا دەچین بەڵام باکچەکانیش کاروباری مەشکەو مەڵانیان تەواوکەن. بەڵام باسی خواحافیزی لەلای سوارە بکەی شەرێکمان تووش دەکات. قسەی وانەکەی لەم هەل و مەرجە چارەنووس سازەدا بابزانین چیمان بە نەسیب دەبێت؟!

کە ڕوویانکردە دەوارەکەی ئەوسای مانسڵێمان و ئێستای سوارەو ئافتاو! ئافتاو بە پێی پەتی هات بە پیشوازی پوورە مروەتەوە و دەستی دەستۆیکرد و بەخێراتنێکی گەرمی ئەحمەدیشی کرد.

مامسڵێمان هێندە شاد و سەرحاڵە لە پیستی خویدا جێگای نابێتەوە. کەدەبینێ پوورە مروەت بە نیگەرانیەکەوە دەچپێنێتە گوێی سوارەدا. دەڵێ:

= ئامۆژن چیە حەرامە؟ پوورە مروەت بە پێکەنینەوە دەڵێ:

= ئەوەی ڕاستیبێ کاکەحمەد کەوتۆتە جم و جۆل، گەرەکیە بە جێمان بێڵێ.

ئەمجار سوارە دەمدەنێتە بناگوێی ئەحمەد و بە چپەوە دەڵێ:

= بەو پیرەی دەستم پێوە گرتووە و تۆزقاڵێك باوەڕیشم پێی نیە. مەگەر بمکوژی دەنا تا نەچینە کوێستانی چلچەمە نایەڵم بڕوی. ئەڵبەتە منو دایکم بەجووت خەونیکیشمان بەتۆوە بینیوە تا نەچینە کویستانی چلچەمە نە بۆتۆو نە بۆ هیچکەسی ناگێڕینەوە.

کە ئەحمەد و سوارە پێکەوە بەجووت دایان لە قاقای پێکەنین ڕووناکی کەوتە دڵی پوورە مروەتەوە و هەورو مژی گومانی مامسڵێمانیش بەتەواوی ڕەویەوە.

پاش پەزێراییەکی شاهانەی ئافتاو لە میوانە خۆشەویستەکانی پوورە مروەت بە پێکەنینەوە وتێ:

= ڕۆڵە ئەحمەد گیان خۆ ئەوە ئێوارەیە هاکا مەڕومالاتیش بۆدۆشین ڕژانە بەر دەوارەکان. هەستە با بڕۆینەوە بۆ ماڵەکەی خۆمان با زەحمەت کەمکەینەوە و سەری ئافتاوو سوارەیش سووك کەین با بگەنە کارو باری خۆیان و پەزو پاتاڵەکەیان.

* * *

تیشکی هەتاو خوشیوتە ناو گشت هۆبەو هەوارەکانی ئەمبەرەو بەری چۆمی سێبواران.ئەحمەد لە زرەی سلسلەو پلپلەی کەڵکیت گۆرانی و گارەگار و وتوویرەی کچەکان بەدەم تەون کردنەوە خەبەری بووە. تومەس کچەکان بە مەبەستی وەخەبەر کردنەوەی ئەحمەد ئەو بەرنامەیان داڕشتوە. دەنا خۆ دەکرا وەك عادەتی تەونکەران بە پەرۆیەك سلسلە و پلپلەی کەڵکیتەکانیان ببەستایە، وتو ویرەو گارەگاریشیان هێور هێور بکردایە. دیارە هێشتا بەتەواوی ساوازەیان لە ئەحمەد نەبۆتەوە دەنا گارکە گارك و گۆرانی وتن لەگەڵ مەشکەژەنین و تەونکردنا بەشێکن لە فەرهەنگ و فۆلکلۆری تایبەتی بۆ گشت ژنان و کچانی کۆچەری.

ئیستا جاروبار دەنگی کەڵکیت وەشاندن نامینێ و بە هێلم هەڵپێکان و قەیچی

کردنی قاڵیەکەوە خەریکن. بە سرکە سرک پێکەوە دەدوێن یەکێکیان دەڵێ:

بەخوا لاوێکی شۆخ و ششیرین و پێکەوتوە، خوشکی خۆی بۆی شێت دەبێ، هەرلەخۆی شیرینە لەگەڵ مرۆڤدا دەدوێ. ئەوی تریان دەڵێ:

= خۆزگە قەت بەجێی نە دەهیشتین. ئەویتریان دەڵێ:

= خۆزگە بە کەواوسەڵتە و دەمبینی؟

ئەحمەدیش بەباشی گوێی لە گارکەگارک و سرکەسرک وتوو ویرە و ڕازو نیازیانە. کە باش تێدەفکرێ دەزانی بە پێی پیلانی دڵخوازی خۆیان جێگایان بۆ ڕاخستوە. بە جۆرێك کە تەنیا چیخێك لە نێوان سەرینەکەی ئەحمەد و داروباری تەونکردنەکەی ئەواندایە. یەکێکیان دەڵێ:

= بەخوا بەهەر جۆریك بێ کەواو سەڵتەکەی کاکە سەمینمی بۆ دەبەم و دەڵێم شەواڵ و مراخانیەکەت داکەنە بۆت دەشۆم، بەشکەم بەو بیانوەیشە بووە بە کەواو سەڵتەی جافانە وە ببینم.

هەمیسان هیلم هەڵپێکان کۆتایی دێت و دیسانەوە زرەی سلسلە و پلپلەی کەلکیت، تێکەڵاوی گارکە گارک و گۆرانی کچەکان دەست پێدەکاتەوە. ئالەو کات و ساتەدا دایك دێتەماڵەوە دەڵێ:

= ئەرێ کچگەل هێشتا عەسرۆژەتان بە کاکەحمەد نەداوە؟

= وەڵا خۆ ئەو هێشتا لە خەو هەڵنەستاوە. ئێمەیش بەبۆنەی خەوی خۆشی ئەوو نوێژە درێژەی تۆوە، خەریکە عەسرانەکەمان دەکەوێتە ئێوارە. پوورە مروەت بە پێکەنینەوە دەڵێ:

= کاکەحمەد گیان گوێت لێیە ئەم کچانە چۆن نوێژی درێژی من و خەوی خاوی تۆ دەکەنە بیانوو، کەم و کووڕی کارەکانی خۆیانی پێ‌پینەو پەڕۆ دەکەن. ڕۆڵە گیان وشیارانە و بە ئەنقەست ماڵ و حاڵم بۆ چۆڵکردن. بۆ کاکەحمەدتان هەڵنەستاند. مەگەر نازانن ئیمشەو لە ماڵی مامسلێمان میوانین.

بە خۆشی و دڵنیاییەوە بە خۆیو میوان و کچگەلەوە عەرۆژەیان پێکەوە خوارد و چاوەڕوانی هاتنەوەی پەزو پاتاڵەکەیان بوون تا وەك هەموو ئێوارەیەك بیاندۆشن و جا بۆماوەیەك زاومایانکەن، بۆ ئەوەی بەرخۆڵە و کاژۆڵە و گوێلکە ساواکان تێرو پڕ دایکیان بمژن. تا سبەی بەیانی و سبەی ئێوارە دایك و وەڵەد تاسەیان لەیەك بشکێ، هەروەك ئیستا پورە مروەت و کچەکانی تاسەیان لێك شکاوە؟!

* * *

ماڵی مام سلێمان بە باشترین شێوە ڕازێنراوەتەوە. ئافتاو بە جوانتری جلوبەرگی بوکێنی خۆی ئارایش کردوە و دێت و دەچێ و پەزێرایی لە میوانە خۆشەویستەکانی دەکات.هەر کچێك بۆ یارمەتی دانی تەکان لە خۆی بدات نایەڵێ و دەڵێ:

وە کەلامی خوا نابێ کەس لە جێی خۆی ببزوێ مەگەر سەد سوار میوانم بەسەرمدا ڕژاوە؟

مام سلێمان دەڵێی میوانە لەسەرووی هەموویانەوە دانیشتوە، سەبیلێکی برنجەی زەردی کلك کفتکاری کراوی بە دەستەوەیە کەبینی پێوە دەنێ زۆربەی دووکەڵەکەی، وەك جووتێك کەوەمار لە هەرتك کونەلووتیەوە دێنە دەر، تیکەڵاوی برچ و ریش و قەفی سمێڵە سپیەکەی دەبن. هێندە بە کەیفە دەڵێی ئەمساڵ گشت کویستانی باڵی و برانان بۆ ڕەوگ و میگەلەکەی تاپۆ کراوە؟!

کە کڵاو زەڕ پیرۆزبایی لە ئافتاو دەکات، ئافتاویش دەڵێ:

دەك لەو شیمحەمەیی تەڕپاتەوەنمە گەرەکە نوخشەبێ لەتۆیش. بیرۆزە چکۆل دەڵێ بەرخی پایزەزێیە، زوو زوو سوار قەڵاندۆشانی کاکە سوارەی دەبێ و دەڵێ:

= کاکە سوارە ئەوە تۆ بوویتە کوڕی مام سلێمان ئیتر قەت نایتەوە ماڵی خۆمان؟ سوارە خوشکی پاشمەرگەی باوکی و، خۆشەویسی دایکی لە قەڵاندۆشانی دادەبەزێنێ چاوەکانی ماچ دەکا و دەڵێ:

= ئەرێ وەڵا تازە من بوومەتە کوڕی مام سلێمان، بزنەپۆش بە جووتە کارژۆڵەکەی‌ەوە بۆ تۆ، و گشت بەشەماڵەکەی من بۆ خوشکە کڵاوزەڕ.

= بۆچی بۆ کڵاوزەڕ؟ خۆ ئەو سەنگایی من هەر زێر بەبەرۆك و سەریەوەیە.

= ئاخر گشت ئەو تەختە دەوار و هۆر و جلی گاو ماینەکان و چێخ و بەڕە و خورجین و فەرشە جوانەکانمان بە زەحمەتی شان قۆڵ و دەست و پەنجەی ئەو دروستکراوە. تۆ تائیستە نە تەشییەك خوریت ڕستوە و نە تاقە کیلۆیەك کوڵکە و مووت بەشانە شیکردۆتەوە بۆیە؟

هێندە بە سەرو دڵیخۆش و شۆخی و جەفەنگەوە دانیشتوون. تا بەخۆیاندا هاتنەوە، جا زانیان جگە لە ماڵی مامسلێمان تەواوی ساماڵەکانی ئەمبەرەو بەری چۆومی سێبواران کپ و خامۆشن.

* * *

کە وە خەبەرهات و چەمکی لێفەکەی لەسەر دەم و چاوی لادا و دەستی بە چاویدا هێنا و برێك هەڵی پرواند و چاوی هەڵینا کڵاو زەر وەك کیشکچی بەسەر سەریەوە، بوخچەیەك لیباسی بەدەستەوە دەڵێ:

= خۆزگە بتزانیبا لە کەیەوە بەسەر سەرتەوە وەستام و چاوەڕوانم هەستی ئەم کەواو سەڵتەی کاکە سەمینم لەبەرکەیت تا شەرواڵ و مرادخانییەکەت بۆ دەشۆم.

= خۆ من قەت کەواوسەڵتەم لەبەر نەکردوە و نامەوێ هەرگیز لەبەریکەم.

= کڵاو دەڵێ بۆچی:

= بۆ ئەوەی لە ناوچە کویستانییەکانی ئێمە، تەنیا شێخ و مەلا کەواو سەڵتە لەبەردەکەن. منیش هێندە لە ئاکارو کرداریان بیزار و موتەنەفرم بۆیە.

= دایکم و من پێمانخۆشە بە کەواو سەلتەوە بتبینین. هیوادارم بێدڵیمان نەکەی. ئەحمەد دەڵێ: ئەی بەسەر هەرتك چاوم.

کە کەواو سەڵتەکەی لەبەر کرد و بۆسەر شیوەڵاوەکەی نزیك چۆمەکە شۆڕبۆوە. کە دەستی کردە گیرفانی کەواکەدا شتیکی کەوتە بەردەست و هەڵیگلۆڤی، هەستیکرد پیارسکەیەکی چگۆلەیە گرێ‌دراوە و شتێکی ڕەقی تێدایە. لێی کەوتە شك و گومانەوە ویستی دەری بێنی و بیکاتەوە.

پەشیمانبۆوە. گەیشتە سەر چۆمەکە و دەست و دەمووچاوی شۆری گەڕایەوە، پیارسکەکەی کەوتەوە بیر ویستی بیکاتەوە دیسانەوە ئیجازەی بەخۆی نەدا بیکاتەوە. چووە سەر تاشەبەردێك چاوی بڕیە ناو چۆمەکە، چلێ کەوەتوولی شلك و شیرین سەرنجی ڕاکێشا کە لەناو نێرینەی ئاوەکەدایە. جاروبار شەپۆلی چۆمەکە سەری پێدادەنەوێێ و جاروباریش بەتەواوی نوقم دەبێت پاش چەنچرکە دیسانەوە قەد و قامەتی بەتەواوی ڕاست دەکاتەوە. دیمەنێکی سەرنجڕاکێش بوو بۆی، زۆری پێنەچوو بڕێك ڕیشەی گژوگیای تێك ئالۆزکاو کە دەتگوت پرچی پیرێژنە و دەمیکە شانەنەکراوە، ئاو هێنای پیچانیە قەد و قامەتی چڵەدارەکە. یەك دووجار قوڵپانی بە ئاوا و پاشان بەتەواوی نوقمیکرد، ئیتر شوینەوارێك لەو خەڵفە تووڵە شلك و شیرینە نەما. بڕێك بەلچی چەما سەرکەوت کە گەیشتە پەنای شەتاویکی کزو لاواز، شڵپەشڵپێکی بیست. کەئاوڕی دایەوە قاشە ماسیەك قەوانچەی بەست و کەوتەناو گۆمەڵاتکێکی چکۆلە. تێگەیشت شەو بە ڕێواساودا هەڵێکردوە و بەیانی فریانەکەوتوە بگەڕێتەوە ناو چۆمەکە. خێرا باوەشێك پووشی خستە بەر گۆمەڵاتکەکە و کردیە ماشە، بڕیك چووە سەرەوە هەرچی ماسی تێدابوو بەرەوخوار ڕاوینان گشتیان کەوتنە ناو گۆمەڵاتکەکەوە. وردە وردە ئاوەکەی لادا گۆمیلکەکەی وشککرد هەشتنویەکی باشی لێگرتن و بە تووڵکەوە. جەلەی کردن بەرەو ماڵبۆوە. بەڵام دیسان کەوتەوە وەسوەسەی پیارسکەکە. دانیشت ماسیەکانی دانا، ماسیەکان دەستیان کردە هەلبەز هەلبەز، یکێکی زلەیان گویچکەی هەڵتلێشاو بازرەقەی بەست، چوو هینایەوە تووڵەکەی کردە ئەوگویچکەکەی تریا. دیسان دانیشتەوە. مەسەلەی پیارسکەکەی بۆ ببوە موعەمایەك! وەختبوو ڕشتەی خەیاڵاتی بپسێنێ. خۆی بەخۆی وت با بیکەمەوە لەم دڵەڕاوکی و وەسوەسە خۆم ڕزگارکەم؟

کە پیارسکەکەی کردەوە، شووشەیەك عەتر و سوونکەسابونێکی بۆنخۆش و لیسپێك پرچی ڕەشی بەهەورێشم پیچراوی تێدابوو. دڵیکەوتە لێدان و تەپەتەپ، ئەمجار خراپتر کەوتەناو شکوگومان و هەزارو یەك پرسیاری بێوەڵامەوە ! خۆی بەخۆی دەگوت:

– تۆبڵێی ئەم پرچە نەرموشلە بە هەوریشن پێچراوە بۆ خاوەنی ئەم کەواوسەڵتە، بە دیاری نیررابێ؟ بێشك خاوەنی ئەم پرچ و پەرچەمە قرتاوو بە ئاورێشم پیچراوە بەتیری عەشقی شۆڕەلاەێك پێکراوە. بەدیقەت تێی ڕوانین و پاشان وەکخۆی پێچانیەوە و لەجێی خۆیانی نانەوە. بەرەوە ساماڵەکە هەڵکشا. کە بینی پوورە مروەت لەبەر دەرکی دەوارەکەیەوە چاوەڕوانیەتی. بەدەنگی بڕێ بڵێند بانگ دەکات و دەڵێ:

کچە شیرینەکەم کلاوزەڕ گیان ئەوا کاکەحمەدیش هاتەوە، ئێمە لەماڵنابین تۆیش بەرقلیانت نەخواردوە، بەرقلیانەکەتان پێکەوە بخۆین.

= بەسەرچاو دایەگیان هەمووشتێك ئامادەیە.

کلاوزەڕ سەماوەر کە لە تەنیشت خۆیو ئەحمەددا دانا، سینیەك نان و مشتەکۆلێەك کەرەی تازە ژێنراو و پارچەیەك تویشکەشیر و چەنکولێرەی ناوساجی بە ڕۆندووگی مەڕ برژاو و سوورەوەکراوی لەسەر سینیەك دانا و خۆیشی ڕاست ڕووبەڕووی ئەحمەد دانیشت دەستیکرد بەچایی تێکردن. چەنجار لەسەریەك تیشکیچاوەکانی وەك تیشکی شەهاب خوشاندە ناو چاوی ئەحمەدەوە. هێندە لێی نزیك بۆوە تەنیا سینیە نانەکە لەنێوانیاندا بوو. بەبۆنی میخەك و سمڵی ناو سینگی و بەرۆکی ئەحمەدی مەست و سەرسام کرد. وتی: پێش نان چای تاڵ دەخۆیتەوە؟

= ئەرێوەڵا دەخۆمەوە.

= دەمزانی بۆیە چای تاڵم بۆ تیکردی.

ئەحمەد وەها کەوتە ناو خەیاڵات و دڵە ڕاوکێوە، بتگروبا بەخۆی نەدەزانی، پاش بیرکردنەوەیەکی ورد لە دڵی خۆیدا بەخۆی گوت:

= بە خوا ئەو لیسپە قژە قرتاوو بە ئاورێشم پێچراوە هەر لەم قژە رەشەی ئەو کچە دەچێ؟

ئەحمەد وەها واقی لێ وڕماوە نان و چایی خواردنی فەراموش کردوە. کلاو زەڕیش لەوبەتەر، چاوەکانی بڕیوەتە ناوچاوی چاوەڕوان و گوێقولاخە ئەحمەد بیتە زمان و لەگەڵی بدوێ. بەڵام ئەحمەد دەڵێی هەیکەلی لە شووشە داتاشراوە، مووی نابزوێ.

کلاوزەڕ بە پەنجەکانی زوڵف وئەگریجە و بەتایبەت قژە قرتاوە قەترانیەکەی شانەدەکات. جاروباریش وردەوردە کوڵمی سوور و لاملی زەردی بۆ ئەحەد وەدەر دەخات. بۆئەوەی ئەو گومانی لەوەدا نەمێنێ کە ئەو قژە قرتاوە بەخەیاتەی خاو پێچراوە، هەر لەم قژە ڕەشە قەترانیە قرتاوە و بەتایبەت بۆ ئەو قرتینراوە و بەنیازێکی پیرۆزەو بۆ ئەو بەدیاری نێرراوە.

سەرەنجام ئەحمەد بە دیقەت دەنواڕێتە کوڵمی سوور و لاملی زەرد و قژی قرتاوی قەترانی کلاوزەڕ. کلاوزەڕیش بە جەربزەوە پێ لە جەرگی خۆی دەنێ و دیسانەوە گەرەکیە بە نواندنی قژەقرتاوەکەیەوە پەردە لەسەر عیشق و ئەوینی خۆی بۆ ئەحمەد وەلانێت. دەڵێ:

ئەحمەد گیان بەقوربانتبم درەنگمانە خۆ چاییەکەت ساردەوە بوو؟

چایەکی تازەی بۆ تیدەکات و لەجێی چا کەی دایدنێ و دەڵێ:

بەڵام ئەم چاییە چونکە بەشی تۆیە من بۆخۆم دەیخۆمەوە؟ بۆیەش بەشی تۆ دەخۆمەوە، وەتی تۆم دیوە تووشی نەخۆشیەك هاتووم! بۆیە بەساردیو تاڵی دەیخۆمەوە، بەشکەم بۆم ببێتە شەفای هەمیشەیی جەرگ و دڵی تیرئاژن کراوم چارەکات. ئەمەی وت و هەوریەکەی بەتەواوی لەلەسەر گشت پەرچەم و ئەگریجە و قژی قرتاوی وەلانا، تا میوانی نیوەنامۆ و غەریب. سامی بشکێ و بۆی بێتە مەیدانی عەشق و ئەویندایەکی ئاشکراو پیرۆزەوە.

ئەحمەد کە دووچاوی هەبوو ئەگەر بۆی بلووایە دووچاوی تریشی قەرز دەکرد و بەدیقەت دەینواڕیە پەرچەم و ئەگریجە و لاملی زەرد و کوڵمە سوورە سورشتیەکەی کلاوزەڕ.

کلاوزەر چوو پڕبەرماڵێك خوری شۆراو و شانەی خوری شیکردنەوەی هێنا و لە جێگەکەی پێشووی بەرانبەر ئەحمەد دانیشتەوە و دەستی بە خوری

شیکردنەوەکرد. بەڵام هێندە ئۆقرەو ئارامی لێبڕاوە هیچ ئاگای لەخۆی نیە، لە ناکاو وەك کەوەمار دەکیفێنێ و دەڵێ ئۆف ف ف ف  باوکە ڕۆ ڕۆ ڕۆ.

ئەحمەد چاوی بەدەستیەوە بوو چۆن دایبە دەنووکەکانی شانەی خوری شیکردنەوەکەدا. خێرا مەچەکی خروخۆڵی پڕ لە خڕخاڵ و مووڕووی گرت، بەچاوی خۆی ناولەپی کونکونکراوی بینی کە دەڵێی دەرزیئاژنکراوە خوێنی تێزاوە. وتی:

= خوارڕەحمی پێکردی، ئەگەر  بەتوندی دەستت داوەشاندبا، دەنووکەکانی شانەکە لە پشتی دەستتەوە دەهاتنە دەرێ؟

کلاۆ چاوەکانی بریە ناوچاوی ئەحمەد و وتی:

= کورە ڕەحمی خوای چی، ڕەنگە بڕوام پێنەکەی ئەگەربڵێم ناو جەرگ و دڵم ئاوا بە تیری ئەوینی تۆ کونکونکراوە ؟!

ئەحمەد کە برووسکە ئاسا، سارای هاتەوە پێشچاو و فرمێسکی قەتیسی ناوچاوەکانی هەست پێدەکرا، هەناسەیەکی سووتینەری هەڵکێشا  وتی: مەگەر نەتبیستوە شیخی سەنعان فەرموویەتی:

نەسیحەتبێ بۆ دڵداران     عاشق مەبن بە ڕێبواران

کە ئەحمەد بە دەنگێکی بەسۆز و حەزین بۆ خوێندەوە، کچەی بەستەزمان وەختبوو بەندی دڵی بپسێ ئاو زایبە چاوەکانی و وتی:

– ئای کە چەند بێرەحم و دڵرەقی؟ ئەوەی بۆتۆم خستبوە ناو گیرفانی کەوا و سەڵتەکەی کاکە سەمینم، هیچ کاری تێمەکردێ، هاوار بەماڵم ڕەنگە سینگی‌تۆ، لەجیاتی دڵی‌مرۆڤ، خڕە بەردی ئاوەسەی ئا ئەو چۆمەی سێبوارانی تیابێت؟!

کلاۆزەڕ بەچاوی فرمێسکاوی و پرمەی گریان و نائومیدیەوە وتی:

= تۆخوا پێمبڵێ با بزانم هۆی چییە ڕەحمە پێناکەی؟ ئاخ خ خ داخۆ دڵی چەن کەست کردبێ بە سیخی سوورەوەکراودا؟!

کە ئەمەی لە کلاۆ بیست دیسانەوە، دەنگی ئەوسای سارا لەگوێیدا زرینگایەوە کە دەی‌گوت:

– تۆ خوا ئەحمەد گیان پایز شەرتت هەڵان دێی بە دوامانداّ؟

تومەس پوورە مرووت وەگ ڕاویارێکی کارامە تەڵەی بۆ باشترین نێچیری دڵخوازی نابێتەوە لە هۆبەی پشتەوە لە درزی نێوان چێخ و بەرچێخێکەوە شاهیدی دەنگ و ڕەنگی ئەحمەد و کلاۆزەڕ بوو. پاشەو پاش کشایەوە. بەدەنگ و ڕەنگی بڕیك دوور و بڕیك بڵند بانگیکرد و وتی:

= کچ کلاۆ گیان من و خوشکەکانت دەچینە سەر ئەو شەتاوەی مێگەلەکانمان لە سەری بریوەتەوە و کەمێلە و پامێزەکانمان لە گومەلاّتکێکدا سەنگ و بەرد ناوە. دەبێ بچین بیانشۆینەوە و وشکیشیانکەینەوە، چونکە ڕەنگە هەر ئیمرۆ و سبەی لێرە بین. ڕەنگە بڕێك درەنگیش بێینەوە.

کەئەوان چوون بۆ چۆم، ئەحمەد و کلاۆزەریان بەجووت بەجێهێشت، کلاۆزەڕ بەو پەری حەسرەتەوە وتی:

= بە قوربانی ئەو فرمیسکانەتبم هەروەختە شەقبەرم، تۆ کەلامی خوا، تۆ مەرقەدی شێخ حەسەنەسوورەی مەولاناوا، تۆ ڕۆح و گیانی ئەوکەسەی ئەو فرمیسکانەت بۆهەڵوەراند، ئەوەی لەو دڵە ڕەق و کەیلەتدایە ڕاست و ڕەوان پێم بڵێ خەریکە شێتبم:

ئەحمەد بە کورتی گشت ژیاننامە و کولەمەرگێ باوك دایکی بۆ گێڕایەوە. باسی میوانداری لە باوکی سارا و سارا و خوشك و برا چکۆلەکەی سارا و، باسی دووساڵ هەڵوەدایی خۆی بەدوای ئەوینی سارادا و ، باسی کارەساتی مەرگی‌سارای بە وردی بۆ کلاۆزەڕ گێڕایەوە. کلاۆزەڕ بەتەواوی تاسا و حەپەسا! پاشان بڕێك خۆی کونترۆڵکرد و وتی:  تۆخوا ئەوەی بۆم نابوویتە ناو گیرفانی کەواو سەڵتەکەی کاکە سەمینم، بینیت؟

= ئەرێوەڵا بینیم و بەباشی لە مەبەستیشت تێگەیشتم: بەڵام نامەوێ تاڵاوی دەردی دووری و بەیەك نەگەیشتنی تۆیش بچێژم. پاش سێ‌ساڵ هێشا برینی زام و دەردی سارام، سارێش نەبووە! بەرگەی دەرد و برینی دووری تۆیش ناگرم.

بۆ ماوەیەك کپ و بێدەنگ و کش و مات. هەردوکیان چاویان بریە ناوچاوانی یەکترین. پاش چارەکە سەعاتێك کلاۆزەڕ وەك کارماز لەجێی خۆی ڕاپەڕی، چێخیکی هێنا و بە بەرچێخەکەوە کردیە پەردە، خۆی خستە باوەشی ئەحمەد و بێپەروا و پێچ و پەنا خۆی خستە باوەشی و  پێی وت:

= بەخوا من نامەوێ ئاواتی خۆم وەك سارای جوانەمەرك بەرمە ژێر گڵەوە؟ ئەحمەد ویستی لامجوومی بکات بەڵام باش لە نیەتی دایکی کلاۆ تێگەیشتبوو. زانی کلاۆزەڕ  لە دایکی و سوارەی برایەوە پشت ئەستوورە. بۆیە تەسلیمی هەست و خواستی دەروونی و بیروونی کلاۆزەڕبوو.

کلاۆزەڕ، بە کەیفی خۆی گشت کەف و کوڵی هەڵچووی دەروونی و بیروونی خۆی  لە باوەشی ئەحمەدا، دامرکاندەوە.

تا دایك و خوشکە کانی لە کەمێلە و پامێزەك شۆرین گەڕانەوە، ماڵ پاك و خاوین و هەڵپەرژیناو، چایی و چێشت لێنراو، ئەحمەدیش لەسەر دۆشکێك ڕاکشاو، دیارە دەڵێی دنیای بەسەردا رووخاوە. لەوەی کلاۆزەڕ بەسەریدا هێناوە.

دایك بە شادی و خۆشی کچەکەیەوە گەشایەوە. کە ئەحمەدی بە شەرمنی هاتە پیشچاو. چوو دەستی دەستۆی کرد و و وتی:

= بە قوربانتبم، بۆ وا مات و مەلوولی؟ بڕوات هەبێ تۆ بەقەد هەر حەوت فرزەندەکانم لە پانتای دڵی مندا جێگات بۆ تەرخانکراوە.

دیسانەوە بۆ چەندەمینجار ئەملاولای ماچکرد.

بۆ زانینی ئاکامی ئەم  ئەوین و وەسڵەتە دەبێ چاوەڕوانی ژمارە 13ی ئەم گۆڤارەبین .

# چیرۆکە شیعری مانک گیران

نووسینی (ئاوارەی کوردستان) واتە مەلا ڕەحمانی فەرەج خەزایی

دەنگ و باس گەرمە لێرەوە    لە هەرێمی شلێرەوە
دنیا گش و ماتە شەوە    چ وەختێکە کاتی خەوە
مانگ چواردەیەتی و خڕ بوە    زەوی لە شەوقی پڕ بوە
لە سەربان و لە بەر هەیوان    خۆیان هەڵخستوە پیرو جوان
لە سەر خۆ دێت شنەی شەماڵ    ڕەشەبای خستە بەر تەماڵ
هەر کەس خەیاڵێکی هەیە    دوو ماتە و یەك بە بزەیە
دیارە لەم دنیا پانەدا    لەم دەشتایی و بیابانە دا
کێ هەیە دانیشێ بێ خەم    لە سەر دڵی نەبێ ماتەم
منیش لە سەر یاسای بوێژ    دڵ وریاو ڕواڵەت گێژو وێژ
سەرم کردە سەر سەرینم    لەبیری چارەی برینم
خۆم بە جێمام خەیاڵ ڕۆیی    خۆی لادا لە چل و چۆیی
یەکسەرە چوو ۆ ئەریوان    لفی سەر شیوە و مەریوان
گریا بۆ بنە مالەی ماد    لە نەخچەوانیش بۆ شەدداد
لەویوەبۆ دیار بەکر و وان    دەرسیم و جەزیرەو بۆتان
هەڵیکێشا چەن ئاخ و داخ    بۆ شۆرشی کوردی ئاگریداخ
بۆ شیخ سەعید بۆ سەیڕەزا    لەمن زیاتر دڵی تەزا
خۆی نەگرت و دڵپر لەقین    ڕ ویکردە زاخۆ و خانەقین
تا بزانی لەوێ چ باسە    دیی سووتاوە بە قەناسە
دەساڵ بوو ئاگر ئەباری    لە بەد بەختی کوردەواری
هەڵیکێشا هەناسەی سارد    وتی ئینسانیەت هەی داد
ئەمجارە بۆ سەر هەورامان    بایدایەوە بە بێ ڕامان
بۆ سەر سێدارەکەی سەقز    چوارچرای جگەر سووتا و کز
پاشان خەیاڵی بێچارەم    هاتەوە باوشی ئاوارەم
وتی پینج پارچەی کوردستان    گەڕام سەرپاکی دەستەوستان
کورد وەکو ڕان بێشوان لێکدوور    گورگیش لە دەوری لوورە لور
بەناو کۆمەڵ هەن سیاسی    خۆزگەم بەخۆت نایان ناسی
هەر یکەی پیاوی لایەکن    هەر تاوێ کای بەربایەکن
قەومایەتی هەر نازانن    مەسەلەی کورد و گۆرانن
نەتەوایەتی زۆر کەمە    بۆیە دوژمن خاتر جەمە
باسی سنووری نیشتمان    کێ ئەتوانێ بیکا بەیان
دەسەڵاتدار و سەرەك هۆز    بە باسی کورد ئەبن ئالۆز
خۆ مسکێنیش گێل و کاسن    خاس و خراو هەر ناناسن
ئیعلامیەی مافی بەشەر    بۆ کورد هەر بیسوودەو سەمەر
نازانم تا کەی وا ئەبێ؟    ئاخۆ ئەم زامە چا ئەبێ؟
ئەمانەی وت و بێدەم کەوت    وەك مافی کورد ژێر پیی خەمکەوت
گویم بۆ ڕاگرت تاکوو دوایی    ئەمجار پێم وت بە ئەسپایی

ئەرێ خەیاڵی قوڕ بەسەر
ئەو بیرەی وا تۆی درێژ کرد
یەکی بدوێ لە بەش خوراو
مێشك ڕوونێ خۆی بنوێنێ
زانای گەلمان پێیان وایە
نەخویندەوار ، تا نەخوێنێ
چاوی بەسراو ، نەکرێتەوە
کوردستان هەر وا ئەمێنێ
خەیاڵ ویستی دەم کاتەوە
لەو کاتەدا مانگ بێنوور بوو
گوێمگرت لە ئاوایی قاوە
ئادەی هەر کەس چی پێ ئەکرێ
غەزایە ئیسلام خێراکەن
جارچی کاتێك ئەوەی درکان
تەنەکە و ساخ لە چەپ و ڕاس
یەکێ قوولە و یەکێ لوورە
یەکی بالۆرە و لۆرە لۆر
یەك بە تەور و تەوراسەوە
یەك بە پڕمە و یەك نووکە نووك
بە کورتی هەر کەس بە جۆرێ
مانگیش تیشکی خۆر لێی لادا
وتیان ئەم چەکە سووکانە
چەکی قورس ڕێش و پرچە
یەکێ لەولاوە دای لە دەف
یەکێ هەتا تینی تیا بوو
ئەڵقە تا ئەهات تەنگ ئەبوو
ئەونە مڵیان بادا هەموو
وتیان با بیکەین بە تەقە
بەڵێ بەو شەوەی شەوە زەنگ
سێتیر و بڕناو و ڕەشاش
ڕوەو مانگ پاکی کەوتە کار
ڕێکەوتیش وابوو ئاپۆلۆ
کە لەپشتی مانگ گەڕایەوە
گوێی گرت شلپەیە و دوسڕێژە
ئەپۆلۆی پازدە پەلە پەل
ئەمە چیە و چ قەوماوە
جوابیان دایەوە مە ترسن
دەسکی خەڕەك بەولا بادەن

لەمن زیاتر تۆیش دەر بەدەر
هەزارانی گێژ و وێژ کرد
لای ئەم و ئەو سووکە و گلاو
ئەی دەنە بەر تانە و جوێێ
نوشتە و بەن بادان دەوایە
زانا نەزان نە بزوێنێ
مافی براو نەدرێتەوە
کوردیش زیاتر دا ئەمێنێ
پەرچی قسەی من باتەوە
وەك چاوی کورد پەروە سووربوو
کافر دەوری مانگیان داوە
درێخی نەکا تاکو ئەمرێ
شۆرش بەرەو مانگ بەر پاکەن
دەر پەڕین گاڵۆك لە سەرشان
لێ ئەدرا وەك چۆلەکە پاس
بیلاتەژبی لەژێر دوورە
یەکێ بە لیسی خوری شۆر
یەك بە شەن و یەك داسەوە
یەك بەسپایی و یەکێبەسووك
ویستی کافر لە مانگ تۆرێ
وەك خۆشی لە ڕووی زانادا
بێ سوودن بۆ ئەم مەیدانە
بۆ کوێ ئەچن کافرە چرچە
بە دەبە دەب دەم پڕ لە کەف
تەپڵی کوتا هوو پەیدابوو
دنیایش هەر شەوەزەنگ ئەبوو
بێهۆش کەوتن سوودی نەبوو
چی تیابوو ئەو لەقە و چەقە
عاسمانیان دایە بەر تفەنگ
چەکی خراپ و چەکی باش
لەوانە بوو بەرخات بەردا
بۆ عەرز ئەهات ئەلۆ ئەلۆ
خاك و بەردی هێنایەوە
زانی ڕێبازی پێ لێژە
بۆ ئەمریکا کەوتە بێ تەل
لە کوێ کەوتووە و لەکوێ دڕاوە
لە و شتانە قەت مە پرسن
لە ناحاڵی خۆتان لادەن

ئەوانە هێشتاکوو وەحشین        بە نەزانیین ئەیان بەخشین
وەك لەمەو پێشی ئێمە وان        شاری نین و خەڵکی چیان
بەڵکوو خۆیان بیرکەنەوە        شێت بە زانین ژێر کەنەوە
کاتیك خەیاڵ ئەمەی زانێ        بڕوای بە قەولی من هانی
بڕیاری دا ڕێك و تەواو ـ ئیتر نەکا خەیاڵ پەلاو

1974/2/6 لە گوندی گۆخلانی شلێر نووسراوە

# یەهودا

## بۆئەوانەی دەچنەپێشوازی دەسەلاتدارانی داگیرکەرانی کوردستان و بۆیان هەڵدەپەڕن!

**نەکەرۆز**

ئەی گەورەکانی
شاری مەحکوومی مل بە کۆت
حوکمدارانی پڕ دەوی زەمان
بێن بزانن،
منالانی رەنگ خەزانی شارەکەمان،
گەلا گەلا هەڵدەوەرن
لە بەر شەقاوی مەرگینی زەمان
شەویان خەونی میوە و بەرگی رەنگاوڕەنگە !
رۆژیان جەژنی نانەڕەقی شووم ئاهەنگە !

ئەی ئەوانەی لە بەر ریشی مزگەوتەکان
گیوتینی ئەستۆی ئازادیم دەتاشن،
رەمزی ئیمان و شەرەفتان،
رەنگی پارە و زرەی زێڕن
لە زێرابی بانکەکانی مافیا دا
ئاهەنگی مەرگ و برسێتی هەژارانم بۆ دەگێڕن!

شەرمەزار بن... شەرمەزار بن...
لە هیچ لایەکی دنیادا
کەرێك نابینن هەڵوەدا و بێ ئەنوا بێ،
سەگێك نابینن بێ بژیو و بێ پەنا بێ...
بەلام لە سای ریشی موبارەکتان
واسلاری گیاندارانتان
پشتی دەروازەی مزگەوت و
بەردی کۆلان سەرینیانە
ئاسمان لێفە و پاروەنانێك خەونی خۆش و شرینیانە
کتێبخانە و سەیرانگاکانی مندالان
کۆنەی خێرخوای ولاتان و
هەلدانەوەی زبلدانە

شەرمەزار بن... شەرمەزار بن...
تیاترۆکانی ئاهەنگ گێڕی دیوی شادی
هەلقەی داوەتتان داویکە
بۆ مەلی بێ لانی مێژوو
بۆ بالی سووری ئازادی!

ئێوە مشتووی شیری دەستی داگیرکەرن
خەلکی خوێنیان گولی یەخەی سەربەستیە..
بۆ بستێ خاك..
ئێوە نەخشەی سەربڕاوی نیشتمانتان..
بە زێڕ دارشت..
کردتانە ملی خودی زوحاك!

سەرتان داخەن... شەرمەزار بن...
ئێوە بەندی دهۆ و پارەن
سەماکەری زرمەی پۆستاڵ و تفەنگن
لە بەر بزەی خەنجەری سەر دلی خۆتان
لە سەر گۆڕی خوێن دەلێنی دیاکۆتان
گەرمی شاییانە و ئاهەنگن؟
هەلدەپەڕن ؟ شەرمەزار بن...
شەرمەزار بن لە گەڵ زەنگی زراوتانا
بێن بڕوانن...
مەرگستانی "نەحلەت ئاوا" تان بیر نیە؟

خاك و بەرد و زاری پڕ لە خوێنی گڵك
تف هەڵداوێن بە چاوتانا!
تەماشاکەن...
ڕەمزی عەداڵەت نابینن؟
ئێستاش لە سەر دەروازەکەی "گوندی شاپوور"
شەکاوەیە لاشەی هەڵواسراوی "مانی" !
چنگی ڕەشی داڵی کینەی دێرینەیان
خوێنی کۆتری خۆش باوەڕی تۆ ڕەنگانی !
ئەی ئەوانەی...
چەپکە وشەی ڕەنگاوڕەنگی...
دەستی خامەی نالی و گۆران
دەکەنە بەر مووڕەی ملی
سەگ و سوڵتان...

ئێوە سێدارەی قەڵەم و شێعرن
باڵای ڕەنگاڵەی هونەر و ...
مافوورەی ڕەنجی کچانتان
ڕاخستە بەر قەدەمی نەفرەت و تاوان
شەرمەزار بن...
شەرمەزار بن...
ئاوا سینگی نیشتمان و چاوی بەسراوی ئازادی،
زامستانە
وا شاعیر و هونەرمەندی قەڵەم یەخسیر
خاچی تەنیایی و بێوازی لە کۆڵدایە و
ئێوەش کۆمەڵی یەهوودان
مەرگی عیســـا مەبەستتانە
ئەی بێزوانی قین و نەفرەت
سەرتان شۆڕ کەن... سەرتان شۆڕ کەن...
ئاسۆی هیوام پێدەکەنێ و
هەتاو چاوم لێ دائەگرێ
ڕۆحی پیسی شەوباوەڕتان
بەرەو کۆڕکەم...

28 گەلاڕێزانی 1374 هـ 2004/11/م

## سەفەر و باپیرەم و کچەکەم



بەکر ئەحمەد

باپیرەم دەیگوت: بەرد لەشوێنی خۆی سەنگینە.
کچەکەیشم دەڵێ: "بابە ئینسان پەتاتە نییە ڕەگی هەبێ، ئاخر ئینسان دوو پێی هەیە."

بەردێکم دی، سەرگوزشتەی سەفەری خۆی بۆ جۆگەیەك دەگێڕاوە:
ئەو ڕۆژەی کە ئاو ڕایماڵیم، چەند دەترسام.
یەکەم جار بوو، لە شوێنی خۆم دوورکەومەوە،
جا چیم نەدی.
ئەوگەڵایانەی هەمیشە سەوزن، ئەو ئاسۆیانەی لەیەکناچن.
ئای لەو ڕۆژەی شەپۆلی ماندووی دەریایەك
حەکایەتی سەفەری خۆی ، لە شاخەوە بەرە و دەریا گێڕایەوە.
دەمووچاوی ئەو ئەستێرانەم بینی، گەر تا ئێستاش لە شوێنی خۆمدا بوومایە
نەمدەزانی تیشکیان هەیە.
ئەو ڕۆژەی کە ئاو ڕایماڵیم چەند دەترسام
دەترسام لە شێواندنی ئەو گۆڕانییەی بە سەنگینیم دەستپێدەکا
و
بەسەنگینیم کۆتایی دێ.
دەترسام فێری گۆڕانییەکی دیکە ببم باوکم دڵی پێ خۆش نەبێ.
ئای لەو ڕۆژەی ئاو ڕایماڵیم، چەند دەترسام.
ئای ئێستاکەش چەند گۆڕانی و
چەندین ئاسۆ و چەندین ڕەنگی تازە فێر بووم.
چەندین بەردی ئەو دیو گردەکەی ئەو بەرم، بوونە هاوڕێم.

سەفەرهەر بەتەنها
بینینی بەندەرگا و ئێستگای شەمەندەفەر و
شاحینە و پارکی گەورە و سنووری تازە و
خەوتن لە لێواری ڕێگای سەر شاراندا نییە.
سەفەر هەر بە تەنها بینینی ئەو ڕێگایانە نییە
کەو دسفەکەی، وا لە گیرفانی قاچاچیدا و

هیچ ئەتڵەسێك نەیبیستووە.
دانیشتن نییە لە سەر کورسی ناو پارکێکدا
تەتەڵەمیرانی وشەی تازەی ڕێزمان نییە، لەسەر زمانی مادەری.
جلی تازە و هەویەی تازە و دەموچاوی بێ سمیڵی تازە نییە.
هێنانی ئەوێ نییە بۆ ئێرە.
گۆڕینەوەی شار بە شار و چایخانە بە قاوەخانە و
دۆزینەوەی هاوکێشەیەکی دەستکردی نێوان بەهەشت و
دۆزەخیش نیە.
سەفەر بەر لە هەموو شتێك
بینینی وێنەی خۆیە لە چاوانی ئەوی دیدا.
نیگایە لەو، لە ناو چاوەکانی خۆدا.
سەفەر بەرلەوەی گەڕان بێت لە پنتێکی زەمینەوە بۆ پنتێ دی
گەڕانە بەناو نیگادا، سەرنجدانە لە دیدی خۆ
سەرنجدانە لە دیدی ئەو لەناو نیگاکانی خۆدا.

بەر لەسەفەر
من بەتەنها چەند کۆڵان و
چەند گەڕەك و هەر دوو شارێك، مێژووی تەجرووبەی زیندووم
بوون لەگەڵ شوێنا.
پێم وابوو غەم هەر بەتەنها یەك جۆر بەرگ لەبەر دەکا.
کۆڵانێکیش دەیبردمەوە سەر ئاشەکە.
گەڕەکێکیش، دەبووە مەیدانی شەڕەبەرد لەگەڵ کوڕانی ئەوبەردا.
شەقامێکیش دەیگەیاندمە بەر سینەما.
تێرمینالێك دەیگەیاندمە شارێکی دی.

من ئێستاکە هەر تەنها شارێك شك نابەم
ڕەنگەشاری یەکەمینم، دووەم، سێیەم تاکە جیاوازی ناویان
بێت.
بەڵام هەموو لەیەکدەچن.
گەر لە شاری یەکەممدا، تەنها "قەحتان"ێکم بووبێ
ئەوا لە شاری دووەمما، من خاوەنی دەیەها بتڵی جیاواز و
دەیەها ناوی قەحتانم.
دراوسێی شاری یەکەمم تێردەگریا، کاتێك هەواڵێکی ناخۆش لە
پەنجەرەی دڵی دەدا.
دراوسێی شاری سێیەمم هەر وادەکا، کاتێك شادی لە پەنجەرەی
دڵی نادا.
هیچ کامیان بەڕووتی ناچێتە بازار و
بیری ناچێ، کریی ماڵ سەری مانگ بدا.

باسکردنی سێکس نییە بە ئاشکرا لە ناو ئاپۆڕەی بارێکدا.
یەکەمیان لە دووکانەی سەرسووچی گەڕەك قەرزیدەکرد، ئەگەر
پارەی پێ نەبوایە،
دووەمیان لە بانك، ئەگەر نەشبوو، لە من یان لە هاوڕێیەکی.
زەبروزەنگ، هەر بەتەنها ویزەی فیشەکێکی وێڵ و
ژێرزەمینێکی شێداری زیندانی ناو شارێك نییە.
زەبر و زەنگ یانی بە جێهێشتنی منال بەیانیان زوو
لەبەردەرگای باخچەی ساوایاندا گەرچی خەو بەری نەداوە.
سەرە درێژەکانی خەستەخانەن.
مەمکەکانی پامێلا ئەندەرسۆن و ڕووخساری مایکڵ جاکسۆنە.
پڕکردنی ماڵە لە گوڵی پلاستیکی کاتێك بەهار لەودیوی
پەنجەرەوە ڕاوەستاوە.
بەکرێدانی هەتاوە لە کەناری دەریایەکدا.
لە قاڵبدانی ڕۆژ و هەفتە و مانگە لە ناو چوارچێوەی سەعاتدا.
زەبروزەنگ، خستنەوە ژێرپرسیاری ڕەشی قژە، لەبەرانبەر
قژزەردی جوگرافیایەکدا.

دەکرێ شاعیر بی و
کەس لە چایخانەدا کورسیت بۆ نەگرێ.
دەکرێ نووسەر بی و
پێتوانەبێ خوێنەر دەبێ کۆڵکێشی وشەت بێ.
من لە سەفەرادا بینیم، شاعیر کورسی بۆ ناگیرێ.
هیچ کۆڵکێشێکم نەبینی، بەدوایەوە نووسەرێك بڕوا.

سەفەر یانی بەخشینەوەی شووناسی دارێتیە بە داربەڕوو
وەرگرتنەوەی شووناسی پاشایەتیە لەو وەك شای درەختێکی
دنیا.
سەرنجدانە لە هەڵۆ، وەك باڵندەیەکی بەرزەفر لە قەندیل بێ یان لە
تۆرۆس.
گرتنی وێنەی گەلی عەلی بەگە بەتەنیشتی نیاگاراوە.
بینینی منالی خۆتە لە کۆلانی یەکەم شارتا و
ووردبوونەوەیە لە یادگارەکانی ئەمرۆکەت لە سبەێنێی شاری
دووەمتا.
سەفەر یانی ئازادکردنی غوربەتە لە زیندانەکانی گەڕەکێکدا و
نیشتەجێکردنی ئەوە لە گەڕەکی بێ ماڵیدا.
لێسەندنەوەی یەکدەمووچاوییە لە خوا و بەخشینی فرە
دەموچاویە بەو.

یانی بێکارکردنی "بادی خۆش مروور"ە وەك پۆستەچی بە
پەنجەی "بینێرە"ی مەیلێك .

سەفەردەکرێ گەورەکردنی وێنەی نیشتیمان وهەڵواسینی بێ بە
دیواری ناو ماڵەوە
یان بچووککردنەوەی وێنەی گۆی زەویی و هەڵواسینی بێ بە لای
پەنجەرەی نیگاوە.
فێربوونی کچەکەمە بۆ وتنی: بە بڕوای من.
ڕەوینەوەی ترسی ژنەکەمە لەهەڕەشەکانی دەستی تەڵاق,
سەفەر دەکرێ وونبوونی دەمووچاوی باوکێك بێت و
دروستبوونی دەیەها دەمووچاوی دیکەی باوك بێت.
بەڵام سەفەر هیچ شتێك نییە جگە لەسەر گوزشتەکانی بەردێکی
موسافیر.

دەنگی باپیرەم ئێستا, تەنها لە ئەلبومی وێنەکاندا دەگاتە گوێ.
کەچی دراوسێیەکی شاری یەکەمم کە لە شاری سێیەمیشما
دراوسێمە
کە بێکاری قۆڵ دەکا بەقۆڵیا ولە کۆمەڵەی کولتوری شاردا
دایدەنێ
لە پاش دۆڕاندنی ئەزنیفێ
بە دەنگێکی گڕتر لە دەنگی باپیرەم دەڵێ: بەرد لە شوێنی خۆی
سەنگینە.
کچەکەیشم, هەر وەك عادەتی هەمیشەی
گەر وشەی پەتاتە ببیستێ
دیسان دەڵێ: بابە ئینسان پەتاتە نییە ڕەگی هەبێ, ئاخر ئینسان
دوو پێی هەیە.



29 ی ئایـــاری
2003

# تاڵترین شەکراو

بۆشاعیرێك !

دەمەوێ سادەترین نامەت بۆ بنووسم
تاڵترین شەکراوی حەقیقەت
ساکارترین گوڵوشەی گوڵدانی پەیڤ
وەکوو سفرەی کرێکارێکی بێکاری،
ناو کووچە تەنگەکانی"فەرەجە".
وەك لەتە ئاوێنەی بن گیرفانی پڕ لە رازی
کناچەی بن کەوێڵێکی هەورامان.
وەك کراسە یەکرەنگەکەی "گاندی" و
چەتفە و مشکی سەرە پڕ ئەندێشەکەی قانع
وەك تۆزی بابردووی گۆڕی
هەزاران گیانبازی ون بووی خاك.
وەك تەنراوی رازی یەکەمین عەشق
بە گوڵی چرپە و دڵەڕاوکێ
لە دەستی حەرەسی چاوانی شەقام و شار ...

سادەترین نامەت بۆ دەنووسم
وەك پەیڤی کچێکی رازدار
لە گەڵ ئاوێنەی کانیدا.
وەك زایەڵەی زێوینی گوێی درەختانی پاییز
لە ماڵاویی تەمەنێکی سەوزدا
وەکوو سەمای رەنگامەی خەزەڵوەر
لە ئۆپێرای زریانێکی ئێوارەدا
وەك...
نامەوێ شیعرت بۆ بنووسم
چونکە ئەمڕۆ هەندێ جانتای رەنگاوڕەنگی
سەر شانی شێعر ئەبینم
پڕ لە بۆنی وشەی بۆژۆ
لە کاوێژی قیزەونی عەشقێکی لایلۆنی
گەورەکان لووتی لێدەگرن
منالان ختووکەی گاڵتەیان پێ دێ
نامەوێ شیعرت بۆ بنووسم
چونکە ئەمڕۆ، هەندێ شاشیعری کەلاوە دەبینم

وەك پاشاكانی رۆژ هەڵات
هەرگیز هەرگیز زمانی تاسە و
رەنگی خولیاكانی گەل ناناسن.
تەنیا زاری برسی رۆژنامەیەكی لاواز دەیجاوێ
تەنیا تریبۆنی كەڕی دەسەڵاتان گوێی لێ دەگرن
هەرگیز بە ناو رووبارەكانی ئەندێشە و
جۆگەلەكانی خەیاڵ و
كانیاوەكانی ناخا گوزەر ناكات.
چاوم لێبوو
لە پەنجەرەی بێ ڕوانگەی گۆڤارێك و
پشتی زینی بێ سواری تریبۆنێك،
شاعیرۆكێك
وشە وشە ملوانكەی رەنگامەی شیعرێكی گرتەوەو
كردیە ملی ئەسپی فلان گەورە حاكم !
چاوم لێبوو
باوەڕمەندێكی دڵ مۆمكی بەر رەشەبا
بە ئاوی رۆح و سووژەی گیان و خاكی وشە
سەبر سەبر قوڕاوی ئەندێشەی دەشێلا و
خشتی خوارو خێچی سیاسەتی دەپێژا
بە شان و قۆڵی زامداری خەیاڵەوە
نەخشەی یۆتۆپیای ئاواتی
بۆ كوردەواری ساز دەكرد.
لە ئاكامدا خۆی بوو بە سەربازێكی ون و
تۆزی ناویشی با بردی...
بەڵام لە ئەندەروونی حەقیقەتی كۆشكێدا
بەرپرسێكی حیزبەكەی
تەمرینی پاشایی دەكرد!
چەند شاعیرۆكەش
بەسازی وشەو سەمای شیعرەوە
كوورەی دڵ و كۆڕی پاشایان تاودەدا
ئیتروەڕەس بووم لە شاعیر
لەخۆم لە تۆ...
لەوانەی بە فووی دەسەڵات هەڵدەماسن.

رۆژێك مناڵە شێتۆكەی خەیاڵم
دەستی برد،
جانتای ڕەنگاو ڕەنگی شیعرەكانت گەڕا
ناو گیرفانی وشەكانتی گشت داتەكاند
دەنگی عشق و تەوژمی هەناسە و

كەچی لە تۆزی ناوڕێگەی فستیواڵ و
لە دەنكە برنجی وشكەوە بووی دەسەڵات و
لە عەشقە لایلۆنەی كاڵەوە بووی هەوەس بەدەر
هیچی نەدی!
هەرچی گەڕا
چاوی شینی وشەی نەدی
لێڵ بووبێ لە خەم، لە عەشق، لە بارانی خۆزگەو خەتەر.
لەئاوێنە بێڕەنگەكەی شێعرت ڕامام
تێیداسیمای خۆم و خەڵك وخاكم نەدی
تروسكەی ئەستێرەیەكی ئازادی .
چەكەرەی سنەوبەری ئەندێشەیەكی پاكم نەدی.
دیسان دەستی بێ ئۆقرەی خەیاڵم
وەكوو پۆلیسی ڕۆژهەڵات لە ماڵی شاعیرێكدا،
ناو شووشە بەندی خۆرنەدیوی شیعرو بیرتی
سەنگ و سووژن كرد
بەڵام لە بازرگانی و دروشم بازاڕی ئەدەبدا
بۆپەلكەی هەڵبڕاوی عەشقی ژنان
بۆ هەناری گوشراوی گۆنا
بۆ زامی جێ پەنجەی شەلاقی یاسا
چەپكە گوڵێكی سۆزی نەدی!
چونكە فەرمووت
من هەرگیز شانەی سیاسەت،
نادەم لەقژی هۆنراوەم!
لە كاتێكدا كۆتری باڵ كراوی باوەڕت
چەواشەی واشەی سیاسەتە.
سیاسەتێك، جۆماڵكەری ئاوی ئاشی دەسەڵاتە
ئاشێك كە هەموو رۆژێ
خۆمان و عەشق و ئازادیمان دەهاڕێ.
ویستم تەنیا نامەیەكت بۆ بنووسم
با لێرەدا زامەكانی سیاسەت و
قژی هەڵكەندراوی ئازادی نەكولێنمەوە
چون دەبینم
ئەمرۆ مۆدەی رەنگ گۆڕانە،رەنگ گۆڕان
هەندێ بەناو
ئالاگری خەمە سمێڵ زلەكانی ژنان و
زریكە سووتاوەكانی كچانن

کەچی ئەگەر دەمامکی تازەیان لائەدەی
لە دیلخانەی مەلی عەشقا
هەزاران قەفەسیان بۆ کۆتری هاوار داناوە

چون دەبینم ، هەندێ لە ژێر دەمامکەوە
لە سێحرخانەی جانتاکەیان
هەزاران وشەی باڵدار
بۆ چاوی ئێمە دەفرێنن.
یان بەسواری ئەسپەکەی"دۆن کیشۆتەوە"
چەپکە دروشمی رەنگاورەنگ
ئەدەن لە سینگی حەسرەتخانەی هەژاران و
لە پرچی هەڵبڕاوی کتێبمان و ئازادیمان.
تۆ و کۆمەڵیش بەفەخرەوە
چەپڵەرێزانی باڵایان دەکەن!
هەر ئەوانە،
ئەگەر کلیکی ڕاست و چەپی مشکەکەی دڵیان لێبدەی
هەزاران قەلەرەشکەی پیلان باڵ دەگرن
هەزاران درووی دەهۆ لە پاڵ گوڵی وشەیاندا سەردەردێنێ
هەرئەوانە،
ئەگەر کورسیەکەی ژێریان و
ئەگەر رەمزی ساکەکەی دەروونیان والا کەی
لوتکەی شەرم سەر دائەخا و
نهێنیەکان سەر ڕێژ دەبن
کەللەی عشق و پەلکەی شیعر و
ناخونەکانی ئازادی...
لێم ببوورە
ویستم تەنیا نامەیەکت بۆ بنووسم
سادەترین نامەو تاڵترین
شەکراوی حەقیقەت.
2004/8

فەرەجە: گەڕەکێکی هەژارنشینی سنەیە
ئەم شیعرە
بۆهەندێ لەوبەناوئەدیب و شاندە فەرهەنگیانەیە،
کەبوونەتە هەمبانەی دەسەلات وسەری بێ
ئەندیشەیان لەئاخورەکانی ئێران و سلێمانی
وهەولێرە... چونکە ئەوانە نوێنەری حەوت
رەنگیلەی دۆلارو دەسەلاتەکانن، نەئەدەب و
هونەر و نەتەوەکەیان!
ئیترخۆشیتان نەکەرۆژ 2004\12\10

## مـوعجيـزة!

لە ساڵەکانی1320 واتە 60 ساڵێك لەمەو پێش. کە رادیۆ و تەلویزیۆ نەبوو، لە شەوانی درێژی پایز و زستاناندا باوکم ئەم چیرۆکەی لە کتێبی(قصص الانبیا)دا واتە چیرۆکی پێغەمبەرانی، بۆ خەڵکانی کوند نشین و نەخوێندەوار دەخوێندەوە.

یەکێك لە ئەسحابە بەساڵاچووەکانی پیغەمبەر کە هەمیشە شاش و بەشاش، شەوانە سەعاتێك پێش پێغەمبەر و گشت ئەسحابەکانی دەهاتە مزگەوت و لە ڕیزی پێشەوە و لە کونجی چەپی ناو نوێژکەراندا وەك کەڕ و لاڵ فەرز و سونەتەکانی ئاینی ئیسلامی بە جێدەهێنا. بۆ خودی پێغەمبر و ئەسحابە کانی جێی پرسیار بوو کە دەیانگوت:

تاکوو ئێستا نەبیندراوە هیچ نوێژکەرێك بەیانیان پێش ئەم سەحابەیە هاتبێتە مزگەوت و کەسیش پاش ئەو مزگەوتی بە جێهێشتبێ. کەسیش تا ئێستا جگە لە ئەدای دۆعاو نزا و پاڕانەوەی (بێتەکەلم) لە ناو مزگەوتا هیچ وتە و وشەیەکی لێ نەبیستراوە؟!

ڕۆژێك پیغەمبەر لە خەڵوەتا بانگی دەکاتە پیش خۆی و دەڵێ: دەکرێ هۆی تێکلاو نەبوونت لەگەڵ خەڵك و گۆشە گیری هەمیشەییت لە کونجی مزگەوتا و گەورە ترین گرفتی ژیانت بەمن بڵێی؟ کابرا بەسەرسامی و حەپەساویەوە دەڵێ:

= بۆچی بە قوربانت بم مەگەر تۆ و خوای مەزن ئاگاتان لە نیاز و داخوازیەکانی من و تاقانە فرزەندەکەم نیە؟! پێغەمبەر دەڵێ:

= خۆ من غەیب زان نیم. دەبێ ئێوە ڕاز و نیازی خۆتان بەمن بڵێن و منیش تەمەنا لە خوابکەم تا پێمبڵێ چۆن ڕێنوێنیتان بکەم.

کابرا مات و سەرسام و حەپساو و بێدەنگ لە بەر دەم پێغەمبەردا مووی نابزوێ. پاش ماوەیەك بەنا ئومێدی دەچێتەوە کونجی جیگای هەمیشەییخۆی، وەك مردوو موار و ڕەنج بەخەسار کز دادەنیشێ. کە مزگەوت چۆڵ دەبێ. پێغەمبەر دەچێتە تەنیشتی دادەنیشێ و دەڵێ:

= چ نیاز و داواکاریەکت هەیە پێم بڵێ تا منیش لە خوای مەزنت بۆ بخوازم. کابرا دەڵێ لە ناو بەحرێکی بێسنووردا نوقم بوە و ئێستا پەلیانگرتوە ڕزگاری کەن دەڵێ:

= من لەم دنیایەدا تەنیا کچۆڵەیەکی بێدایکم هەیە، بۆ زانینی سەرنویشتی پاشە ڕۆژی تاقانە فرزەنەکەم، هەمیشە و شەوو ڕۆژ چاوەڕوانی کەرەمی خوا و لوتفی تۆ بووم. پێغەمبەر دەڵێ:

= سەرنویشتی کچی تۆ و هەموو گیان لەبەرێك بوونەوەرێك، خوای مەزن لە ئەزەلەوە دیاریکراوە، بەلام ئێمەی مرۆڤ، نابیٚ بیزانین. کابرا دەڵێ:

= قوربان من ئەمەویٚ چارەنووسی کچەکەم بە چاوی خۆم ببینم و بزانم چی بەسەردیٚت؟

= دەبیٚ سەبر بکەی تا پیٚت دەڵیٚم کچەکەت چی لیٚبکەی تا خۆشبەختی دنیا و قیامەت بیٚت. پاش حەوتویٚك پیٚغەمبەر پیٚی دەڵیٚ:

= چاوە ڕوانبە شەویٚك لە شەوانی داهاتوو لە نیوە شەو بەولاوە، گیانلەبەریٚك دیٚتە بەرماڵەکەت. بەسپایی سیٚجار لەسەریەك، وەك گورگ دەلوورێنیٚ، تۆیش بەسپایی و بیٚباس و خواس کچەکەتی تەسلیم بکە و بە خوایان بسپیٚرە.

کابرا کچەکەی لە گشت کەین و بەینی نیٚوان خۆی و ڕەسولی خوا ئاگادار دەکات. کچەیش بە و پەری شادمانی و دڵنیاییەو خۆی ئامادە دەکات. پاش چەن شەو چاوەڕوانی، سەرەنجام شەویٚك لە نیوەشەو بەولاوە، ئەوەی چاوەڕوان و گویٚ بیستی بوون، هاتە دیٚ. کابرا بیٚ ترس و تەوهوم درگای کردەوە، لە تاپۆ و بوومە لیٚلی بەرەبەیاندا قەرانتوو گورگیٚکی گەورەی هاتە پیشچاو، بیٚمەحتەلبوون کچەکی کردە دەرەوە، درگاکەی پیٚوەدا و خۆیشی لەپشت درگاکە گویٚقولاخ وەستا، ویستی بزانی چی ڕوو دەدات، بەلام دەنگ و ڕەنگ و خەبەر و هەتەریٚکیان لیٚ بەجیٚ نەمابوو.

کابرا وەك هەمیشە بەشیٚك لەشەوی ماوە خۆی گەیاندۆتە کونجی مزگەوت. پاش زیکر و فیکر و نویٚژی بەیانی و چۆلبوونی مزگەوت لە میحرابی مزگەوت نزیك دەبیٚتەوە، ڕووداوەکە دەسرکیٚنی بە گویٚی پیٚغەمبەردا. ئەویش پیرۆز بایی لیٚدەکات.

پاش حەوتویٚك، تەنیایی و خەم و پەژارە سواری سەرشانی ئەسحابە دەبیٚ بەناچاری پەنا بۆ پیٚغەمبەر دەبا. ئەویش دەڵیٚ: بە پیٚی توانات تۆشەی سەفەر نان و ئاو بەرە و برۆ ئیشالا دەیبینییەوە.

کابرا تۆشە لەپشت و عاسا بەدەست، نابەڵەد و بیٚسەر و شویٚن ملی ڕیٚگا دەگریٚ. پاش چەن شەوو ڕۆژ گەڕان، لە دوورگەکانی عەرەبستان، بەهەڵکەوت باخیٚك وەدی ئەکات. کە دەچیٚتە پیشەوە دەبینی شەش مەنجەڵی چگۆلە بە دەور مەنجەڵیکی گەورەدا لەسەر حەوت گوانوو دانراوە، مەشخەڵی ئاوریان لەژیر نراوە، هەموویان بەتاڵن تەنیا یەکیٚکیان پڕە لە گۆشتاو. مەنجەڵە گۆشت قوڵتە قوڵت دەکوڵیٚ جاروبار پلیٚ گۆشت بە دەم قوڵت دانەوە

بازرەقە دەبەستیٚت دەکەویٚتە ناو یەکیٚك لەمەنجەڵە بەتاڵەکان چزەی بۆکرۆزیکی ناخۆش دە خولقیٚنیٚ.

چەن هەنگاو ئەولاتر باڵندەیەکی ڕەنگاوڕەنگ و شیرین و دەنگ خۆش، بەقلیپۆیەی دارسنەوبەریٚکی بەرزەوە دەبینیٚ، کە بەنەواو نەغمەیەکی خۆش و دڵنشین تیٚر دەخوینیٚ. پاشان دەکەویٚتە خوارەوە مردار دەبیٚتەوە بۆگەنی ئەوناوە پڕ دەکات. پاش ماوەیەك زیندوو دەبیٚتەو دیسان دەفڕیتەوە سەردارەکە دیسان بە هەمان شیٚوە و ئاوازی پەڕ وبالی ڕنگاورەنگەوە دەخوینیٚ؟!

کە لەوان تیٚدەپەڕیٚ بڕیك لەولاتر حەوزو کانیو قەلایچەیەك وەدی دەکات. کە دەچیٚتە پیشەوە کچەکەی بە جوانترین جل و بەرگ وخشڵ و خاوەوە، پیٚشوازی لیٚدەکات.

لە کاتیٚکدا کابرا لەناو دەریای ترس و گوماندا فرزەندەکەی لە ئامیٚز گرتوە، گوٚڵە گورگیٚك بە کارامزیٚکەوە لە درگای پشتەوە خۆی دوکاتە قەلایچەکەدا، پاش نیو سەعات لاویکی شیك و شیرین لە درگاوە دیتەدەر، بەئیشارە، وەك کەڕ و لالٚ بە خیٚراتن و میوانداری لیٚ دەکات.

کابرا کاس و واس و حەپەساو خەریکە میٚشکی دەتەقیٚ لە نیوە شەو بەولاوە، شەوو ڕۆژیٚك وەك هەمیشە توزیٚك تۆشەو ئاو لە پشت دەبەستیٚ و کۆشك و بووك و زاوا بەجیٚ دیٚلیٚ و بەشوینی خۆیدا دەگەڕیٚتەوە بۆ خزمەت پیٚغەمبەر. کە باسی سەفەرەکەی بۆ دەگیٚڕیٚتەوە پیرۆز بایی لیٚدەکات و دەڵیٚ:

خوای مەزن وەك گشت خۆشەویستەکانی خۆی سیٚ موعجیزەی نیشانداوی، بەلام بەداخەوە تۆ نەت توانیوە بیانناسی، جا گویٚ بگرە تا ئەو موعجیزانەت پیٚبناسیٚنم.

1- ئەوگورگەی کچەکەت پیٚسپاردوە، ئەوە گورگ نیەو فرشتەیە:

2- ئەو مەنجەڵانە ڕومزی دەوڵەمەند و خەڵکی هەمیشە برسی ئەم جیهانەن کە مەخلوقاتی خوا تیٚیدا دەژین:

3- ئەو مەلە خوشخوان و خۆش ئاوازە پیٚشەوایان و پیشڕەوانی دەسەلاتداری کۆمەڵگان، ئەو کاتانەی لەسەر سەکۆ و مینبەردان بە ڕواڵەت ئاوەها شۆخ و شیرین و خۆش ئاوازن. بەلام لە ناخەوە لە کردەوەی وەگ کەلاکی کەرە تۆپیو ئاوا بۆگەن و گلاون.

قەزاوەت و تویٚژینەوەی ئەم بابەتە بە خوینەرانی گۆڤاری جیهانی مندالان دەسپیٚرم.

**سەردەبیری گۆڤاري ج م.**

# تۆڕی ئەهریمەن

چەند ساڵێکە بە نیازم ناميلكەيەكى سەر بەخۆ لەژێر سەردێڕی (تۆڕی ئەهریمەن)دا بنووسم، کە سەرچاوەکەی ڕۆمانی سوڕسوڕەی مەرگیخۆمە. لەبەر ئەوەی سوور دەزانم دوژمن لەمێژە بۆم لە کەمیندایە، نەوەك مەرگ ماوڵم نەدات، بۆیە نموونەیەکی وەك بەڵکە و وەسیەتنامەیەك بۆ نەوەکانم **کاوە و کەیوان** دەنووسم.

هەر وەها ڕاستەوخۆ ڕوو دەکەمە کاك حسێنی فەقێ مەعرووف باوکی نەوەکانم و دەڵێم:

کاك حسێنی فەقێ مەعرووف تۆو خاوەریش وەکوو بەملیار لە خەڵکانی جیهان و بە دەیان ملوێن لە خەڵکانی ئێران لەناو(تۆڕیئەهریمەن)دا دەخولێینەوە.! پێتان وانەبی من بیٚ ویژدانانە ئێوە دەدەمە بەر تانەو توانج "گۆیا ئێوە ...ی.! بەڵام من ئازا و ئازادم.!"

بیٚ شك بەشێك لەوانەی لەبرسی و بیٚدەرەتانیدا دەکەونە ناو تۆڕیئەهریمەنەوە، ناخواستە دەبنەکرمیخۆخۆر خۆیان دەخۆنەوە، کەمتر جێگەی لۆمەن. بەڵام ئەو کەسانەی قەت ترس.. وبرسیەتیان بەخۆیانەوە نەدیوە.! بۆ زیاتر بەرز کردنەوەی پلەی ژیانیان ڕاستەوخۆ دەچنە ناو تۆڕی ئەهریمەنەوە، ئاگاهانە یا نائاگاهانە، دەبنە بەشێك لە تان و پۆی (تەڵەو)، و (تۆڕیئەریمەنی) شیرازەی خێزان و بنەماڵە و بگرە کۆمەڵگایش تێك دەدەن و دای دەڕزێنن.!

بەداخەوە، خاوەرخانم، نموونەیەکی ئەوکەسانەیە، نە لە ترسان و نە لەبرسان نەبووە کەوتۆتە ناو تۆڕی ئەهریمەنەوە! خاوەرێك کە خۆشەویستی خاسوعامی خێڵی حاجی ڕەحیم بوو.. کە کەوتە ناو تۆڕی ئەهریمەنەوە، بوو بە (قوڵەفیتنە) تا ئەوحەدد و سنووره چووە پێشەوە، گەر بۆی بکرایە و ئەگەر بۆی بکرێت باوکیشی دەفرۆشی.

خاوەر بەر لەوەی بکەوێتە ناو تۆڕی ئەهریمەنەوە مرۆڤێکی سادق، سالم، سادە و سەمیمی بوو.. بەڵام ئێستا تابلێی ساتوسەوداگەر، مادی و خۆپەرست و ... بە پێچەوانەی قانوونی میللی و مەزهەبی ئەوسا و ئێستاش کە فرزەند بە تایبەت کچ ملکی باوکیەتی، باوك دەتوانی کچی خۆی بفرۆشی. خاوەر باوکی بەملکی خۆی دەزانی.! بۆیە لە سەر و بەندی سەفەرە مێژوویەکەیدا بۆ سوێد، بێڕەحمانە ئابڕو و حەیسیەتی باوکی بەهەرزان فرۆشت.بیٚ ئەوەی ڕەحم بەشەخسیەتی باوکی بکا، بیٚ ئەوەی زەڕڕەیەك نارەزایەتی و لامجوومی دەربڕێ؟! ئیجازەی دا لەغاوی شەیتان بکەنە دەمی و کورتانی دەجاڵی لەکۆڵکەن. پارەکە لە سەفەرەکەی سلێمانیشدا ئەوەی کرد، کە کردی.

## وەسیەتنامە بۆ کاوە و کەیوان

باپیرەی ئێوە کە منم: لە کاتی موحتاجی و دەس کورتیدا، دایکی ئێوەی نەفرۆشت.! بەڵام، دایکی ئێوە کە کچی منە لەکاتێکدا هیچ موحتاجیش نەبو و نیە، خەریکبوو بمفرۆشی. بێڕەحمانە درۆی لەگەڵ کردم. کردیانە (سەددیك) لە ڕێگای من دا، تانەتوانم کارەکانم ئەنجام دەم. خاوەر بە ملیۆنها تمەن زەرەری لە خۆی و من و منداڵانی هەژاری چاخلوو و چیچیخوار و ... دا.! ئێستاکە من بە زۆربەی ئاواتەکانم گەیشتوم، مێخم کوتاوەتە تابووتی خوداوەندی (تۆڕی ئەهریمەن) و خاوەر و ئەو کەسانەی لە پشتی پەردەوە دەرسی خاوەر دادەدەن.!

**ئەم وەسیەتنامە تایبەتە بۆ کەیوان، بەداخەوە خاوەر کاوەی وەك خۆی پەروەردە کردوە!**

من نامەویٚ دەنگ و ڕەنگی خاوەر ببینم و ببیستم، تا خاوەر لە کردەوەی گڵاوی پەشیمان نەبێتەوە و کەوشەکانی ئایشیٚ و حاجی ڕەحیم ماچ نەکات و داوای لێبوردن واتە گوزەشتی تایبەتی لە ئایشیٚ و بنەماڵەی حاجی ڕحیم بەگشتی نەکات.

ئومێدەوارم من نیەت و تەجرەبە و سکاڵای خۆمم گەیاندبیٚ حسێن و خاوەریش دەرسی عیبرەتی لیٚ وەرگرن.

**سوێد عەلی کیتابی** 2002/5/13



# باسەوانی مەرگ

لاموایە ئەم دێڕەشیعرە هیمامۆستا ئەخۆلی شاعیرە !

کــە دەڵـــێ:

بەسەرسامی لەسەر لووتکەی بڵیندی کێوی وەستاوم

شریتی عومری ڕابووردووم وەکوو خەو دێتە بەر چا وم

منیش بە (ئیلهام) لەو هۆنراوە جوانەی مامۆستا ئەخۆل دەڵێم:

بە سەربەستی لەسەر لووتکەی بلیندی عومرم وەستاوم

فلیمی عومری ڕابووردووم بە ڕوونی وا لە بەر چا وم

من بێگومانم ئەوشێوە ئاوڕدانەوە لە ڕابووردووی تاک و کۆمەلدا! بەو مانا و مەفهوومەی مامۆستا ئەخۆل خستوویەتە ناو چوارچێوەی بەستە و مەبەستی خۆی‌و بە جوانترین شێوە هۆنیویەتەوە. ئەم هەست و دەرک و سۆزە لە ناخی زۆرێك لە جانەوەرە هۆشمەندەکان و، بە تایبەت مرۆڤدا هەیە، بەلاّم گشت گیان لەبەرێك توانای بەیان و دەربرینی‌نیە. بۆنموونە حەیوانە هۆشمەندەکان بە تایبەت ئەسپ و سەگ و ... وەك ئێمەی مرۆڤ، خاوەنی خەیالّ و خەو و خەو بینینن. هەر وەك چۆن ئێمەی مرۆڤ، زۆرجار بێئیختیار لە کاتی خەوو خەیالّ دا و لە نیوە شەواندا ڕاچڵەکیوین و ڕاپەڕیوین و هەڵویستی دلێرانە و ترسنۆکانە و شێتانە و ژیرانەمان لە خۆمان نیشانداوە و دواوین، زۆر جار بەدەم خەوەوە لە کاتی خەوبینیندا بەدەم گۆرانی وتن یان هەڕەشە و گورەگوڕ، یان گریانەوە ڕادەپەڕین، کەسانی بەخەبەر و خەوتوی دەورووبەرمان سەرسام و هەراسان و وەیان خۆشحالّ کردوە و دەکەین.

شوانی مەڕی شەو بەکێو، بە دەیانجار ئەو حالّەتانە لە خۆی و مێگەل و بزنەگەل و بەتایبەت بە سەگەکانییەوە، دەبیستێ و دەبینێ کەچۆن لەمۆڵگەی نیوەڕۆیان و لەپەچەی تایبەتی شەوانەیاندا، بزن یان مەڕێکی نوستوو لە خەویدا گورگ پەلاماری دەدات، لەناکاو بە هەموو هێزی وەها ڕادەچڵەکی مەڕو بزنەکانی نوستووی دەورو بەری وەها هاشەدار و تێك دەئالّۆزکێنی، سەگ و شوانیش پێیانوایە وەك جارێك لە جاران گورگ خۆی خزاندۆتە ناو کۆڕی ڕانەکەیانەوە.

ئێستا کە ماوەیەکە خزم و خانەخوێ و هاونشینەکەم پاش حەفتا و پێنج سالّ دەرد و ڕەنج و کویرەوروری و کولەمەرگی. بەتایبەت دەورانێکی سەختی  هەلاّتن و خوشاردنەوە لە مێرد و مندالّەکەی کە لەتەمەنی 12 سالّیدا بەزۆر بە زەلامێکی 30 سالّە بەشووردرابوو، لە ڕاستیدا لە برسییەتی و ناچاریا فرۆشرابوو؟!

هەروەها دەورانێکی پتر لە پەنجا سالّ ژیانێکی خۆش و ئەمن و ئارام لەگەلّ هاوسەری دووهەمیدا. بەلاّم بەداخەوە پاش مەرگی هاوسەری دووهەمی دیسانەوە تووشی تاراوگە و ئاوارەیی بوە.

من هەل ومەرجی ژیانی ئێستای ئاوەها دە شوبهێم.چونکە بەدەم ئێش و ئازار و خەو و خەیالّەوە لەخاتراتی تال ە شیری دەدوێ.



بە نەخۆشی‌و بەلاوازی و بە بێهێزی و نائومێدی

لـە سـەر لـووتکەی بلیندی عومری داماوە

فلیمی عومر و مەرگی خۆی بە ڕوونی وا لە بەرچاوە

ئێستا لە ڕاستیدا ئەو چاوەڕوانی مردنە و منیش پاسەوانی مەرگی ئەوم، بێ ئەوەی نە منی پاسەوان و نە ئەوی چاوەڕوان بزانین کام مانگ، یان کام ڕۆژ، وەیان کام کات و سات مەرگ

دەبێتەمیوانی و مەراق و ئێش و ئازاری بۆ هەمیشە لەجەستەی لاواز و ئێسك و پرووسکی سوواو پوواوی دەتارێنیٚ..!!

ئیستا  کە دەبینم خزم و خانەخویٚکەم بەهۆی نەخۆشی پیری و پواوی و پەك کەوتوییەوە وەك منداڵێکی تازە پێڕەوکە، بەسەر ڕەوڕەوەکەیدا چەماوەتەوە  و دارە دارە دەکات. منیش کە وەك ئەو لەسەر لووتکە بڵندی عومرم وەساوم  چۆن دەتوانم  چاو لەحەنای ئەو تاکە شیعرە فۆلکلۆریە واقیعیە بنووقێنم کـە دەڵـێ:



## لـــە زستان شـــەویٚ  و  لـــە پیران تـــەویٚ

کیٚ دەزانی مەرك، ماوەیەك  پێشتر پاسەوانەکەی دادامین نارفێنیٚ ؟ پاسەوانێك کە چەندین ساڵ چاوە ڕوان بوە لە لایەن تان وپۆی تۆڕە ئەهریمەنیەکانی دەستەڵاتدارانی و کۆنە پەرستی وڵاتەکەی بوە. هەڕەشەو مەترسی لەسەر بووە



ئای لە هەڵدێرگەی ئەودیوی لووتکەی تەمەن چەند سەخت و تووشە

خۆزگە بەو کەسەی  قەت نایبینیٚ  مەرگیش  لەکاتی لاویدا  خۆشە



## دیمانەی شەهاب مەنمی و عەلی کیتابی

**پ = کاکە عەلی لەم ڕۆژانەدا وتارێکت لە ژێر سەردێڕی پاسەوانی مەرگدا، نووسیوە، من خویندمەوە، زۆر موئەسەرە و تەئسیری تێکردم چی وای لێکردی ئەو وتارە بنووسی؟ هەروەها لە کاتێکدا خەڵکی بەعام خۆیان بۆ پێشوودان و ئاهەنگەکانی جیژنەکانی سەری ساڵی تازەی 2005ی زاینی ئامادە دەکەن، تۆ خۆت  لە چ حاڵەتێکدا و چۆن دەبینیەوە.**

و= لە ڕاستیدا من لە ئێستادا حاڵەتی ئەو فریشتە ئەفسانەییەی کە پیشەواکانی ئاین "وتوویانە" لایەکی جەستەی ئاورە و ئەوی‌تریان بەفرە. منیش لە حاڵەتێکدا خۆم دەبینمەوە، لایەکی جەستەم وەك شەکر شیرینە و ئەولاکەی تری وەك زەهری مار تاڵ و مەرگزێیە! وەك دەڵین ئەو فریشتە ئەفسانەییە نە دەسووتیٚو نەدەتوێتەوە؟! منیش نە ژاریمار دەمکوژیٚ و نە شیرینی شەکریش  لەمەرگ ڕزگارم دەکات.

به شایەتی خۆت و 12 ژمارەی ئەم گۆڤارە کە خۆیشت بەشێك لە ئەرکەکانت وەئەستۆ گرتوە و ئەنجامت داون، و بە شایەتی ئەم CD یە  کە کورتەی پینج بەش لە فلیمی مەراسم  و ئاهەنگەکانی کردنەوەی یانەی سارای منداڵان کە لە شاری سلێمانی و سەقز و داوێن چیای قەرەخان و لە شاری یۆتیبوری سوێد و شاری سنەدا بەڕێوە براوە و تۆمارکراوە. من  پاش زیاتر لە حەوت ساڵ خۆئامادەکردن بۆ ئەم پڕۆژەیە وێڕای دەیان کۆسپ و تەگەرەی خولقاو لە لایەن نەیارانی سیاسی و خوشك و برا و خوشکەزاو برازا و بەتایبەت تاقانە فرزەندەکەم بە تەحریکی دام و دەزگای ئیتیلاعاتی جەمهوری ئیسلامی خستیانە سەر ڕێگەی پڕۆژەکەم؟! بەڵام من بەئاکامم گەیاندوە.  دوازدەهەمین وەرزنامەی ئەم گۆفارە کە بەزەحمەتی خۆم و ژمارەیەك پشتیوان و هاوکارانم کە خۆت لە سەرووی هەمویانەوە بووی بە ئاکامم گەیاندوە. بەڵام بەداخەوە وێرای خراپکاری و دەست تێوەردانی دام و دەزگای جەمهوری ئیسلامی، لەکارەکانم ئێستا گرفتاریەکی ڕۆحیم بۆ خولقاوە، ئەویش وەزعی نالەباری جسمی و ڕۆحی دادامینە.

دادامینێك كه ماوه‌ی دووساڵه له‌كاتی هه‌ستكردنم به‌ ئاسایشی وجوودی خۆم، خانه‌خوێیه‌كی (مووه‌قت) و كاتی و ئه‌من و ئه‌مانم بوو: بۆ خۆت ده‌زانی كه بڕیاربوو من كاره‌كانم سه‌قامگیركه‌م و بڕۆمه‌وه كوردستانی عیراق بۆهه‌میشه له‌وێ بمێنمه‌وه. كاره‌كانم به‌ده‌ستی خۆم ئه‌نجام بده‌م. به‌داخه‌وه ئیستا كه گشت كاره‌كانی ئێره‌م كراوه‌ و ئاماده‌ی سه‌فه‌رم. دادامین ئاوایه‌ كه ده‌یبینی.

پ = ئایا، هۆی چیه كه تۆ هێنده به‌م وه‌زعه‌ی دادامینه‌وه نیگه‌ران و به‌ده‌ربه‌ستیت.

و = وه‌ك به ڕاشكاوی وتم دادامین و ماڵه‌كه‌ی بۆ ماوه‌ی زیاتر له دووساڵ په‌ناگایه‌كی ئه‌من و ئه‌مانی ڕۆح جه‌سته‌ی من بووه. بۆ خۆت شاهیدی من بڕیارم دابوو له گونده چكۆله‌ی چیچیخوار، یانه‌ی منداڵان و ساڵمه‌ندان پێك بێنم. ئیستا ساڵمه‌ندێك كه خزمیشمه و خزمه‌تیشی به‌منكردوه له پێشچاومدا ئاوا زار و زه‌لیل بێت. ئایا منیش له ناخمه‌وه بۆی نیگه‌ران نه‌بم و خه‌می نه‌خۆم؟! كه‌واته منیش ئه‌و مه‌له خۆشڕه‌نگ و خۆشئاوازه ئه‌فسانه‌ییه‌ی ناو چیرۆكی موعجیزه‌ی پێغه‌مبه‌ر و ئه‌سحابه‌كه‌ییم؟!

پ = ڕه‌نگه دادامین به مانگ و به‌ساڵ به‌م حاڵه‌ته‌وه بمێنێ؟ جگه خه‌مخواردنی عاتفی تۆ چیت له ده‌ست دێ و ده‌ته‌وێ چی بكه‌ی؟

و = من بۆماوه‌ی دوو مانگه به‌م حاڵه‌ته له‌پێكه‌وتوییه‌وه خزمه‌تمكردو تا ئێره هێناومه. به‌ڵام ئیستا جگه له‌م موئه‌سسه نه‌خۆشخانه‌یه زیاتر، په‌رستاری كردنی له توانای كه‌سدا نیه .

پ = مه‌سه‌له‌ی سه‌فه‌ره‌كه‌ت بۆ كوردستان تا له‌م هه‌لو مه‌رجه‌دا كه خه‌ڵكی عێراق تێی چه‌قیون و ئه‌منیه‌ت بۆ كه‌س نیه. هه‌تتا بۆ خوداوه‌ندی ئه‌و تۆره ئه‌هریمه‌نیه‌یش كه خۆت له ته‌حلیله‌كانتدا باست لێكردوه. بڕیاری چوونه‌وه‌ت بۆ كوردستان چۆن ده‌بینی؟ ناترسی تیرۆرت كه‌ن؟

و = ده‌توانم بڵێم منیش وه‌ك ملیۆنه‌ها مرۆڤی خه‌باتكار كه ئامانجێك به پیرۆزی ده‌زانن، قه‌ت له مه‌رگ نه‌ترساوم. به‌ڵام ته‌نیا له‌م سێ‌چوارساڵانه‌ی دوایییه‌دا له سوێد ترساوم. له‌ترسی ئه‌وه‌ی ئه‌و به‌رنامانه‌ی ساڵیانێك له مێشكمدا خولقاندبوم. نه‌كا نه‌توانم به‌ئاكامیان بگه‌یه‌نم. ئیستا كه به پێی توانام كاره‌كانم به‌ئاكام گه‌یاندوه ئیتر نه‌ك ناترسم به‌ڵكو مه‌رگم به پیلانی دوژمنانی بیروباوه‌ڕم به پیرۆز ده‌زانم. ئه‌گه‌ر مه‌رگ ماوڵم بدات، ئه‌و سه‌فه‌ره له سه‌رله‌وحه‌ی به‌رنامه‌كانی دواسات و كاته‌كانی ته‌مه‌نمدا داناوه.

ئازیزان ده‌توانن به‌م ژماره ته‌له فۆنانه په‌یوه‌ندیمان پێوه بكه‌ن تا گشت به‌رهه‌مه كان له‌سه‌ر ته‌نیا سێ CD دا بۆتان بنێرم.

TEL: +46(0) 31. 330 20 30 031 73 714 10 55



ئاسـۆ بیاره‌یی
20003-10-1

## نـــامه‌یه‌كی بچكۆلـــه

به‌هارێكی ساوا، وه‌كو ته‌مه‌نت،گوڵاڵه‌ی نه‌ورۆز تازه تیایدا ده‌پشكوا. ئه‌وه‌ی له‌تۆ دوور بوو خه‌مبوو،ئه‌وه‌ی دڵی تۆ و كه‌نیشكه‌كانی تری خۆش ده‌كرد، ژیان و ئاواتی ئاگره نه‌مره‌كه‌ی بابا گورگوڕبوو، كه له‌ناخی خاكه‌وه مزگینی شادی و تینی به شارده‌دا.

هاتی ده‌م به‌پێكه‌نین و له‌ناو له‌پی ده‌ستدا، چه‌پكه ووشه‌ی نامه‌یه‌كی كوردی بوو، كه‌نه‌ده‌زانی چی تێدا نووسراوه،
دایه! فڵان ئه‌م پاكه‌ته‌ی پێداوم،
دایه! نازانم ئه‌و كوره چیده‌وێ..
ته‌نانه‌ت دایكیشت ڕازی ئه‌و ووشانه‌ی بۆ نه‌خوێندرایه‌وه، برا گه‌وره‌كه‌ت كه جارێك له‌جاران ڕێی كه‌وتبووه باخی ئه‌ڤین، وای بۆ چو ،كه تۆش له یه‌كێ له‌و باخانه، مێرخاسێك جێی ژوانی پێداوی.
دایكت وه‌ك قه‌ڵای شار، هه‌ستایه سه‌رپێیان،
كه‌وته پرسینه‌وه..؟؟؟
كچی من! دڵت به كێ داوه؟
باوكت برازنێ چونی قوتابخانه‌شت لێده‌بڕی..
خه‌نده‌ت ده‌كات به گریان..
پرسی، كام لاوی گه‌ره‌ك دڵتی فریوداوه؟
تۆ ئاگات له‌هیچ نه‌بوو، پێكه‌نینت ده‌هات..
تا ده‌هات زریانی قینی دایكت، گوێ كانتی كه‌ڕده‌كرد.
تۆش، دایه! به‌خوای من تۆ، ئاگام له هیچ نییه.

كات هات و چوو..
براكه‌ت زنجیرێكی له نه‌ریت و ئاین بۆ دروستكردی, ڕۆژان لێژاكا،ماڵ، گه‌ره‌ك و براده‌ركانت لێ بوو به‌ته‌وقێكی گه‌وره.
دایكت ووتی:
كچی من ده‌بێ له فرێشته پاكتربێ، خاوێنترین كیژی ئه‌م دونیایه بێت.
كات هات و چوو
بویته دایك و هێشتا چیژی دڵداری نازانی چییه.
هێشتا ناوی ژوان و ده‌سته‌ملان
نه‌كه‌وتووته ناو فه‌رهه‌نگی جیهانته‌وه.
ئێستاش، به سۆی برانی ڕازی ئه‌و نامه چكۆله‌یه چی بوو كه تۆی له پیری ئاشقان داپران.

چیرۆكه هۆنراوه‌ی كیژێكی شاری بابا گورگوره، كه لاوێكی كورد نامه‌یه‌ك به‌كوردی بۆ ده‌نوسێت و له به‌رئه‌وه‌ی كوردی نازانی بخوێنێته‌وه، پیشانی براكه‌ی و دایكی ده‌دات. ئه‌وانیش لێی توره‌ده‌بن و هاتوچۆی ده‌ره‌وه‌ی لێده‌برن.

# وتـــاری چـــارلی چاپلین
# له فیلمی دیکتاتۆری گەورەدا



دیکتاتۆرەکـان دەمـرن، و ئـەو دەسـتەڵاتەی لە خەڵکیان زەوتـکردووە دەگەڕێتەوە بـۆخەڵک.

من بەداخەوەم ئەمما ناتوانم ببمە ئیمپراتۆر؟ ئیمپراتۆریەت کاری من نیە، من نامەوی دەستوور بە کەسێك بدەم، یا شوێنێك داگیر کەم. ئاواتم ئەوەیە ئیمکانم هەبێ؟ یارمەتی هەمووکەس بدەم. یەهوودی، بێدین، ڕەش و سپی. ئێمە گەرەکمانە یارمەتیدەری یەکتری بین، شێوەی مرۆڤ، وایە. ئێمە ئەمانەوێ لە شادیو بەشارەتی یەکتریدا هاوبەشبین. نەك لە دەرد و ڕەنج مەینەتی یەکتریدا. ئێمە نامانەوێ ڕقمان لەیەك بێت و تیتاڵی بەیەکتری بکەین. لەم دنیایەدا سەرپەنایەك بۆ هەمووکەس دەسدەکەوێ، ئاوو هەوا زەوی وزاری پڕ پیت و بەرەکەت هێندە زۆرە خواردەمەنی بۆ گشت گیانلەبەرانی سەر گۆی زوی بەرهەمدێت شێوەی ژیان دەکرێ جوان و سەربەست بێت. بەڵام ئێمە ڕێگامان ونکردوە.

تەماع و چاوچنۆکی، ڕۆحی مرۆڤی ژاراوی کردوە. دنیای پڕکردوە لە نەفرەت. ئێمەی لە بەحری بوغز و کینەدا نوقم و نوغرۆ کردوە. گەرچی ئێمە بە پەلە سەرکەوتووین، بەڵام خۆمان زیندانی کردوە. گەرچی مەکینە و ماشینی بەرهەم هێنان، بە شێوەکی سەر سوڕهێنەر بەرهەمەکانیان کەڵکە کردوە. زانست ئێمەی بەدگومان کردوە، هەست و هۆشیان دیژوار کردووین. ئێمە بیر کردنەوەمان کەمە و ئیحساسمان زۆر. ئێمە زیاتر لە ماشین و مەکینە پێویستمان بە مرۆڤایەتیە. زیاتر لە هۆش، پێویستمان بە میهرەبانی و هیمنایەتی هەیە. بەبێ ئەمانە کەیفیەتی ژیان، توخس و توورە دەبێو هەموو شتێکی لەکیس دەچێ.

فرۆکە و ڕادیو، ئێمەی لێك نزیك کردوتەوە. بناغەی سروشتی ئەم داهێنانە، بە هەموو هێزی بانگەواز بەگویچکەی مرۆڤدا دەچڕێ. بۆ برایەتی و یەکگرتنی هەموو ئێمە هاوار دەکات. هەتتا هەر ئیستاکە ئەم دەنگەی من دەگاتە گوێی ملوینەها خەڵکی دنیا. ملوێنەها ژن و پیاو و منداڵی بێهیوا، قوربانیانی سیستەمێك کە هۆکاری سەرەکی زەجر و شکەنجەی خەڵکانی بێتاوان کە ڕەوانەی ناو بەندیخانەکان دەکرێن.

بەو کەسانە دەڵێم کە گوێیان لە دەنگی منە."بێهیوا مەبن" ئەوەی ئێمە ئازار دەدات، بەرهەمی تەماع و چاوچنۆکی ئەو مرۆڤە تەماحاویانەیە کە لە شارێگەی پیشرفتی مرۆڤایەتی دەترسن. ڕق و کینەی مرۆڤ، تێدەپەڕێت و دیکتاتۆرەکانیش دەمرن، ئەو دەستەڵاتەی لە خەڵکی زەوت دەکەن، دەگەڕێتەوە بۆخەڵك و تا ئەو کاتەی مرۆڤەکان دەمرن، ئازادی بەفەنا ناچێت.

ئێوە ئەی سەربازان: خۆتان مەدەنە دەستی حەیوانسفەتانەوە، ئەو کەسانەی تیتاڵیتان پێدەکەن. دەتانخەنە ناو تەڵە و تەزویرەوزە، ئەوکەسانەی کارو ژیانتان کونترۆڵ دەکەن و پێتاندەڵێن چی بکەن و چۆن بیربکەنەوە وچی بپۆشن و چی بنۆشن. دەتان نێنە بارمتە و گرێو، وەك حەیوان لێتان دەخوڕن و وەك گوللە بەکارتان دێنن. تەسلیمی مرۆڤی ناسروشتی ماشینیمەبن. پیاوانی ماشینی، دڵی ماشینی! ئێوە ماشین نین! ئیوە گا نین! ئێوە مرۆڤن! ئێوە ئەوینی مرۆڤتان لەدڵدایە. ئێوە بوغزاوی نین، ئەوانەی بێئەوینن، بوونەوەرێکی سروشتی نین ، دەروونیان پڕە لە ڕق و کین.

سەربازان: بۆ کۆیللەیی تێمەکۆشن! بۆ ئازادی بجەنگن! لە بەشی حەڤدەهەمی سونەتی لۆك دا نووسراوە" کەوشەنی خوداوەند لە میانەی مرۆڤدایە" نە یەك مرۆڤ و نە گروپێك لە مرۆڤ، بەڵکو هەموو مرۆڤایەتی، ئێوە کەسانی بە توانان، تواناپەك کە ماشین دەرووست دەکات، تواناپەك کە شادی فەراهەم بکات. ئێوە کە تواناتان هەیە ژیان ئازاد و ڕازاوە بکەن، تاکوئەم ژیانە پڕ داهێنان بکەن.

ئەمجار بەناوی دیموکراسی، ئیجازە بدەن لەو توانایە کەڵك وەرگرین! یەکبگرین. هەموو! لە پێناو دنیایەکی نوێ خەباتبکەین، دنیایەکی ڕازاوە کە ڕێگەدەدات بە هەموومرۆڤەکان کاربکەن" کە بە ئێوە ئاینده، ئاسایشی خانە نشینی و تەمەن درێژی دەدات. بەم بەڵێنانە، *ئەو بەد ئیخلاقانە* بە دەستەڵات دەگەن بەڵام دروزدەکەن. ئەوان بە بەڵێنەکانی خۆیان کارناکەن، هەرگیزیش نایکەن. دیکتاتۆرەکان خۆیان ئازاددەکەن بەڵام خەڵکی کۆیلەدەکەن. ئێستا خەبات بکەین بۆ گەیشتن بەو بەڵینانە! دەبێت خەبات بکەین بۆ ئازادکردنی دنیا، لەپێناو لابردنی ئاستەنگەکان، بۆ نەهێشتنی نەفرەت تەماح ، بێ سەبر و حەوسەلەیی. خەبات بکەین لە پێناو جیهانێکی لوژیکی، جیهانێك کە زانست و پێشرەوی لە پێناو شادی بەشارەتی مروڤدا ئەنجام بدرێت.

سەربازان بەناوی دیموکراسیەوە یەکبگرین

هانا، دەنگی من دەبیستێ؟ لە هەر کوێ هەن سەیرکەن، هانا: هەورەکان داچمیون، ڕۆژ دەدرەوشێتەوە. ئێمە لە تاریکییەوە بەرەو ڕووناکی دەڕۆین، ئێمە دەچینە جیهانێکی نوێوە. دنیایەکی ئاسوودەتر، ئەو شوێنەی کە مرۆڤ، بەسەر، نەفرەت و تەماح و حەیوان سیفەتی خۆیدا زاڵ دەبێت.

سەیرکەن هانا: گیانی مرۆڤ باڵی گرتووە و هەڵدەفڕێ، لەشەقەی باڵ دەدات، بەرەو پەلکە زێڕینە لە شەقەی باڵ دەدات؟ بەرەو نوری هیوا، بەرەو ئایندە، ئاییندەیەکی بەشکۆ تایبەت، بەتۆ، بە ئەو، و بەمن و هەموو ئێمە. سەیرکەن هانا، سەیرکەن!

سوپاس بۆ سەردار عەبدولا، سەرنووسەری گۆڤاری کاریکاتێر کە ئەم وتارە بەنرخەی چارلیچاپلینی لە سایتی ئیران تریبوون دابەزاندوە و لە فارسیەوە وەری گێراوە و بۆیناردوم داوای لێکردم پێدا بچمەوە و لە گۆڤاری جیهانی منداڵانیشدا بڵاوی کەمەوە 29/ 12 / 2004

عەلی کیتابی

| ناوەکان | مانگ | مانگانە | میواندارى و... | کۆى خەرجەکان |
|---|---|---|---|---|
| 1ـ مریەم نەقشبەندى<br>2ـ شنۆ عەلیمورادى<br>3ـ ئانیتاعەبدى<br>4ـ شەمسى مەجیدى<br>5ـ هۆزان<br>6ـ سۆزان | خەرامانان | 10/000<br>//<br>//<br>//<br>//<br>// | گەڕان و لێکۆڵینەوەى ژیان و گوزەرانى بنەماڵەکان...   ئاهەنگى کردنەوەى یانەى سارا<br>میواندارى و بەر پاکردنى جێژن خواردە مەنى وکرێ ماشین<br>80000 | 140/000 |
| 1ـ مریەم<br>2ـ شنۆ<br>3ـ ئانیتا<br>4ـ موحەممەد رەزا شاوەیسى<br>5ـ هۆزان<br>6ـ سۆزان | رەزبەڕ | 10/000<br>//<br>//<br>//<br>//<br>// | میواندارى و بانگهێشتن دوو هەفتانە<br>خواردەمەنى و کرێ ماشین و...<br>55000 | 115000 |
| 1ـ مریەم<br>2ـ شنۆ<br>3ـ ئانیتا<br>4ـ موحەممەد رەزا<br>5ـ هۆزان<br>6ـ سۆزان | خەزەڵوەر | 10/000<br>//<br>//<br>//<br>//<br>// | میواندارى و بانگهێشتن دوو هەفتانە<br>خواردە مەنى و کرێ ماشین و...<br>55000 | 115000 |
| 1ـ مریەم<br>2ـ شنۆ<br>3ـ ئانیتا<br>4ـ موحومەد  رەزا<br>5ـ هۆزان<br>6ـ سۆزان | سەرماوەز | 12/000<br>//<br>//<br>//<br>//<br>// | میواندارى و بانگهێشتى دووهەفتانە .<br>خواردەمەنى و کرێ ماشین و...<br>55000 | 127000 |

پێویستەئەوەش بڵێم کەبۆمیوانداریەکان، پرشنگ و دایکى هەندێ لەمنداڵەکان دەعوەت دەکەین.
جگەلەبڕێ وردەخەرج کەپێویست بەنووسین ناکا هەندێ دانەوێڵەمان بۆمریەم و موحەممەد کڕیوە پێمان داون .   لەگەڵ رێزوسپاسى یانەى ساراى منالانى سنە   دایکى هەژار  15-12-2004

# Barnens Värld

***Om barnens livsvillkor världen över***
***Barnhem i Saqis & Sene***




**Nr - 12**

# 1-1-2005

Ali Ketabi
C/O Shihab Manmy **Bankgiro 5469-4922** shihab.manmy@comhem.se
Fjäderharvsgatan 17
424 66 Angered, SWEDEN. Tel: +46 (0) 31-3302030
**ISSN 1651-5188**


منداڵانی کوردستان، منداڵانی نێو کێڵگەکانی مین، ساڵی نوێتان پیرۆز!
sardar@telia.com
SARDAR